دکتۆر فوئاد زەکەرییا

# کێرکەگارد
# لە نێوان باوەڕ و ئەقڵدا

## کۆمەڵەوتاری ڕەخنەیی



سامان عەلی کردوویە بە کوردی

2024

## پێڕست

-له‌ بریی پێشه‌كی ...  ل٣
-سۆرین كێركه‌گارد له‌ نێوان باوه‌ڕ و ئه‌قڵدا ... ل٦
-دوو ئه‌فسانه‌ سه‌باره‌ت به‌ فه‌رمانڕه‌وایان و ده‌ستوپێوه‌ندان ... ل٢٠
-مسته‌فا مه‌حموود له‌ نێوان ماركسیزم و ئیسلامدا ... ل٤١
-شۆڕش و یاخیبوون لای ئه‌لبێر كامۆ ... ل٦٦
-كێ ئاكاری دروست كردووه‌؟ ... ل٩٣

# لە بریی پێشەکی

دکتۆر فوئاد زەکەرییا (١٩٢٧-٢٠١٠) لای خوێنەرانی کورد نووسەرێکی نەناسراوە، وەکو تر لای خوێنەرانی عەرەب نووسەرێکی ئاشنایە و کەسایەتییەکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆی خەڵکی میسر و بیرمەندێکی بەناوبانگی عەرەبە، بە درێژایی ژیانی هزریی خۆی، بەرگری لە ئازادی و زانست و ئەقڵ و ماف و جوانی کردووە، لەو پێناوەشدا چەندین شەڕی توندی هزریی لەگەڵ ئەزهەر و پیاوانی ئاییندا کردووە، دیارترینیان شەڕە بەناوبانگەکەیەتی لەگەڵ شێخ محەمەد متوەللی شەعراوی. وەک وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەیەکی دروشمی "ئیسلام چارەسەرە"ش کە بزاوت و کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە ماوەی ژیانی سیاسیی میسردا بەرزیان دەکردەوە، دکتۆر وەک ئایکۆنێکی بیری پێشکەوتنخواز و عەلمانییەت، دروشمی "عەلمانییەت چارەسەرە"ی بەرز کردەوە.

دکتۆر فوئاد زەکەرییا نووسەرێکی چالاک و وەرگێڕێکی چوست و پڕ بەرهەمە، خاوەنی دەیان کتێبی نووسراو و وەرگێڕدراوە، سەرەتای کاری نووسینیشی بۆ هەرەتی لاوی لە دەیەی پەنجای سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە، کتێبەکەی سەبارەت بە (نیتچە) کە لە ساڵی١٩٥٦دا بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها کتێبەکەی سەبارەت بە (سپینۆزا) کە لە ساڵانی شەستدا بڵاوی کردووەتەوە، لەپاڵ ناونیشانی لە نموونەی (تیۆری زانین و هەڵوێستی سروشتیی مرۆڤ) و (مرۆڤ و ژیار) و (چەند بۆچوونێکی ڕەخنەیی سەبارەت بە کێشەکانی هزر و کولتوور) و (بیرکردنەوەی زانستی) و (گوتارێک بۆ ئەقڵی عەرەبی) و (بانگەوازی ئیسلامی لە تەرازووی ئەقڵدا) لە دیارترین کتێبە

نووسراوەکانین، لە کایەی وەرگێڕانیشدا لەنێو ڕۆشنبیریی عەرەبییدا شوێندەستی دیارە و بە وەرگێڕانی کتێبی نووسەرانی بەرچاوی خۆرئاوای لە نموونەی ڕایشنباخ و مارکۆزە و هاوزەر و ڕوسێڵ، خزمەتی زۆر و گەورەی کردووە.
ئەو وتارانەی لەنێو ئەم کتێبەدا هەن، ژمارەیەک وتاری ڕەخنەیین دکتۆر فوئاد زەکەرییا لە ماوە و سەردەمی جیاوازی ژیانی خۆیدا نووسیوونی و، کاتی خۆی لەنێو هەندێک لە گۆڤارە عەرەبییەکانی ئەو ڕۆژگارەدا بڵاوی کردوونەتەوە، لەبەر گرنگیی وتارەکان و لە سۆنگەی هەستکردنمان بە بایەخ و پێویستیی بوونیان بە زمانی کوردی و بۆ سوود و خزمەتی کتێبخانە و ڕۆشنبیریی کوردی، وەرمانگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

# (١)
# سۆرین کێرکەگارد[1]
# لە نێوان باوەڕ و ئەقڵدا

**ئایا سەرهەڵدانی بوونگەرایی لای هەندێک بیریاری خاوەن ئەزموونی قووڵی ئایینی، تەنها ڕێکەوتێکی پەتی بوو، یان لە نێوان بوونگەرایی و ئایینگەراییدا، وەک بنچینە و وەک سروشتیش، پەیوەندییەکی بنەڕەتی هەیە؟ بوونگەرایی، وەک هێما و ئاماژە، لەنێو نووسینەکانی پاسکاڵ و، وەک لێدوان و لەبارەوە قسەکردن، لەنێو نووسینەکانی کێرکەگارددا، پەیدا بوو، هەریەک لەو دوو کەسایەتییەش، ئەزموونی ئایینیی بەناوبانگی خۆیان هەیە، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە بواری ڕاستەقینە و، ئەو بوارەی لە بنچینەدا بوونگەرایی تیادا سەری هەڵدا تاوەکو تێیدا بژی، بواری ئەزموونە ئایینییەکانە؟ لەنێو ئەم وتارەدا، هەوڵێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەیە، لە ڕێگای بوونگەراییەکەی کێرکەگاردەوە، ئەگەر وەڵامەکەش بە ئەرێ بوو، ئەو کات با سەرلەنوێ ئەم پرسیارە لە خۆمان**

---

[1] - سۆرین کێرکەگارد (١٨١٣- ١٨٥٥) فەیلەسووف و بیریارێکی ئایینیی دانیمارکییە. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەرایی لە قەڵەم دەدرێت. بەرهەمی فرە و زۆرن بەڵام (پارچە فەلسەفییەکان) کە لە ساڵی ١٨٤٤دا بڵاوی کردووەتەوە و (چەند وێستگەیەک لەسەر ڕێگای ژیان) کە لە ساڵی١٨٤٥دا بڵاوی کردووەتەوە، بە دووان لە گرنگترین بەرهەمەکانی دادەنرێن.

**بکەینەوە: ئایا بوونگەرایی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوو، کە پتر لە هەر لایەنێکی تر بۆ ئەو لەبار و گونجاوە، یان شکستی خوارد؟ ئەگەر شکستیشی خواردووە تیایدا، لەپاش ئەوە چ شتێکی بۆ دەمێنێتەوە؟**

## ئەقڵگەرایی و خودا!

لەنێو هەر دێڕێک لە نووسینەکانی کێرکەگارددا، مرۆڤ هەست دەکات نووسەرەکەی باوەڕدارە و، باوەڕدارێکی زرنگیشە، دەیەوێت هێندەی لە توانایدا هەیە، نەکەوێتە نێو ئەو چەوتییانەوە کە دەشێت باوەڕداری بەپەرۆش تێی بکەوێت، چونکە کاتێک بەسەر هەر هزرێک لە هزرەکانی کێرکەگارددا دەکەویت، دەبینیت ئامانجی ئەو هزرە، بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پاڵپشتیکردنە لە باوەڕ. ڕاستە کێرکەگارد لەنێو نووسینەکانیدا، لە چەندین بابەتی جیاوازی کۆڵیوونەتەوە، لە نموونەی ئەزموونە تەواو تایبەتەکانی خۆی و داوەریکردنی گشتیی شارستانیی سەردەمی خۆی، بەڵام هەموو ئەو بابەتانە، ئەو پرشنگە زۆر و فرانە بوون، کە دواجار لە مۆڵگەیەکدا کۆ دەبنەوە ناوی باوەڕە. لەبەر ئەوەی هێرش و پەلامارەکانی کێرکەگارد، بۆ سەر گیانی ئەقڵگەرایی لەڕادەبەدەری سەردەمەکەی خۆی، لەپێناو بەرگریکردن لە باوەڕدا بوو، هەروەها ئەو هێرشەشی لەپێناو بەرگریکردن لە باوەڕ بوو، کە کردییە سەر فەلسەفە و زانست و مرۆڤی نوێ بە شێوەیەکی گشتی، تەنانەت ئەزموونە تایبەتەکەی خۆیشی، تەنها لەبەر ئەوە ئەو شەقڵە دانسقە و دەگمەنەی وەرگرت، چونکە کردی بە بابەتێک بۆ باوەڕ و، لە بازنەی بەش و تایبەت هێنایە دەرەوە، تا لە ڕێگایەوە، لە تێکڕای گەردوون

بڕوانێت و، هەروەها لە ڕێگایەوە، ژیانی خۆی و ژیانی خەڵکیش بسەنگێنێت.
لەڕاستییدا، ئەرکی کێرکەگارد لەو بارەیەوە ئاسان نەبوو، چونکە وەک گوتم، ئەو تەنها باوەڕدار نەبوو، بەڵکو باوەڕدارێکی ژیریش بوو، باوەڕداری ژیریش، قایل نابێت تا ئەو سنووره پەلکێشی تەوژمی کەفوکوڵ و خرۆشی ئایینگەرایی ببێت، کە لە کۆتاییدا وای لێ دەکات بابەتەکانی باوەڕەکەی، بەو شێوەیەی کە دەقی ئایینی وێنایان دەکات، ددان پێدا بنێت. لەبەر ئەوەی پابەندبوون بەو تێگەیشتنە ئەقڵییەی بابەتەکانی باوەڕەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی کۆی بونیادەکە، هزری ئەورووپییش پێش کێرکەگارد، هەنگاوێکی گەورەی بەو ئاراستەیەدا هەڵهێنا، لەو بە درۆ خستنەوەیەوە سەری دەرکرد کە ئیمانوێل کانت بەڵگە ئەقڵییەکانی بوونی خودای بە چەشنێک بە درۆ خستنەوە، کە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی کاری نەکردە بوو، لەبەر ئەوە دەبوو ئەو باوەڕدارە ژیرە، کە پێ بە پێ لەگەڵ هەوڵەکانی ئەقڵ بۆ سەلماندنی بابەتەکانی باوەڕدا ڕۆیشت و، شکستخواردنی ئەو هەوڵانەی بە چاوی خۆی بینی، دەبوو ڕێگایەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە- ڕێگایەک کە ئەم گوتەیەی پاسکاڵ بۆ خۆی دەکات بە دروشمێک: "دڵ بەڵگەی خۆی هەن، کە ئەقڵ بەبێ ئەوان دەسەوسانە"، چونکە ئەو دڵنیایە لەوەی، گرتنەبەری ڕێگا کۆنەکە، ئەویش بە هەمان شێوە دووچاری شکست دەکات. ئەویش ڕازی نابێت باوەڕەکەی بەو سەرەنجامە بگات، کەواتە پێویستە لەسەری، ڕێگایەکی تر تاقی بکاتەوە.
قۆناغی یەکەمی ئەزموونەکەی کێرکەگارد، بە ئەنجامێکی بێ چەند و چوون کۆتایی دێت کە ئەمەیە: ئەگەر پابەندی ئەقڵ ببم، باوەڕ هەرەس پێ دەهێنم. ئێمە نازانین ئایا ئەو ئەنجامە،

بەبێ چەند و چوون دەبێتە هۆی هێرش کردنە سەر ئەقڵ، بەو چەشنەی کێرکەگارد کردی، یان دەبێتە هۆی هێرشکردنە سەر باوەڕ، لەبەر ئەوەی هەرەسپێهێنانی باوەڕ لە لایەن ئەقڵەوە، مەرج نییە لەناوبردنی ئەقڵگەرایی بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەو چەشنەی کێرکەگارد ویستی، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە باوەڕدا، بەڵام کێرکەگارد، هۆیەکان هەرچییەک بوونایە، قایل نەدەبوو باوەڕەکەی خۆی بکاتە قوربانی، هەر بۆیە هەڵمەت و پەلامارەکانی خۆی، لەسەر ئەو دوژمنە سەرسەختە چڕ کردەوە، کە هەڕەشە لە باوەڕ دەکات، هزرەکەشی، لە شێوەی هەوڵێکی گەورەدا بۆ لەناوبردنی ئەقڵگەرایی و، شوێنگرتنەوەی بابەتێتی بە خودێتی دەر کەوت، ئەو ئەنجامگیرییە ڕاستەوخۆیەش، کە ئێمە دەتوانین لە هەموو ئەو شتانەوە بە دەستی بهێنین، ئەوەیە لە نێوان ئاراستەی خودیی پەتی و ئایینگەراییدا، پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە و، ئەگەر ئامانجی کێرکەگارد ئەوە نەبووایە بەرگری لە باوەڕەکەی خۆی بکات، پەلاماری ئەقڵ و بابەتگەرایی ئەقڵی نەدەدا.

بەم پێیە، ئێمە دەتوانین ئەم دوو هۆکارە بۆ ڕەخنەکردنی ئەقڵگەرایی لای کێرکەگارد بدۆزینەوە: یەکێکیان ئەو هۆ ڕوونەیە کە دەیخاتە ڕوو، ئەوی تریان ئەو هۆ ڕاستەقینەیەیە کە شاراوەیە و لە بۆچوونەکانی هەڵدەهێنجرێت، هەرچی سەبارەت بە هۆ ڕوونەکەیە، بەو جۆرەی کە کێرکەگارد خۆی دەڵێت؛ هەوڵە بۆ قووڵبوونی زیاتر و خواستی ئەوەیە خود بە تەواوی، بەشداریی لە چارەسەری کێشەکانیدا بکات، نەک ئەو ڕووکارە دەرەکییەی کە بە ئەقڵ ناوزەند دەکرێت، چونکە ئامانجی کێرکەگارد ئەوەیە خود لەنێو دۆخێک لە نیگەرانی و سەرسوڕمانی ڕەهادا بمێنێتەوە، کە سەرچاوەی خۆراکە بۆ باوەڕ و پەرۆشتر و پڕخرۆشتری دەکات، لەو سۆنگەیەوە

هێرشی کردووەتە سەر شتێکی بابەتی کە ئەقڵ سەلماندوویەتی.
ئەمە، بەو جۆرەی نووسینەکانی کێرکەگارد دەری دەبڕن، هۆ ڕوونەکەیە، بەڵام هۆیەکی تر هەیە، ئەو نووسینانە هێمای بۆ دەکەن، دژوار نییە بۆ مرۆڤ لەو نووسینانەی هەڵبهێنجێت، کە ئەمەیە: ئەقڵگەرایی و بابەتگەرایی، دەسەڵاتی خودا سنووردار دەکەن، بەم پێیە، پێویستە لەسەر باوەڕداری دڵسۆز، لەناویان بەرێت، لەبەر ئەوەی بوونی بڕێک ڕاستیی بابەتی، واتە بوونی بڕێک ڕاستیی سەربەخۆ لە خودا، کە بە واتایەک لە واتاکان، خودا ملکەچیان دەبێت و، بە هیچ جۆر و لە هیچ بارێکدا، ناتوانێت بیانگۆڕێت یان جڵەویان بگرێتە دەست، ئەگەر تا بە کۆتاش بەو ڕێگایەدا بڕۆین، دەگەینە ئەوەی کە خودا بوونی نییە، چونکە بوونی خودا، پێویستی بەوە هەیە هیچ شتێک تواناکانی سنووردار نەکات، دەسەوسانییەکەیشی لە ئاست ڕاستییەکی دیاریکراودا، بوون و نەبوونی وەک یەک لێ دەکات. بەم پێیە پێویستە مرۆڤ لە نێوان ئەم دوو شتەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێت: بابەتگەرایی، یان دەسەڵاتی ڕەهای خودا، هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانەش، بۆ باوەڕدارێکی وەک کێرکەگارد، کارێکی ئاسان نییە.
بە دەربڕینێکی تر، کاتێک ئەقڵگەرایی لە ڕێگای هەڵمەت و هێرشەکەی کێرکەگارد بۆ سەر ئەقڵگەرایی لە شێوەی ئاراستەیەکدا دەردەکەوێت کە لە ڕووی قووڵییەوە هەژارە، ئەو کەسەی بە وردی نووسینەکانی دەخوێنێتەوە، دەتوانێت ڕاستییەکەیان ببینێت، مەترسییەکی تێدایە هەڕەشە لەو باوەڕە دەکات کە کێرکەگارد پێیەوە پابەندە- مەترسییەکی ڕاستەقینە، کە بە هەر نرخێک هەیە، دەبێت خۆی لێ بپارێزرێت، چونکە لە کۆتاییدا هەڵبژاردنەکە لە لامان ڕوون دەبێت، کە ئەقڵگەرایی، یان خودایە! لێرەشدا، دژوار نییە بۆ ئێمە کە

بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئەریٚ هەر بە ڕاست، هۆکاری ئەو هێرش و هەڵمەتەی کێرکەگارد کردییە سەر ئەقڵگەرایی، بۆ پڕوپووچێتی و سەرپۆتی و ڕووکەشێتیی ئەقڵگەرایی دەگەڕێتەوە، یان بۆ خۆپاراستن بوو لە خراپەی هێزێکی زاڵ، کە هەڕەشەی ڕیشەکێشکردنی باوەڕ لە ڕەگ و ڕیشەکانییەوە دەکات؟! ...

**شێواز ...**

بەم پێیە، ئامانجی کێرکەگارد، لەناوبردنی ئەقڵگەرایی و بابەتگەرایی بوو، لەپێناو بەهێزکردنی باوەڕدا. کەواتە ئەو کارە چی بوو کە کێرکەگارد، بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە کردی؟ کێرکەگارد، لەو پێناوەدا، شێوازێکی تایبەتی گرتە بەر، ئێمە لە سەرەتادا ئاماژە بۆ ئەو شێوازە دەکەین، لەدواییدا دەبێت بپرسین: ئەریٚ هەر بە ڕاست، بە هۆی شێوازە نوێیەکەیەوە، توانی بەرگری لە باوەڕ بکات، یان ئەم شێوازەشی دیسان، شکستی هێنا؟
ئەو شێوازە نوێیە کە کێرکەگارد گرتییە بەر، شێوازی خودگەراییی ڕەهایە، چونکە بانگەوازەکەی کێرکەگارد بۆ مرۆڤ، دەڵێت: ئەگەر ویستت، سەبارەت بە هەر بابەتێک، بگەیتە دڵنیایی، پێویست ناکات بە شوێن سروشتی ئەو شتەدا بگەڕێیت کە دەتەوێت لەبارەیەوە دڵنیا بیت، بەڵکو هێندە بەسە لەو شێوازە ڕابمێنیت و ورد ببیتەوە، کە بە هۆیەوە لەو شتە دڵنیا دەبیتەوە. بە دەربڕینێکی تر، ناوەڕۆکی گوتن، هیچ

نرخێکی نییە، بەڵکو هەموو نرخەکە لەو چۆنێتییەدایە کە بە هۆیەوە دڵنیا دەبیتەوە، واتە ئەوە بابەتی هزرەکە نییە کە ڕاستیی هزرەکە دەسەلمێنێت، بەڵکو ئەوە شێوازەکەی خودە، کە بڕیار لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدات، بەو جۆرە، تەنها جۆش و پەرۆشیی خود، سەرچاوەی هەموو ڕاستییەکە.
لەسەر ئەو بناغەیەش، کێرکەگارد پێی وا بوو پشتیوانیی لە باوەڕ کردووە و، بەهێزی کردووە و، بە پەرژینی خودگەراییی ڕەها، دەورەی داوە، بەو هۆیەشەوە بیرۆکەی خودا، چیی تر پێویستی بە بەڵگەیەکی بابەتیی لەبارەیەوە نەما، بەڵکو هێندە بەسە مرۆڤ بە دڵێکی پاک و پەتییەوە بەرەو ڕووی بڕوات، تا بتوانێت پشتیوانیی لە ڕاستییەکەی بکات، هاوکات کێرکەگارد، بە دەستەواژەیەکی ڕوون، بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: ئەگەر کەسێک کە لە جەرگەی جیهانی مەسیحییدا دەژی، ڕوو لە ماڵی خودا بکات، مەبەستم ماڵی ڕاستەقینەی خودایە، لەنێو زەین و مێشکیشیدا بیرۆکەیەکی دروست سەبارەت بە خودا هەبێت، پاشان نوێژ بکات، بەڵام نوێژەکەی بە دڵێکی ڕاستگۆیانە و پاکەوە نەبێت، ئەگەر کەسێکیش کە بە هەموو هەست و سۆزێکی خۆیەوە لەنێو کۆمەڵێکی بتپەرستدا دەژی، ئەگەرچی چاوەکانی لەسەر وێنەی بتێک ڕوواون، کام لەو دوو کەسە، لە ڕاستییەوە نزیکترن؟ دووەمیان نوێژێکی ڕاستەقینە و نوێژ بۆ خودا دەکات، هەرچەندە بتێک دەپەرستێت، یەکەمیان نوێژێکی ساختە بۆ خودا ڕاستەقینەکە دەکات، چونکە لەڕاستییدا یەکەمیان ئەو کەسەیە کە بتەکە دەپەرستێت.

## بیرۆکەی خودا

ڕەنگە ئێستا سروشتی ئەو بوارەمان بۆ ڕوون بووبێتەوە، کە دەشێت میتۆدی بوونگەرایی بەسەردا جێبەجێ ببێت، واتە میتۆدی خودگەراییی ڕەها، چونکە لە بواری ئایینییدا و، سەبارەت بەو بوارە بەتایبەتی، ئەو چەشنە بۆچوونە بوونگەراییانە دەژین، بیرۆکەی خودایش یەکێکە لە لەبارترین و گونجاوترین ئەو بۆچوونانەی کە دەشێت وەک نموونە بۆ بەکردەییکردنی ئەو میتۆدە خودییە وەربگیرێت، چونکە خودی بیرۆکەکە خۆی هیچ ناوەڕۆکێکی دیاریکراو یان ناوەڕۆکێکی ڕوونی نییە، هیچ کام لە ديندارە پەرۆشەکانیش ناتوانن ئەو چەشنە ناوەڕۆکەی بۆ دیاری بکەن، تەنانەت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بیرۆکەیە لە ڕوانگەی خودی باوەڕدار خۆیدا، ئەوەیە لە سەروو هەموو دیاریکردن و پێناسەیەکەوە بێت، گومانیشی تێدا نییە دڵنیایی ئێمە لەبارەی بیرۆکەیەکەوە کە یەکێک لە سروشتەکانی ئەوەیە هیچ ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی نییە، پێدەچێت تەنها لە شێوازی دڵنیابوونەوەکەمان لەو بیرۆکەیەوە بێت، مادام ناوەڕۆکەکەی دیاری نەکراوە، بە دەربڕینێکی تر، ئەوە خودی سروشتی بیرۆکەی خودا خۆیەتی، بڕیاریدا دڵنیاییمان لەبارەیەوە بۆ پەرۆشیمان بۆ دڵنیابوون لەبارەیەوە بگەڕێتەوە، نەک بۆ بەڵگەیەکی بابەتی لەبارەیەوە، لەو پەرۆشییەیش بترازێت بیرۆکەکە خۆی هیچ قەوارەیەکی نییە، بەم پێیە، شێوازی خودییی ڕەها، زیاتر لە هەر بوارێکی تر، بۆ بواری ئایینی لەبار و گونجاوە، بواری ئایینییش چاکترین بوارە ئەو شێوازەی تێدا پەیڕەو بکرێت.

بەو چەشنە، پێدەچێت کێرکەگارد بە چاکترین شێوە ئەرکەکەی خۆی بە جێ هێنابێت، چونکە ئەو باوەڕدارێکی بەپەرۆشە، دەیەوێت ئەو باوەڕەی خۆی بپارێزێت کە بە بابەتی باوەڕەکەی خۆی هەیەتی، دیارە مەبەستم لە بیرۆکەی خودایە، هەروەها

ئەو باوەڕدارێکی ژیرە، دەزانێت هەوڵە ئەقڵییەکان لەو بوارەدا شکستیان هێنا، هەر بۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەقڵگەرایی و بابەتگەرایی و، بۆ خودی خۆی و بۆ تێکڕای بوونگەراییش لەدوای خۆی، شێوازێکی نوێ دادەنێت کە شێوازی خودگەراییی ڕەهایە.
لەگەڵ ئەوەیشدا، ئایا کێرکەگارد لەو شێوازەیدا سەرکەوتوو بوو؟ لەڕاستییدا خودگەراییی ڕەها چەکێکی دوو سەرەیە، دواجار بە ڕووی هەر کەسێکدا هەڵدەگەڕێتەوە و پێچەوانە دەبێتەوە کە بەکاری دەهێنێت، چونکە لە کاتێکدا کە کێرکەگارد پێی وا بوو گەیشتووەتە لووتکەی باوەڕ، دەبینین بۆچوونەکانی لە گوزارشتکردن لە ترۆپکی بێباوەڕیی زیاتر نین، هەڵبەتە بێ ئەوەی ئەو کارەی دەستئەنقەست بێت! با ئێمە لێرەدا بپرسین: مرۆڤی بێباوەڕ، چۆن لە بیرۆکەی خودا دەڕوانێت؟ تەنها ڕەتی دەداتەوە و هیچی تر، ئەگەرنا ئەو کات بیرکردنەوەکەی سەرپۆت و ڕووکەش دەبێت، لە ڕێگای ئەو شتانەشەوە کە مرۆڤی بێباوەڕ نیەتی و هەوڵیان بۆ دەدات، بیرۆکەی خودا پێک دێت، لە ڕێگای پەرۆشیی مرۆڤیشەوە بۆ دەستخستنی ئەو ئامانجانە و بەدیهێنانی ئەو خواستانە، ئەو بیرۆکەیە دەچەسپێت، بە دەربڕینێکی تر، بیرۆکەکە مرۆییە لەنێو خودەوە هەڵقووڵاوە، لە دەرەوە بۆی نەهاتووە، بە دەربڕینێکی ڕاستتر، بیرۆکەی خودا خوڵقێنراوی مرۆڤە! ئایا ئەوە هەر هەمان شت نییە، کە مرۆڤی بێباوەڕ دەیڵێت؟ بەڵام ئەویش بە هەمان شێوە، هەمان شتە کە کێرکەگاردی باوەڕداری بەپەرۆش، پێی دەگات!

## ئامانجێکی بەیجەڵ[2]!

بەم چەشنە، خودگەراییی ڕەها، لە کۆتاییدا بابەتی باوەڕ لەناو دەبات و، دەیگەیەنێتە پێچەوانەی ئەو ئامانجەی کە شێوازی خودیی لەپێناو بەدیهێنانیدا گرتە بەر، بەڵام ئایا بێجگە لەو بوارە، هیچ بوارێکی تری لەبارتر و گونجاوتر بۆ خودگەراییی ڕەها هەبوو، کە بابەتەکانی هیچ ناوەڕۆکێکی دیاریکراویان نییە و، تیایدا ئەو بابەتانە تەنها بەگوێرەی پەرۆشیی خود بۆ دڵنیابوون لێیان، بڕیار دەدرێت؟ لەڕاستییدا شکستخواردنی بوونگەرایی لە بوارە بنچینەییەکەی خۆیدا، شتێکە پرسیارێکی گرنگ دەبزوێنێت، پێ لە هەموو ئەقڵێک دادەگرێت شوێن قۆناغەکانی گەشەکردنی بوونگەرایی بکەوێت و، بە وردی ئەنجامەکانی تاقی بکاتەوە، پرسیارەکەش ئەمەیە: بوونگەرایی چ شتێکی پێشکەشی مرۆڤ کرد کاتێک داوای لێ کرد شوێن شێوازی خودگەراییی ڕەها بکەوێت؟

هەرچی سەبارەت بە نووسەری ئەم وتارە خۆی هەیە، پێی وایە بوونگەرایی ئامانجێکی بەیجەڵی بۆ خۆی دیاری کرد کاتێک شوێن ئەو شێوازە کەوت ... ڕەنگە هەڵهێنجانی ئەو چەشنە ئەنجامە گشتییە لەو چەند دێڕە کەمەی نێو ئەم وتارەدا، چەشنێک لە پەلەکردن بێت، هەڵبەتە من نکوڵی لەوە ناکەم، چونکە ئەو چەشنە داوەرییکردنە پێویستی بە بەڵگە و سەلماندنی زیاتر هەیە، بەڵام من هیچ گومانێکم نییە لەوەی کە

[2]- بەیجەڵ: نەزۆک.

ئەم وتارە، بەو جۆرەی من پێم وایە، زەمینەسازیی بۆ پاساودانی ئەو ئەنجامە دەکات ... چونکە بوونگەراییی خودیی ئەگەر لەو بوارەدا شکستی خواردبێت کە تیایدا هەموو شتێک بە بەتاویی و بە بەتینیی وزەی خودییەوە بەندە و کە بواری باوەڕە، ئەو کات ڕەخنەکردنی لە تێکڕای بوارەکاندا ئاسانە و، ئەو دەم بۆ مرۆڤ سەخت نییە پاساوی ئەو چەشنە داوەرییکردنە گشتییە بداتەوە ...

**ژێدەر:**
**ژمارە ١٠ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٥ی**
**گۆڤاری (الرسالة الجديدة)**

## (٢)
## دوو ئەفسانە
## سەبارەت بە فەرمانڕەوایان و دەستوپێوەندان

**هەندێک ئەفسانە هەن لەناو خەڵکدا تەشەنەیان سەندووە، بوونی ڕادەیەکی زۆر لە کەموکووڕیی لە هۆشیاریی سیاسییدا دەردەخەن و، بە ڕوونی پەردە لەسەر ئەو جۆرە لەبیرکردنە هەڵدەماڵن، کە مرۆڤی ئاسایی سادەترین بنەماکانی دیموکراسی لەبیر کردووە. دووان لەو ئەفسانانە ئەمانەن:**

**١-ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی کە نازانێت":**

لە یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمی "نیکۆلاس و ئالێکساندرا"دا، کرێکارە هەژارەکان، بە ڕێپێوانێکی ئاشتییخوازانە کە قەشەیەکی ناحەزی توندوتیژیی بە ئەنجامدانی قایلی کردوون، بەرەو کۆشکی تزاری ڕوسیا بە ڕێ دەکەون و، نووسراوێکیان پێیە تیایدا سکاڵای خۆیان و حاڵیان لای فەرمانڕەوا دەکەن. کەژاوەی ڕێپێوانەکە بە ئارامی ڕێ دەکات و، قەشەکە لە پێشی خەڵکەکەوە دەڕوات و، بە درێژایی ڕێگاکەش بەردەوام هەر هاوار دەکات و دەڵێت: "ئاشتییخوازانە هاتووین". لە بەری ئەمبەریشەوە سەربازەکان بە چەکەکانیانەوە وەستاون، کتوپڕ سەربازەکان لە خاڵێکی دیارییکراودا دەست دەکەن بە تەقە کردن لە ڕێپێوانە ئاشتییخوازانەکە، بەو هۆیەشەوە کۆمەڵکوژیی بەناوبانگی "کۆشکی زستانە" لە ساڵی ١٩٠٤دا دەقەومێت. لە کۆتایی دیمەنەکەدا، قەشە واقوڕماوەکە وەستاوە و تەماشای کوژراوەکان و ئەو خوێنە زۆرە دەکات کە ڕژاوە و هاوار دەکات: "نیکۆلاس، ئەی خوێنڕێژی دڕندە!"، لەپاش ئەوە، ڕاستەوخۆ دەچینە سەر دیمەنێکی تر لە کۆشکەکەدا، لەوێ دەبینین تزار وەستاوە و زۆر بە تووڕەیی لە سەرۆک وەزیرانەکەی دەپرسێت: "بۆچی پێتان نەگوتم؟ کێ فەرمانی تەقەکردنی دا؟ بۆچی خەڵکەکەتان کوشت؟"، سەرۆک وەزیرانیش دانایانە وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: "ئەگەر خەڵکەکە بگەیشتنایەتە لای تۆ، وەڵامی داواکارییەکانیانت دەدایەوە؟" کاتێکیش کە، بەو جۆرەی پێشبینی دەکرێت، تزار بە نەرێ وەڵامی سەرۆک وەزیرانەکەی دەداتەوە، سەرۆک وەزیران دەڵێت: "هێشتا دەیشپرسیت کێ بەرپرسیارە؟".

لەو دیمەنانەی سەرەوەدا، کێشەیەکی سەرەکیمان سەبارەت بە فەرمانڕەوایی تاکەکەسیی دیکتاتۆریی، لە هەر سێ گۆشەنیگاکەیەوە پیشان دەدرێت کە ئەمانەن:
١-گەل وەک زۆردار یاخود ستەمکارێک لە فەرمانڕەوا دەڕوانێت.
٢-هەرچی فەرمانڕەوایە، خۆی بە بێتاوان دەزانێت، چونکە نەیزانیوە و لۆمەی چواردەورەکەی خۆی دەکات.
٣-دواجار، دەنگی دانایی دەڵێت؛ فەرمانڕەوا بە هۆی پرەنسیپ و شێوازەکانی فەرمانڕەواییەکەیەوە، بەرپرسیاری ڕاستەقینەیە، بە دەر لە وردەکارییەکان و لەوەی کێ لە ئەنجامدانی فلان و فیسار هەڵەی پچووک بەرپرسیار و تاوانبارە.
لە دەوڵەتانی جیهانی سێ، کە فەرمانڕەوایی تاکەکەسیی ئەو ڕێسا گشتییەیە کە تەنها بڕێک هەڵاوێردی کەمی هەن، ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی کە نازانێت" بڵاوە و، زۆر کات خودی ڕژێمەکە خۆی برەوی پێ دەدات، یان هاوسۆزەکانی ڕەواجی پێ دەدەن، هەروەها خودی فەرمانڕەوایش خۆی ڕەنگە لە کۆتاییدا پەنای بۆ ببات، کاتێک چیی تر ناتوانرێت هەندێک ئابڕووچوونی دارایی یان تاوانی نامرۆڤانە یان ڕەفتاری داپڵۆسێنەرانەی تیرۆریستانە بشاردرێنەوە. ئەو کات دەنگەکان بەرز دەبنەوە و دەڵێن: خودی فەرمانڕەوا خۆی مرۆڤێکی بەبەزەییە، ناخی بە مرۆڤدۆستیی و نیشتمانپەروەریی و ئارەزووی دادگەریی دەجۆشێت و، تەنها بیر لە بەرژەوەندیی گەلەکەی دەکاتەوە، بەڵام خەتا یاخود نەنگییەکە هەمووی لە دەستوپێوەند یان کەسانی چواردەوریدایە. بە شێوەیەکی باویش ئەو دەستوپێوەند و چواردەورە، بەو چەشنە وێنا دەکرێن زۆربەیان بڕێک لەو تاوانکارانەن کە تەنها بە ئەنجامدانی تاوانەکانیان بەس ناکەن،

بەڵکو لە فەرمانڕەوایشی دەشارنەوە و، هەمیشە بارودۆخەکانی بە شێوەیەکی پەمەیی پیشان دەدەن. مادام تەنها خۆیشیان دەتوانن بچنە لای فەرمانڕەوا، فەرمانڕەوا بەردەوام لە ڕەفتارەکانیان کە وێنەکەی لەبەر چاوی خەڵک بە دەر لە مەبەستی خۆی ناشیرین دەکەن، بێ ئاگا دەمێنێتەوە. بەو جۆرە، لە ئەنجامی خراپەکاریی دەستوپێوەندەوە، فەرمانڕەوا ناشیرین و خراپ دەکرێت.

ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی کە نازانێت"، کاتێک تەشەنە دەکات کە لایەنگرانی فەرمانڕەوای تاکەکەس، ناچار دەبن ددان بە بوونی دژبەرییەکی ئاشکرا لە ڕەفتارەکانیدا بنێن و، نەتوانن ئەو دژبەرییە لێک بدەنەوە. چونکە ئەو لە لایەک وەک فەرمانڕەوایەکی نیشتمانپەروەر و خۆڕاگر بەرامبەر بە دوژمنانی نیشتمان دەردەکەوێت، سیاسەتێک پەیڕەو دەکات بەرژەوەندییەکانی "گەل" ئامانجێتی، بەتایبەتی چین و دەستە ڕەنجدەر و زەحمەتکێشەکەی، بەڵام لە لایەکی ترەوە بێسەر و حساب خەڵک زیندانی دەکات و، بێ بەڵگە دەستگیریان دەکات و، هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک سەرکوت دەکات و، لە دەنگی خۆی و کلکەکانی زیاتر، بوار نادات هیچ دەنگێکی تر ببیسترێت-واتە بە کورتی، هەر کاریگەرییەکی شیانیی دەستکەوتە ئەرێنییەکانی خۆی، لە ڕێگای سەپاندنی ئەو دەستکەوتانە لە سەرەوەڕا بەسەر خەڵکدا، لەناو دەبات، لە بریی ئەوەی لێبگەڕێت لە بۆچوونی ئازادی خۆیانەوە هەڵبقوڵێت و، لە سای ڕەزامەندیی و باوەڕهێنانیاندا پاراستن و گرنگیپێدان بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

کەواتە چۆن دەتوانرێت ئەو دژبەرییە لێکبدرێتەوە؟ هەواداری دڵگەرمی فەرمانڕەوای تاکەکەس هیچ ئامرازێک بۆ ڕاڤەکردن نادۆزێتەوە تەنها پەنابردن بە ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی کە نازانێت" نەبێت و، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە شتە باش

و ئەرێنییەکان دەستکردی فەرمانڕەوان و، هەرچی شتە نەرێنیی و خراپەکانیشە، دەستکردی چواردەورەکەین و، ئەو لێیان بێ ئاگایە، یاخود هیچیان لەبارەوە نازانێت، ئەگەر زانیبای ڕێگای بە ڕوودانیان نەدەدا. بەو جۆرە، هەواداری دڵگەرم، بەردەوام نموونە باڵاکەی خۆی لە هەر لەکە و نەنگییەک دەپارێزێت و، بە پاکی دەهێڵێتەوە، بەڵام هەموو تاوان و خراپە و لادانەکان دەداتە پاڵ بێجگە لە خۆی. هەروەها وێنەی فەرمانڕەوای تاکەکەس لە ڕوانگەی پەرستەرەکەیدا، بەردەوام وەک وێنەی ئەو خواوەندە دەمێنێتەوە کە تەنها چاکەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام هەرچی خراپەیەکە، سەرچاوەکەی "ئەهریمەن"ـە.
ڕەنگە ئەم ئەفسانەیە بڕێک دەستکاریی کرابێت، چونکە فەرمانڕەوا چیی تر بەو کەسە نامێنێتەوە کە "بێ ئاگایە"، بەڵکو دەبێتە ئەو کەسەی کە "بێ توانایە". لەم ڕشتە دەستکارییکراوەشدا ئارەزووی فەرمانڕەوایش دیسان هەمیشە ڕووەو چاکە دەبێت، بەڵام ئەوانەی دەوروخولیان داوە بڕێک ڕێکاری ستەمکارانەی بەسەردا دەسەپێنن کە ئەو خۆی لێیان ڕازی نییە، بەڵام لەپێناو ڕەچاوکردنی "هاوسەنگیی هێزەکان" لە دەسەڵاتدا و، دەستەبەری قایلکردنی هەموو لایەنە خاوەن سەنگەکان لەنێو دەستەی فەرمانڕەوادا، ئەو کارە چەند و چوونی نییە و، هەر دەبێت بکرێت، تاکو بزوێنەرەکە بەوپەڕی ئارامی و خێرایی ڕێ بکات. ئیتر بەو چەشنە فەرمانڕەوا وێڕای هێز و زۆرەکەی، ناچار دەبێت بڕێک لە باڵادەستییەکەی بەسەر ئەو دەستوپێوەندەدا دابەش بکات، کە ئەوانیش دیسان خاوەنی بڕێک هێزن و، بۆ هەریەکەیان ئازادی لە "بەش"ی تایبەت بە خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەگەر هەریەکێکیشیان بە خراپی ڕەفتاری کرد، ئەو کات فەرمانڕەوا بەرپرس نییە لەو کارەی کە ئەو کردی، بەڵکو ناچارە لەسەر

"گەمەی هاوسەنگی" بەردەوام بێت، چونکە سەلامەتی و تۆکمەیی دەسەڵات ئەوە دەخوازێت.

**٢-ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی دەست هەڵناگرێت":**

بەرامبەر بەو ئەفسانەیەی یەکەم لە وڵاتانی جیهانی سێ، هەڵبەتە لەنێو ئەو وڵاتانەدا وڵاتە عەرەبییەکانیشمان، ئەفسانەیەکی تر دەردەکەوێت بە ئاراستە پێچەوانەکەدا دەڕوات، بەڵام لە کۆتاییدا هەمان ئەو ئافاتانەی تێدا هەن کە ئەفسانەی پێشوو ئاشکرایان دەکات. ئەم جارە ئامانجەکە بەرگریکردن نییە لە فەرمانڕەوای ڕەها لەو ڕێگایەوە هەموو تاوانەکانی بدرێنە پاڵ دەستوپێوەند، بەڵکو بەرگریکردنە لەو دەستوپێوەندانە لە ڕێگای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی فەرمانڕەوا هیچ شتێکی بۆ نەهێڵراوەتەوە دەستی لێ هەڵبگرێت، چونکە فەرمانڕەوا لێرەدا ئەو کەسەیە جڵەوی هەموو شتێکی لە دەستدایە و، یاریدەدەر- تەنانەت ئەگەر کەسی دووەمیش بێت، هیچ چارێکی تری نییە تەنها بە بێدەنگی چاودێریکردنی ڕووداوەکان نەبێت، لەبەر ئەوەی ڕای ئەو داوا ناکرێت، ئەگەر داوایش بکرێت گوێی لێ ناگیرێت. هەر بۆیە ئەگەر لەو یاریدەدەرە بپرسیت: "ئەو هەموو ستەمە نابینیت؟ تۆیش دیسان بەرپرسیار نیت لەو ستەمانە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من هیچ چارێکم نییە. چونکە ئەوە "کەسە گەورەکە"یە هەموو شتێک دەکات، من بێجگە لە چاودێریکردنی شتەکان بە بێدەنگی، هیچ شتێکی ترم لە ئەستۆ نییە.

لێرەدا هەموو کارە خراپەکان هینی فەرمانڕەوان، کە توانایەکی تەواو و ئاگادارییەکی گشتی هەیە، بەڵام دەستوپێوەند تەواو دەست و پێ سپین، تەنانەت ئەگەر لە پیاوچاکانیش بن

دژایەتیکردنی گەندەڵی لە سەروو وزەیانەوەیە، چونکە هەموو بڕیارەکان لە دەسەڵاتێکەوە دەردەچن هیچ بۆ بێجگە لە خۆی ناهێڵێتەوە. ئاشکرایە ئەم ئەفسانەیە ئاراستەی ئەفسانەکەی تر بەراوەژوو دەکات: چونکە لە دۆخی یەکەمدا فەرمانڕەوا هەمیشە لایەنە باشەکە بوو، بەڵام سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەکە دەستوپێوەندەکە بوون و، فەرمانڕەوا سەبارەت بە کارە خراپەکان بێ ئاگا بوو، بەڵام دەستوپێوەندەکە هەموو شتێکیان لەبارەیەوە دەزانی، چونکە ئەوە ئەوان بوون ئەنجامیان دەدان و، فەرمانڕەوا تەنها گرنگی بە شتە گشتییەکان و، بڕیارە گرنگ و یەکلاکەرەوەکان دەدا. بەڵام لە دۆخی دووەمدا تەنها فەرمانڕەوا خاوەنبڕیار و خودان توانایە و، بەهێزترین دەستوپێوەند بە بەراورد بە ئەو هیچی لە دەست نایەت و، ناتوانێت شتەکە زۆر یان کەم، تەنانەت لە وردەکاریی و بەشەکانیشیدا، بگۆڕێت.

بەڵام ئەو شتەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە هەردوو ئەفسانەکە، وێڕای دژوازییان، زۆر جار وەک ناو لە یەک فەرمانڕەوا دەنرێن. چونکە هەوادارانیان برەو بە ئەفسانەی یەکەم دەدەن و، ڕەنگە وەک باوەڕیش باوەڕیان پێی هێنابێت، ئیتر بیانوو بۆ ئەو هەڵانەی بۆ دەهێننەوە کە هەمیشە دەدرێنە پاڵ دەوروبەرەکەی و، ناحەزانیشی ئەفسانەی دووەم بڵاو دەکەنەوە و، بیانوو بۆ خۆیان دەهێننەوە، چونکە فەرمانڕەوا کە قایل نەدەبوو دەست لە هیچ شتێک هەڵبگرێت، ئاخۆ ڕێی تێ دەچێت هەمان ئەو فەرمانڕەوایە بێت کە ئاگای لە هەموو شتێکە و، ئاگای لە زۆر شتیش نییە؟ ئایا ئەقڵ دەیبڕێت لە یەک کاتدا چاکەخواز و خراپەخواز، میهرەبان و زۆردار، بەشدارییپێکەری ئەوی تر و، زەوتکاری هەموو شتێکیش بێت؟

بەڵام کێشەی ڕاستەقینەی هەردوو ئەفسانەکە تەنها لە دژوازییاندا نییە، بەڵکو هەردووکیان دوو وەژارە[3]ی گەورەن میللەتانمان دووچاریان بوون و، دەشێت دووچاری ببن. لەوەیش خراپتر ئەوەیە هەردوو ئەفسانەکە چیی تر وەک سروشتی شتەکان و پێویستییەکانی سیاسەت دەخرێنە ڕوو و، بە جۆرێک دەگوترێنەوە وەک ئەوەی هەوڵێک بن بۆ ڕاڤەکردنی هەندێک دیاردە، وەک هەندێک دیاردە دەردەکەون لە ڕاڤەکردن بە دەرن، مەبەستیشم لەوە ئەمەیە:
چۆن چۆنی فەرمانڕەوا لە یەک کاتدا نیشتمانپەروەر و ستەمکاریشە؟ ئەی یاریدەدەر، چۆن لە یەک کاتدا چاکەخواز و شایەدی ستەمیشە؟
بەڵام ئایا بە ڕاست، ئەو دوو ئەفسانەیە دەتوانن هیچ شتێک ڕاڤە بکەن؟

## بەرپەرچدانەوەی ئەو وەژارەیە:

ئێمە ناوی "ئەفسانە"مان لەو ڕاڤانە نا کە لە ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایی تاکەکەسیی دەسەڵاتخوازدا بەربڵاو و باون، چونکە لەڕاستییدا لە وەژارەیەکی گەورە زیاتر نییە کە باڵی بەسەر ئەقڵەکاندا کێشاوە و، ڕوانگەیانی بۆ کردەی فەرمانڕەوایی و، پەیوەندیی فەرمانڕەوا لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی و، ئەو کۆمەڵە کە فەرمانڕەوایی دەکات، شێواندووە. لەبەر ئەوەی هەر جارێک پاساوی ئەو چەوتییانە دەدەینەوە کە فەرمانڕەوا تێیانکەوتووە و، دەڵێین بۆیە ئەو چەوتییانە ڕوویاندا چونکە فەرمانڕەوا ئاگادار نەبوو، خۆمان لە خشتە دەبەین و، بوونی کەموکووڕییەک لە بیرکردنەوەماندا

[3] - وەژارە: وەهم-ی عەرەبی.

ئاشکرا دەکەین، هەروەها بەرپرسیارێتیی چەوتییەکان لە هاریکار و یاریدەدەرەکاندا قەتیس دەکەین، یاخود بیانوو بۆ یاریدەدەری فەرمانڕەواکە دەهێنینەوە، لەسەر بنەڕەتی ئەوەی هەردوو دەستی بەسترا بوون، ئیتر بەرپرسیارێتیی چەوتییەکان لە فەرمانڕەوای تاکەکەسدا قەتیس دەکەین کە دەست لە هیچ شتێک هەڵناگرێت.

سادەترین بیرکردنەوە قایلمان دەکات بەوەی فەرمانڕەوای مرۆڤ، نیشتمانپەروەر، کە ژمارەیەک خراپەکار دەوروخولیان داوە، لەڕاستییدا ئەفسانەیە و تەنها لەنێو ئەقڵ و مێشکی مرۆڤە ساویلکەکاندا بوونی هەیە. چونکە فەرمانڕەوا- لەنێو ئەو شێوەیە لە فەرمانڕەوایی تاکڕەو و دەسەڵاتخوازدا- خۆی یاریدەدەرەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و، خۆی توانای گۆڕینیانی هەیە. ئەگەر لە کار و شێوازیان قایل نەبووایە، لە هاریکاریکردنیدا، بۆ تەنها چرکەیەکیش لە پۆستەکانیاندا نەدەمانەوە. یاریدەدەرەکانیشی یان دەبێت وەک خۆی بن، یان دەبێت تەواوکەری خۆی بن لە کردەی دابەشکردنی ڕۆڵەکاندا کە تیایدا ئەو ڕۆڵانەیان پێ دەسپێردرێت لەگەڵ شوێن و پێگەی ئەودا ناگونجێن. ئەو وێنەیەش کە هەندێک کەس لە ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتخواز و دیکتاتۆرییدا سەبارەت بەو فەرمانڕەوایە وێنای دەکەن، ژمارەیەک یاریدەدەری خراپەخواز دەوروخولیان داوە، لەڕاستییدا پارچەکانی ناکۆکن بە یەکدی و، ئەستەمە توخمەکانی پێکەوە کۆ ببنەوە، چونکە دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوا، ئەوە لەسەر فەرمانڕەوا دەکاتە پێویست کە تەنها لە ڕێگای هاوشێوەکانی یان تەواوکارەکانییەوە کار بکات. ئەگەر بشێت مرۆڤ وشەکانی پەندێکی باو هەیە بۆ ئەم بەستێنەمان دەستکاریی بکات، ئەو کات لەو بارەیەوە هاوار دەکات و دەڵێت: "پێمبڵێ کێ هاریکارییت دەکات، منیش پێتدەڵێم تۆ کێیت!".

تەماشاکردنی شتەکان وەک خۆیان یاخود بینینی ڕاستەقینە، دەیسەلمێنێت فەرمانڕەوای دەسەڵاتخواز سەبارەت بە یاریدەدەر و هاریکارانی خۆی، زۆر کات هەموو شتێک "دەزانێت"، هەروەها سەبارەت بەو تاوانانەیشیان هەموو شتێک دەزانێت کە لەنێو زمانەکەماندا کە پەروەردەکردنی دووڕووانە تێهەڵچووەتەوە، بە "لادان" یاخود تەنانەت "سنووربەزاندن" ناودێر دەکرێن، بەڵام چاوپۆشییان لێ دەکات، مادام هاودەمی و خزمەتی ئامانجەکانی دەکەن. بەڵام ئەگەر سەرپێچیی فەرمانەکانی بکەن، ئەو دەم بەڵگەنامە پارێزراوەکان لە چەکمەجەکان دەردەهێنرێن و، ئابڕووچوونەکان دەست پێ دەکەن. بەم جۆرە، لێرەدا فەرمانڕەوا "دەزانێت" بەڵام زانینی خۆی بۆ بەر گرتن بە زیانکەوتن بە گەل بە کار ناهێنێت، بەڵکو لەپێناو تۆکمەترکردنی دەسەڵاتەکەی خۆی و، دەستەبەرکردنی گوێڕایەڵیی یاریدەدەرەکانی بە کار دەهێنێت، واتە لە کۆتاییدا لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا بە کاری دەهێنێت.

بەڵام با وای دابنێین کە فەرمانڕەوا ئاگادار نەبووە، ئایا ئەو ئاگادار نەبوونە لە بەرپرسیارێتی دەیبەخشێت؟ ئەوە ئەو پرسیارە هەرە گەورەیەیە کە بیرکردنەوەی سیاسیی ساویلکانە بە ئەرێ وەڵامی دەداتەوە. بەڵام ڕاستیی پرسەکە ئەوەیە فەرمانڕەوا لە بێئاگایی خۆی بەرپرسیارە، بەم پێیەیش، لە هەموو ئەو زیانانە بەرپرسیارە کە لە ئەنجامی ئەوەدا دەکەونەوە.

ڕژێمە فەرمانڕەواییە دیکتاتۆرییەکان چەندین شێواز بۆ گەیاندنی زانیاریی بە فەرمانڕەوا دادەنێت و دەگرێتە بەر، گومانی تێدا نییە لە کۆتاییدا چەواشەکردن و لادان دروست دەکەن. چونکە ئاگاداریی فەرمانڕەوا لە بارودۆخی وڵات تەنها لە ڕێگای ڕاپۆرتی یاریدەدەران و چواردەور و دەزگا نهێنی و

ئاسایشەکانەوەیە. بەو شێوەیەیش ڕژێمی تاکەکەسیی دیکتاتۆریی، کەسی فەرمانڕەوا ناچار دەکات دیلی دیوارەکانی تیرۆر و تۆقاندنەکەی خۆی بژی، کە چوار دیواری کەڕ و نابیستن، پەنجەرە تاقانەکەی کە بە جیهانی بەرینییەوە دەبەستێت، ئەو ڕاپۆرتە نهێنییانەن کە یاریدەدەرەکان دەینووسن. ئەوە ئەو ڕژێمەیە کە ئەو خۆی دایمەزراندووە و، ڕازی بووە لەسەری و، کارپێکردنی ئاسوودەی دەکات. لەبەر ئەوە ئەو خۆی بەرپرسیارێتییەکی تەواو بەرپرسیارە لەو ئەنجامانەی کە لێی دەکەونەوە. خۆ ئەگەر بیویستایە دەیتوانی لە ڕێگای ڕێگادان بە ئازادیی قسەکردن و ڕەخنەگرتن و بەرهەڵستکارییەوە، دەرگا و پەنجەرەکان بکاتەوە و بیانخاتە سەر پشت، ئەو کات دەتوانێت بە ڕێگا و کەناڵە سروشتییەکانی وەک ڕۆژنامەگەریی ئازاد و کۆبوونەوەی حیزبی بەوپەڕی خواست و ویستی خۆی "بزانێت و ئاگادار بێت" چی لە دەوروخولی دەگوزەرێن، ئیتر چۆن لەدوای هەموو ئەو شتانە ئێمە بێین و بە بیانووی ئەوەی ئاگای لێ نەبووە و نەیزانیوە بچین داکۆکی لێ بکەین؟

ئێوە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان بیستووتانە فەرمانڕەوای دەوڵەتێکی دیموکراسیی لەسەر بناغەی ئەوەی نەیزانیوە و ئاگای لێ نەبووە داوای لێبووردنی لە پای ژمارەیەک هەڵەدا کردبێت، کە لە سەروەختی فەرمانڕەواییەکەیدا ڕوویان داوە؟ ئەی بیستووتانە گەلی دەوڵەتێکی دیموکراسی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە بەهانەی لەو جۆرە ڕازی بووبێت؟ ڕژێمی دیموکراسی زانین و ئاگاداربوون لە فەرمانڕەوا دەخوازێت، هەروەها ئەوەی لێ دەخوازێت کە هێندە دەستەبەر بۆ ئازادیی و سیستمەکانی گەیاندنی زانیاریی دابنێت، بەس و پێویست بن بۆ دەستەبەرکردنی زانینێکی سروشتیی ڕێکخراو سەبارەت بەو شتە باش و خراپانەی لە دەوری ڕوو دەدەن، ئەگەر

ڕۆژێکیش لە ڕۆژان بۆی دەرکەوت کەمتەرخەمیکردنی لە زانینی ئەو شتانەدا کە ڕوو دەدەن بڕێک ئەنجامی مەترسیداری لێ کەوتەوە، پێویستە لەسەری دەسبەجێ لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە و، فەرمانڕەوایی بۆ کەسێکی لە خۆی بەتواناتر بە جێ بهێڵێت.

دەگێڕنەوە شای ئێران باوەڕی بەو خۆپیشاندانە توند و گەرمانە نەدەکرد کە لە دوامانگەکانی کۆتایی فەرمانڕەواییەکەیدا وڵاتەکەی گرتبووەوە. هەروەها دەڵێن؛ کاتێک بیستی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز هەیە، خزمەتکارە پیرەکەی خۆی ناردە سەر جادەکان و نێو خەڵک تاکو بزانێت چی دەگوزەرێت، هەڵبەتە پاش ئەوەی متمانەی بەو ڕاپۆرتانە نەما کە "ساڤاک" بۆیان دەنارد. سەروەختێک کە بە هێلیکۆپتەر گەڕانێکی کرد و بینی لە شەقامەکان خۆپیشاندانی گەرمە، بە سەرسوڕمانەوە لە فڕۆکەوانەکەی پرسی: "ئەو خەڵکە لە دژی من خۆپیشاندان دەکەن؟" (بڕوانە: محەمەد حەسەنێن هەیکەل: "مدافع آیة الله" وتاری ژمارە١١- ڕۆژنامەی "الوطن"ی کووەیتی، ڕۆژی ١٩٨١/١١/٢).

خوێنەری بەڕێز، تۆیش لەگەڵ مندا سەرنج بدە ئەو چەند دێڕە کەمە چەند پڕ لە واتا و پەندە؛ کەناڵەکانی گەیاندن و پەیوەندیی سروشتی لە دیدی فەرمانڕەوای تاکڕەو و تاکەکەسدا، بریتییە لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگریی "ساڤاک". فەرمانڕەوا ئەگەر متمانەی بەو ڕاپۆرتانە لەدەست دا، "خزمەتکارە کۆنەساڵەکەی خۆی" دەنێرێت تاکو لە ڕێگای ئەوەوە ترپەی دڵی شەقام و ڕادەی تووڕەیی و بێزاریی گەل بپێوێت و بزانێت. ئەگەر هیچ کام لەوانەیش سەرکەوتوو نەبوون، ئەو کات بە سواری هێلیکۆپتەرێک کە سیمبوڵی لووتبەرزیی و تەماشاکردنی ژووررِایی لەخۆباییانەی ئەو سەرزەوییەیە کە خەڵک لەسەری دەژین، دەستەبەری بەرنەکەوتن بە خەڵک یان

نزیکبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە هەستەکانیان دەکات. لە ئاسمانی هەوایی هێلیکۆپتەرەکەشەوە، فەرمانڕەوای تاکەکەس هەوڵ دەدات لەوە ڕابمێنێت کە لەسەر زەوی ڕوو دەدات، بەڵام بە درێژایی کاتەکە هەر بە "هەوا"وە دەمێنێتەوە و، چەندین چین و چین نێوانێتی لەگەڵ هەستەکانی خەڵک و، لە هەستەکانی خەڵکی جیا دەکەنەوە.

دواجار، لەدوای چەندین ساڵی دوورودرێژ لە زانینی شێواو، کە لە ڕێگای کەناڵی بێجگە لە کەناڵی سروشتییەوە دێن و، لەپاش ئەوەی کار لە کار ترازاوە و، فەرمانڕەوای تاکڕەو بووە بە داوی هەڵە و چەوتییەکانی خۆیەوە، ئەم پرسیارە تراژیدییە دێتە پێش: "ئەو خەڵکە لە دژی من خۆپیشاندانیان دەکرد؟" ئەم پرسیارە هەمان پرسیارەکەی تزار "نیکۆلا"یە کە سەرەتای ئەم وتارەمانمان پێ دەست پێ کرد: "بۆچی پێتان نەگوتم؟" هەمان پرسیاری هەموو فەرمانڕەوایەکی خۆسەپێنیشە کە خۆی ئەو ڕژێمە دادەمەزرێنێت کە زانینی ڕاستیی لێ دەشارێتەوە و، لە ڕێگایەوە هەموو چەشنەکانی داپڵۆسین و تیرۆر پیادە و پەیڕەو دەکات، لە کۆتاییشدا دەردەکەوێت کە ئەو زۆرداریی‌یەکەی لە دژی خۆی دەکرد، وەک چۆن لە دژی خەڵکیشی دەکرد و، ئەو کاتە ڕاستییەکە بە ڕوونی ئاشکرا دەبێت کە ئەو خۆی لە کۆتاییدا- هەمیشە لە کۆتاییدا- ئەفسانەی ئەو فەرمانڕەوایەی کە نازانێت دووبارە دەکاتەوە.

## دۆزەکە، دۆزی دەسەڵاتی ڕەهای تاکەکەسە

بەو جۆرە، سروشتی ڕشتەکەی تری ئەو ئەفسانەیە ئاشکرا دەبێت کە تیایدا فەرمانڕەوا زانایە بەڵام "ناتوانێت". چونکە ئەوە فەرمانڕەوای تاکەکەسە کە ڕژێمێکی پەسەند کردووە

لەبارێدایە دەسەڵات بابەتی ململانێی هێزەکان بێت، لە کۆتاییەکەیدا هاوسەنگییەک بەدی دێت بەسەر فەرمانڕەوایدا دەسەپێنێت، فلان هێز بە ناوەندێک بۆ قەڵەمڕەویی قایل بێت و، فیسار هێز بە چاوپۆشیکردن لە تاوانەکانی بێدەنگ بکات و، هێزی سێیەم بەوە بهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست کە مافی ڕەفتارکردن لە گۆڕەپانەکەیدا بەبێ سەر و حیساب پێ بدات.
ئەو "ڕژێم"ـەی کە لێرەدا فەرمانڕەوا دایمەزراندووە، دەسەڵاتی کردووەتە جەنگەڵێک، تیایدا دڕندەکان کێشمەکێش دەکەن و، تەنها لەبەر ئەوە پێکەوە تیایدا بە ئارامی دەژین کە هەموویان لەوەڕاون و تێر بوون. ئایا لەم دۆخەدا پادشای دڕندەکان بۆی هەیە لەبەردەم قوربانییەکانی جەنگەڵەکەدا بەوە داوای لێبووردن بکات کە بڵێت؛ دەیزانی پڵنگ و بەورەکان دڕندەن، بەڵام ناچار بوو قوربانییەکانیان بۆ بە جێ بهێڵێت، تاکو تێر ببن و دابسەکنێن و هەقی ئەویان نەبێت و لێی بگەڕێن فەرمانڕەوایی بکات؟
سەبارەت بە ئەفسانەکەی تر، مەبەستم لە ئەفسانەی شوێنکەوتەی بێچارەیە، لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوا جڵەوی هەموو شتێک لە دەستی خۆیدایەتی و، نایەوێت دەست هەڵبگرێت، هەر بۆیە ئەو ئەفسانەیەش دیسان دیاردەیەکە تەنها لە سای دەسەڵاتێکی دەسەڵاتخواز و دیکتاتۆرییدا دادەمەزرێت کە شوێنکەوتەکان دەکاتە برێک کلک و گوێڕایەڵی خۆی یاخود ژمارەیەک شایەدی بێدەنگ. سادەترین تێگەیشتنیش لە سروشتی بەشداریکردن لە پڕۆسەی دەسەڵاتدا قایلمان دەکات بەوەی شوێنکەوتە بەردەوام بە بەرپرسیار دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها تەماشایش بکات و، لە تاوان یاخود لادانەکاندا بەشداریی نەکات، تەنها لەبەر ئەوەی قایل بووە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. چونکە لەو ڕژێمانەدا کە ددان بە دەسەڵاتی گەلدا دەنێن، پێویستە لەسەر فەرمانبەردار- بەتایبەتی ئەگەر لە پلەی

بەرپرسیارێتیدا بێت- دەسبەجێ دەست لە پلەکەی خۆی هەڵبگرێت ئەگەر بە کارەکانی سەرۆکەکەی قایل نەبوو.
لە دادگاییەکانی نۆرمبێرگدا کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهان و تێکشکانی نازیزم بە ڕێوە چوون، دەستوپێوەندەکەی هیتلەر هەموویان پەنایان بۆ ئەفسانەی "ئەو فەرمانڕەوایەی کە دەست هەڵناگرێت" برد و، بەوە بەرگرییان لە خۆیان کرد کە هیتلەر خۆی هەموو بڕیارەکانی دەدا و، بێجگە لە جێبەجێکردن، هیچ شتێکی تری بۆ ئەوان نەدەهێشتەوە. بەڵام دادگاکە- کە دادگای ویژدانی جیهانی بوو- ئەوانی تاوانبار کرد و، بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، چونکە تەنها قایلبوونی پەتی بە بەشدارییکردن لە دەسەڵاتێکی فەرمانڕەواییدا، واتە ڕازیبوون بە هەموو کار و کردەوەکانی ئەو دەسەڵاتە.
هەردوو ئەفسانەکە، وێڕای دژوازیی ڕووالەتییان، گریمانی ئەوە دەکەن کە فەرمانڕەوا بە هۆی دەسەڵاتێکی تاکەکەسیی ڕەهاوە و، یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی دەستوپێوەندەکە و شێوازەکانی گەیاندنی زانیارییەکان لە دۆخی یەکەمدا، یان لە ڕێگای هێشتنەوەی هەموو هێڵ یاخود داوەکان ڕاستەوخۆ لەنێو دەستی خۆیدا، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆی پیادە دەکات. کەمترین هۆشیاریی سیاسی و سادەترین تێگەیشتن لە سروشتی بەشدارییکردن لە دەسەڵاتدا، ئەوە دەکاتە پێویست لەسەرمان دەست لە بیانووهێنانەوە بۆ فەرمانڕەوای تاکەکەس هەڵبگرین، بە بەهانەی ئەوەی گوایە هەڵەکانی نەدەزانی و، ئەوە دەوروبەرەکەی بوون ئەنجامیان دا، یاخود بە بیانووی ئەوەی فەرمانڕەوا ڕازی نەبوو دەست لە هیچ شتێک هەڵبگرێت، نەچین پاساو بۆ نەرێنی و خراپیی شوێنکەوتە بهێنینەوە.
باویی و بەربڵاویی ئەو ئەفسانانە لەناو ئاپۆرایەکی میللیی بێ ئەژماردا، لەڕاستییدا بوونی کەموکووڕیی لە هۆشیارییی

سیاسییدا دەردەخات کە زادەی چەند دەهەیەکە کە کەم نین لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتخواز. هەروەها زۆر کات بە ڕوونی ئەو لەبیرکردنە دەردەخات کە مرۆڤی ئاسایی سادەترین بنەماکانی دیموکراسی و واتای بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەبیر کردووە- ئەو لەبیرکردنەیش ناتوانرێت ئەو مرۆڤە خۆی بە بەرپرسیار لێی لە قەڵەم بدرێت، بەڵکو ئەنجامی پەروەردەیەکی سیاسییە چەوتییەکانی بە درێژایی دەیان ساڵ کەڵەکە بوون. هەموو ئامانجێکی ئەم وتارەش تیشک خستنە سەر هەندێک لە چەمکەکانی هزری سیاسی و، ڕوونکردنەوەی هەندێک لە ڕووە نادیارەکانی واتای دیموکراسییە. هەر بۆیە تەنها لەدوای ئەوە کۆتایی بەم وتارەم دەهێنم کە ئاگادارکردنەوەیەک ئاگاداری خوێنەر دەکەمەوە، لە شێوەی ئەو ئاگادارکردنەوانەی لە پێشەکیی هەندێک لەو چیرۆک و فیلمانەدا دەیبینین کە بە شێوەیەکی باو پتر لە بێجگە لە خۆیان لە گوزارشتکردن لە ڕاستییەکانی دۆخە تاڵ و سەختەکەوە نزیکن. ئەو ئاگادارکردنەوەیەش ئەوەیە هەر وێکچوونێک کە دەشێت خوێنەر لە نێوان ناوەڕۆکی ئەم وتارە و دۆخی ئەم یان ئەو وڵاتی عەرەبییدا بەدی بکات و بیدۆزێتەوە، تەنها زادەی ڕێکەوتە و هیچی تر!

**ژێدەر:**
**ژمارە ٢٩٠ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ی**
**گۆڤاری (العربي) کووەیتی**

## (٣)
## مستەفا مەحموود[4]
## لە نێوان مارکسیزم و ئیسلامدا

**بەدڵنیاییەوە دکتۆر مستەفا مەحموود مرۆڤێکی خۆشبەختە، چونکە وەک نووسەر و بیریار ناوبانگێکی میللیی بەرینی پەیدا کردووە، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە کتێبەکانی ببنە کتێبە هەرە باو و بەربڵاوەکان لەسەر ئاستی هەموو جیهانی عەرەب.**
لەو ناوبانگە میللییەیشیدا لەبەردەم زۆرینەی خەڵکدا شێوەی ڕاڤەکارێکی ئایینیی و، دانایەکی فەیلەسووف و، زانایەکی شارەزا و پڕ زانیاریی[5] وەرگرتووە، ڕاستە ناوبراو لە کایەی ڕاڤەکردندا هەموو پیاوانی ئایینیی پسپۆڕ ڕازی ناکات، چ ئەوانەی خاوەنی ڕوانگەیەکی کۆنەپارێزن یان ئەوانەی کراوە و ئازادیخوازن، لە بواری فەلسەفەشدا کەسێکی پسپۆڕ نییە، ئاسانە بۆ هەر کەسێک کە لەو بوارەدا کار دەکات، کەموکووڕیی زانیاری و لاوازیی لۆژیکیی ئەو لەو بوارەدا بدۆزێتەوە، لە کایەی زانستیشدا وا دیارە زانستەکەی لە ساڵانی

---

4 - مستەفا مەحموود (١٩٢١- ٢٠٠٩) پزیشک و نووسەرێکی خەڵکی میسرە.
5 - گۆڤاری "روز اليوسف" ژمارەی ئەیلولی١٩٧٦.

قۆناغی سەرەتای خوێندنی پزیشکییەکەیدا گیری خواردووە، بڕێک خوێندنەوەی خێرای هەندێک کتێبی ئێجگار سادە و سەرپۆتی بۆ زیاد کراوە.
واتە کورت و کرمانج، لە هیچ کام لەو سێ بوارەدا پسپۆڕانی هیچ یەک لەو بوارانە قایل ناکات. بەڵام قایلکردنی پسپۆڕان کەی گرنگە ئەگەر زۆرینەی خەڵک بڕیاری خۆی لە بەرژەوەندیی ئەو دابێت و، ئەوی کردبێتە سەرچاوەی هەرە جێی متمانە و بگرە تاقانەی خۆی لە تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی ئایین و فەلسەفە و زانست؟
خوێنەری دیندار سەرسام دەبێت کاتێک لای دکتۆر مستەفا مەحموود ڕاڤەیەکی موتوربەکراو بە دەستەواژە و دەربڕینی فەلسەفی و، زاراوەی زانستی دەبینێت. خوێنەری عەودالی دانایی ژیان و فەلسەفەی ژیانیش سەرسامی دای دەگرێت کاتێک فەلسەفەی لە چوارچێوەیەکی ئایینیی و زانستیدا پێشکەش دەکرێت. ئەو خوێنەرەش کە ڕاستییەکانی زانست ئامانجێتی، سەری دەسووڕمێت کاتێک ئەو ڕاستییانەی ئارایشتکراو بە بڕێک داوەریی و بڕیاری فەلسەفی و پاڵپشتیکراو بە هەندێک دەقی ئایینی پیشان دەدرێت. بەو جۆرە دکتۆر مستەفا مەحموود "چێشتێکی مجێور"ی هزریی پێشکەش دەکات هەموو چێژە جیاوازەکان ڕازی دەکات.
تازەترین کتێب کە ئەو "چێشتی مجێوری هزر"ە پیشانی داین، کتێبێکە سەبارەت بە "مارکسیزم و ئیسلام" ماوەیەکی دوورودرێژ پلەی یەکەمی کتێبە هەرە بەربڵاوەکانی لەنێو ئەو لیستانەدا گرتبوو ئەو ڕۆژنامانە بڵاوی دەکەنەوە کە پێشوازییان لەو کتێبە کرد و، بە پیر بڵاوبوونەوەیە چوون و، چەندین جار لاپەڕەکانی خۆیان بە چەند هەڵبژاردەیەک لەو بۆچوونانەی تیایدا هاتوون ڕازاندەوە. هەڵبەتە من بۆ چرکەیەکیش گومانم لەوە نییە ئەو بڵاوبوونەوە بەرفراوانە

ڕاستییەکی بێ چەند و چوونە، بەڵام ئایا گوزارشت لە بەهایەکی ڕاستەقینە دەکات کە ئەو کتێبە هەیەتی یان لە جۆری بڵاو بوونەوەی فیلمی "بەمبەت کەشر"ە لەسەر حیسابی "مۆمیاکراو"، یاخود بڵاو بوونەوەی ڕۆمانە پۆلیسییەکانی "ئاجاسا کریستی"یە بە بەراورد بە شاکارەکانی شکسپیر؟ ئەوە ئەو شتەیە کە من لە دێڕەکانی داهاتووی ئەم نووسینەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەم.

وتەیەکی خودی دکتۆر مستەفا مەحموود خۆی دەبێتە خاڵی دەست پێ کردنم. دکتۆر دەڵێت: "ئەوە لاوازیی قورئان نییە قورئان میتۆدێکی سیاسی دەستنیشان نەکردووە و، دەستوورێکی دیاریکراوی نیگار نەکێشاوە، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە بەڵگەکانی هێز و پەرجووی قورئان. چونکە خودا ویستی ڕێگای هەوڵدان و بەکارهێنانی زانستەکان و هەڵهێنجانی میتۆد و داوەریی و بڕیارەکان لە هەلومەرجە گۆڕاوەکانەوە، کراوە بێت، بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان بە زنجیری میتۆدێکی ئاسمانیی چەقبەستوو و دیاریکراوەوە کۆت و پێوەند بکات. هەر بۆیە قورئان، لە بابەتی سیاسەت و داوەریکردن و بڕیارداندا، تەنها بە دەرکردنی بڕێک ڕاسپێریی و ئامۆژگاریی گشتی بەسی کردووە، کە بە درێژایی سەردەمەکان تایبەتمەندیی تاهەتایی و نەگۆڕانیان هەیە و، گوتویەتی داوەریکردن و بڕیاردان بەو ڕاسپێریی و ئامۆژگارییانە، دەبێتە دادوەریکردن و بڕیاردانێکی نموونەیی" (ل١٨).

ئەوە دەقی قسەی دکتۆر مستەفا مەحموودە لە پەرەگرافێکدا کە بە تەواوی و بەبێ لێ بڕین وەرمگرتووە، تاکو نەگوترێت قسەکانیم لە بەستێنی خۆیان دەرهێناوە و دامبڕیوە، دەیشمەوێت لەو پەرەگرافەوە قسە لەسەر کتێبەکەی دەست پێ بکەم، قسە کردنێک بەو جۆرەی دواتر خوێنەر خۆی دەیبینێت، لە لۆژیکی خودی کتێبەکەی خۆیەوە هەڵهێنجراوە. چونکە من

نامەوێت بۆچوونێکی تایبەت سەبارەت بە بابەتەکە بخەمە پێش چاوی خوێنەر، بەڵکو ئەرک و کارەکەم لە پەردەلادان لەسەر ئەو لایەنانەی دژوازیی و لاوازییدا قەتیس دەبێت کە دەشێت لەنێو کتێبەکەدا هەبن.
هەر کتێبێک پێی وا بێت قورئان میتۆدێکی سیاسی دەستنیشان نەکردووە و، دەستوورێکی دیاریکراوی نیگار نەکێشاوە، دژایەتیی بۆچوونێکی تر دەکات خاوەنەکانی (کە ژمارەیان لە وڵاتماندا زۆرە) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە قورئان دەستوورێکی تەواو و تێروتەسەل و میتۆدێکی سیاسیی تەکووز و پەیڕەوێکی ئابووریی گشتی تێدا هەیە. من بەش بە حاڵی خۆم نامەوێت یەکێک لەو دوو بۆچوونە پەسەند بکەم، بەڵکو ویستم هەر لە سەرەتاوە ئەو دژایەتی و بەرهەڵستییە تۆمار بکەم کە دکتۆر مستەفا مەحموود دژایەتی و بەرهەڵستیی ئەو بۆچوونە دەکات و، دەچێتە سەنگەری ئەو کەسانەوە کە دەڵێن دەقی ئایینی ژمارەیەک بنەما و پرەنسیپی گشتی تێدا هەیە، بەڵام وردەکاریی کاروبارەکانی دونیا و سیاسەت و ئابووریی بۆ هەوڵ و تەقەللای مرۆڤەکان بە جێ هێڵراوە.
بەم پێیە ئەوەی نووسەر لەو پەرەگرافەدا دەیڵێت لەم ئەنجامە بێ چەند و چوونەوە سەر دەر دەکات: وردەکاریی داوەریی و بڕیارە ئایینییەکان مۆرکێکی ڕێژەییان هەیە، ئەوەی تاهەتاییە تەنها و تەنها بنەماکانن، هەروەها پێویستە ئەو وردەکارییانە لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و ژینگە و دۆخەکاندا بگۆڕێن، بە مەرجی وەک خۆی هێشتنەوە و دەستکارینەکردنی ئەو چوارچێوەیەی بنەما گشتییەکان پێکیان دەهێنن. ئەوەش وای لە نووسەر کردووە جەخت لەسەر گرنگیی "هەوڵدان و کۆششکردن و بەکارهێنانی زانستەکان و هەڵهێنجانی میتۆدەکان و داوەریی و بڕیارەکان لە هەلومەرجە گۆڕاوەکان"

بکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە و بەس بەڵکو هێرشێکی توندیشی کردووەتە سەر ئەو بۆچوونەی باوەڕی بە چەسپاویی داوەریی و بڕیارە ئاسمانییەکان سەبارەت بە وردەکاریی کاروبارەکان هەیە، ئەم هێرشەیشی لە بەکارهێنانی هەندێک دەربڕینی توندی لە نموونەی ناوهێنانی میتۆدی ئاسمانیی چەسپاو بەوەی میتۆدێکی "چەقبەستوو"ە و ناوزەندکردنی پابەندبوون بە وردەکارییەکانی ئەو داوەرییە بەوەی "کۆت و پێوەند کردنە" دەر دەکەوێت.

ئەوەی سەرەوە بۆچوونی خودی دکتۆر مستەفا مەحموود خۆیەتی، من نە هیچم بۆ زیاد کردووە و نە هیچیشم لێ قرتاندووە. بەڵام ئەو چەشنە بۆچوونە گومانی تێدا نییە ئەم پرسیارە دروست دەکات: "ئەگەر بڕیار و داوەرییە ئایینییەکان تەنها لە چوارچێوەی شتە گشتییەکاندا قەتیس بن و وردەکاریی و بەشەکان بۆ هەوڵ و کۆششی ئەقڵی مرۆڤ بەگوێرەی هەلومەرجە گۆڕاوەکانی مرۆڤ بە جێ بهێڵن، ئێمە ئەو وردەکارییانە لە کام سەرچاوەوە هەڵبهێنجین؟ گومانی تێدا نییە دەبێت لە سەرچاوەیەکی دونیاییەوە بێت و، پێویستە خەڵک ئەو چوارچێوە گشتییە پڕ بکەنەوە کە داوەریی و بڕیارە ئایینییەکان دەستنیشانی دەکەن، پڕکردنەوەیان بە هۆی ناوەڕۆک یاخود کرۆکێکی وەرگیراو لە ڕاستیی ژیانی گۆڕاوی خۆیانەوە کە لە هزر و کۆششێکی مرۆییەوە ئیلهامی وەرگرتبێت.

بە دەربڕینێکی تر، دەقی قسەکەی دکتۆر مستەفا مەحموود خۆی ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە کە باوەڕی ئایینیی لەو ڕووەوە کە سەرچاوەیەکە بۆ یاساڕێژیی و یاسادانانی کۆمەڵایەتی، بەسندە یاخود خۆبەس نییە، بەڵکو پێویستییەکی بەردەوامی بە پەیڕەوێکی مرۆیی هەیە تەواوی بکات و، ئەو بۆشاییانەی پڕ بکاتەوە کە تیایدا هەن، ئەوەیش خۆی لە خۆیدا ئەنجامێکی ترە قسەکانی نووسەر دەیدەن بە دەستەوە.

ئەگەر ماركسیزم وەک میتۆدێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی میتۆدێک نییە دکتۆر مستەفا مەحموود قایل بکات، ئەگەر ئیسلامیش، بەو جۆرەی بە قسەکانی دکتۆردا دەردەکەوێت، پێویستی بە تەواوکارییەکی مرۆیی هەیە بە هۆیەوە ئەو وردەکارییانە تەواو بکەین کە نابێت دەقی ئایینی خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بکات، کەواتە ئەو تەواوکارە لە کوێوە بهێنین؟ ئەو میتۆد یاخود پەیڕەوە چییە کە ئێمە دەتوانین بەگوێرەی وی ئەو بەشانە هەڵبهێنجین کە نابێت تیایاندا "میتۆدێکی ئاسمانیی چەقبەستوو و دیاریکراو" "کۆت و پێوەندمان" بکات؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە نووسەری کتێبەکە وەڵامی نەداوەتەوە، بەڵکو سەبارەت بەو پرسیارە گرنگە بۆشاییەکی گەورەی بە جێ هێشتووە، خوێنەر نە دەزانێت چۆن پڕی بکاتەوە و نە دەزانێت چ ئاراستەیەک بگرێتە بەر، نە دەزانێت ڕێنوێنی بە کام میتۆد بکات ئەگەر بیەوێت ورد و درشتی کاروباری ژیانی خۆی ڕێک بخات.

دکتۆر مستەفا مەحموود لەسەر ڕەخنەکردنی ماركسیزم زۆر ڕۆیشتووە و، هەرچی چەکی پەلاماردەری هەن ئاراستەی کردووە و قیناویترین دەربڕینی لە دژی بە کار هێناوە .. ئەگەر ئەوەش بۆچوونی ئەو بێت سەبارەت بە ماركسیزم، هیچ کەس ناتوانێت ئەو مافەی لێ زەوت بکات کە سەبارەت بە پەلاماردانی ماركسیزم هەیەتی، بەو مەرجەی لەو هێرشەیدا لەگەڵ خۆیدا نەکەوێتە دژوازییەوە، دەنا ئەو کات چەندین هەڵەی گەورە لە تێگەیشتن لەو فەلسەفەیەدا دەکات. بەڵام من پاش ئەوەی کتێبەکەیم خوێندەوە کە بازاڕە عەرەبییەکانی تەنیوە، پێم وایە لە لایەک کتێبەکەی کەوتووەتە نێو دژوازییەکی توندەوە و، لە لایەکی ترەوە بە شێوازێک کە جێی داخە بە هەڵە لە ماركسیزم تێگەیشتووە.

**با له سەرەتادا بە دژوازییەکان دەست پێ بکەین ...**

لەو کاتەدا کە دکتۆر مستەفا مەحموود قین و ڕقی خۆی بەسەر مارکسیزمدا لە هەموو ڕووەکانییەوە هەڵدەڕێژێت، دەبینین هەوڵێکی تاقەتپڕوکێن دەدات تاکو بیسەلمێنێت ئیسلام هەموو ئەو بنەمایانەی تێدا هەن کە مارکسییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. فەرموون با ببینین خۆی لەو بارەیەوە چی دەڵێت:

"ئەگەر لە ئیسلام ورد ببینەوە، کانیاوێک لەو بیروباوەڕ و ڕاستییانەی تێدا دەبینین لە ڕووی پێشکەوتن و هاوچەرخییەوە بەر لە هەردوو ڕژێمەکە کەوتوون ... دەبینین هەموو ئەو شتانەی ئێمە لە سۆشیالیزمی زانستییدا بە تازەیان دەزانین، شتانێکی کۆنن بە قەدەر کۆنیی سیانزە سەدە لە مێژووی ئیسلام. چونکە کاتێک ئیسلام هات هەر لە سەرەتاوە بنەمای یەکسانیی لە دەرفەت و دەستەبەری ڕادەیەک لە سنووری بۆ تاک و، بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی تاک لە قازانج و مافەکانی کۆمەڵ و بنەمای موڵکایەتیی تایبەت و موڵکایەتیی گشتی (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت) و بنەمای دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا چەسپاند کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە ئابووریی ئاراستەکار ناودێری دەکەین، هەروەها بنەمای دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی چەوسێنەران، بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی هەژاران و ستەمدیدەکانی جێگیر کرد". (ل٦٧).

پاشان دکتۆر مستەفا مەحموود ئەو بنەمایانە دەژمێرێت کە لە سەردەمی ئێستاماندا پێمان وایە داهێنانی سۆشیالیزمی زانستین:

چونکە ئیسلام ڕێ بە چینایەتی نادات، ئیسلام جیاوازیی لەڕادەبەدەر لە سەروەت و ساماندا دەداتە دواوە، سامانی مرۆڤی زەنگین ڕەوا نییە ئەگەر لە کۆمەڵدا تاکە هەژارێک هەبێت نان نەبێت بیخوات، بەڵکو ئیسلام (بە بڕوای نووسەر)

لۆژیکی دیالەکتیکی ئاشنا بووە و بە کاری هێناوە" (ل٧٠-٧١).
ئەوانە هەمووی قسەی جوان و سەرنجڕاکێشن، بەڵام ئایا دکتۆر مستەفا مەحموود قەت بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو قسانەی چی دەدەن بە دەستەوە؟ هەڵبەتە وا دەکات ئەو هەڵمەت و هێرشە توندەی دەیکاتە سەر مارکسیزم هیچ نرخ و واتایەکی نەمێنێت و، تەنانەت لەگەڵ ئەو باوەڕە ئایینییەیشیدا یەک نەگرێتەوە کە لە لاپەڕەی کتێب و وتارەکانی دەچۆڕێن. چونکە ئەگەر ئیسلام هەموو ئەو بنەمایانی تێدا هەبن کە مارکسیزم لەپاش ئەو بە ماوەیەکی زۆر بانگەشەی بۆ کردوون، ئەو کات هێرشکردنە سەر مارکسیزم و ناوهێنانی بەو وشە و دەربڕینانەی کە سەگ بۆنیان پێوە ناکات، هیچ نرخ و مانایەکی نامێنێت، بەڵکو لەم دۆخەدا ئەوپەڕی دەتوانرێت بەوە تۆمەتبار بکرێت کە فەلسەفەیەکی نوێ نییە، ئەمەیش، وەک دەبینین، هەڵەیەک نییە شایانی ئەوە بێت لە پایدا ناشیرینترین جوێنی پێ بدرێت و خراپترین ناتۆرە و ناوی لێ بنرێت.
بەڵکو ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دکتۆر مستەفا مەحموود دەیڵێت، ئەو کات ئەو هێرش و پەلامارەی دەیکاتە سەر مارکسیزم دەبێتە بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی لاوازیی باوەڕ و مۆلەقیی ئایین، چونکە ئەو فەلسەفەیەی زۆرێک لە بنەما ئایینییە باڵاکانی تێدا هەن، ڕاست و شیاو نییە پەلامار بدرێت، بەڵکو ئەرکی سەر شانی هەر دیندارێک ئەگەر بە ڕاستی دیندار بێت، ئەوەیە لەبەر بوونی ئەو بنەمایانە لە مارکسیزمدا، پاکانە بۆ مارکسیزم بکات، چونکە لە چەندین خاڵی بنەڕەتیدا لەگەڵ ئیسلامدا کۆک و هاوڕایە و، لە هەندێک خاڵی تردا لەگەڵیدا ناکۆکە. مادامەکی نووسەر سەلماندوویشیەتی پرسە سەرەکییەکانی نێو مارکسیزم پێشتر ئیسلام بانگەواز و بانگەشەی بۆ کردوون، تەنها ئەوە بەسە بەرامبەر بە

مارکسیزم ڕێزێک لە ناخیدا دروست بکات، مادامەکی تا ئەو ڕادەیە لە ئایینەکەیەوە نزیکە کە لە قووڵایی دڵی خۆیدا باوەڕی پێیەتی.
بەڵام من دەمەوێت لێرەدا وەک ئینسافێک ئەوە تۆمار بکەم و بڵێم ئەو دژوازییە تەنها تایبەت نییە بە دکتۆر مستەفا مەحموود، بەڵکو ئەم ساڵانەی دوایی بڵاو بوونەوەی لێشاوێک لەو کتێبانەی لە میسر و لە چەندین وڵاتی تری عەرەبییدا بە خۆوە بینی، باسی سۆشیالیزمباوەڕیی ئیسلام دەکەن و، هەموو بنەما سەرەکییەکانی نێو سۆشیالیزم بۆ ژمارەیەک سەرچاوەی ئیسلامی دەگەڕێننەوە، پاشان زۆر توندوتیژانە پەلاماری مارکسیزم دەدەن. ئەمەش ئەو شتەیە کە من سەری لێ دەر ناکەم، چونکە لۆژیکی ساغ و تەندروست ڕێ بە خاوەنی ئەو کتێبانە دەدات تەنها یەکێک لەم دوو شتە بکەن: یان پەلاماری مارکسیزم بدەن (ئەوەش مافێکی ڕەوای خۆیانە ئەگەر بیانەوێت) و جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئیسلام پێچەوانەی هەموو بنەماکانی مارکسیزمە و، هیچ کام لەو بنەمایانەی تێدا نین کە مارکسیزم بانگەشەیان بۆ دەکات، یان دەبێت جەخت لەسەر سۆشیالیزمباوەڕیی ئیسلام بکەنەوە و، ڕێز لە مارکسیزم بنێن، لەبەر ئەوەی لایەنی کەم هەندێک لەو بنەمایانەی تێدا هەن کە پێشتر ئیسلام بانگەشە و داوای کردوون. بەڵام کاتێک دێن و دژایەتیکردنی سەرسەختی بنەماکانی مارکسیزم و جەختکردن لەسەر ئەوەی ئیسلام بەر لە مارکسیزم بانگەشەی بۆ ئەو بنەمایانە کردووە پێکەوە کۆ دەکەنەوە، ئەوە شتێکە نە هیچ ئەقڵێک دەیبڕێت و نە لە هیچ لۆژیکێکیشدا جێی دەبێتەوە.
ئێستا با لە مشتومڕەکەماندا هەنگاوێکی تر بچینە پێشەوە و بپرسین: ئایا دکتۆر مستەفا مەحموود و هەر نووسەرێکی تریش کە ئەو ئاراستە و ڕێگایە دەگرێتە بەر، دەیتوانی لەنێو

ئیسلامدا نموونەی ئەم بنەمایانە: ڕێ نەدان بە جیاوازیی چینایەتی، دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابوورییدا، بدۆزێتەوە، ئەگەر مارکس خۆی و بێجگە لە مارکس لەو بیرمەندانە کە بانگەشەیان بۆ ئەو بنەمایانە کردووە، پەیدا نەبوونایە؟ دکتۆر مستەفا مەحموود بە شێوازی "گەڕانەوە بەرەو دواوە" ئەو بنەمایانەی دۆزیونەتەوە و پێی وایە پێشتر لەوێ لە ئیسلامدا هەبوون، بەڵام چاوەڕوانی کەسێک بوون پەردەیان لەسەر هەڵبماڵێت. بەڵام کاتی دۆزینەوەیان نەهاتبوو تا ئەو دەمەی بیرمەندێکی سادە لە بەندە گەداکانی خودا، لە نموونەی من و تۆ، دۆزییانەوە، تەنها ئەو کاتیش دکتۆر مستەفا مەحموود و نووسەرە هاوشێوەکانی، لەنێو دەقی ئایینییدا دۆزییانەوە. بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە لەڕاستییدا هیچ کەس باسی سۆشیالیزمی لە ئیسلامدا نەکردووە تەنانەت بە شێوەیەکی سادەیش، تەنها لەپاش سەرهەڵدانی سۆشیالیزم نەبێت. هاوکات دەقی ئایینیی لەنێو ئەو جڤاکە ئیسلامییانەدا کە لەبەر بڕێک هۆکاری "دونیایی" ڕووت ڤینیان لە سۆشیالیزمە، بە هیچ جۆرێک بەو شێوەیە ڕاڤە ناکرێت هەڵگری واتای نەهێشتنی چینەکان یاخود دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی دەوڵەمەندەکان لەپێناو بەرژەوەندیی هەژاران یاخود دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا و ئاراستەکردنی لەلایەن خۆیەوە بێت.

ئێمە شتێکی نوێ ناڵێین ئەگەر پێمان وا بێت هەر سەردەمە و دەقی ئایینیی بە گیانێکی هەڵهێنجراو لە بارودۆخەکەی خۆی و ئەو قۆناغە لە پێشکەوتن کە پێی گەیشتووە "دەخوێنێتەوە". ئەگەر دەقی ئایینی هەموو شتێک لە ڕابووردوو و ئێستا و داهاتووی مرۆڤەکانی تێدا پارێزراو و هەڵگیراو بووایە، ئەو کات مرۆڤەکان چیی تر پێویستیان بە هەوڵدان و بیرکردنەوە و زانست نەدەبوو و، تەنها بە خوێندنەوەی دەقەکە و دەقاودەق

جێبەجێکردنی بەسیان دەکرد. هەر بۆیە ئەو بۆچوونەی پێی وایە هەرچی شتێک مرۆڤ لە ئێستا و داهاتوودا پێویستی پێیەتی لەنێو دەقی ئایینیدا هەیە، بۆچوونێکە داوا لە مرۆڤەکان دەکات بۆ خۆیان بە چوار مشقی دابنیشن و هیچ نەکەن و پێش نەکەون و هەوڵ بۆ داهاتوویان نەدەن.
دەمەوێت بڵێم من لەو خاڵەدا بە تەواوی هاوڕای ئەو بۆچوونەم دکتۆر مستەفا مەحموود لە یەکەم پەرەگراف کە لەم وتارەمدا لە کتێبەکەیم وەرگرت گوتویەتی. بەڵام ئەو شتەی من جەختی لەسەر دەکەمەوە و تیایدا لەگەڵ ئەو و خاوەنی ئەو هەوڵە زۆرانەدا ناکۆکم کە بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن، ئەوەیە مادامەکی دانایی خودایی ویستویەتی دەقی ئایینی ببێتە پاڵنەرێک بۆ مرۆڤ تاکو کار بکات و زیاتر بەرەو لووتکە هەڵبکشێت، ئەوە هەوڵدانی مرۆڤە لە هەر سەردەمێک لە سەردەمەکاندا کە توانای ئەوە بە مرۆڤ دەدات لەنێو دەقێکی ئایینیدا چەندین واتای گۆڕاو و پێشکەوتوو بدۆزێتەوە، بەم پێیە بوونی دەق ڕێگر نییە لەوەی مرۆڤەکان لە بیرکردنەوەیاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕێ بکەن. بە کورتی، دکتۆر مستەفا مەحموود شایانی ڕێزلێنانە بۆ ئەو تەقەللایەی کردوویەتی و، بەر لە ئەویش دەیان کەسی تر کردوویانە، تاکو لەنێو دەقی ئایینیدا چەندین بنەمای سەرەکیی نێو سۆشیالیزم بدۆزێتەوە، بەڵام نە ئەو و نە کەسی تری بێجگە لە ئەو دەیتوانی ئەو دەقە بە شێوازێکی سۆشیالیستییانە ڕاڤە بکات ئەگەر سۆشیالیزم لە شوێنێک لە دونیادا و بە هەوڵی مرۆڤێکی وەک من و تۆ سادە پەیدا نەبووایە.
لە کۆتاییدا دەگەمە ئەو تێبینییەی ڕەنگە گرنگترین شت بێت لەنێو ئەو کتێبەدا سەرنجی منی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، ئەو شتەیش نزمیی ئەو ئاستەیە کە تیایدا مشتومڕ سەبارەت بە بابەتی مارکسیزم کراوە و، نووسەر هاتووە ژمارەیەک لەو

کڵێشە ئامادە و حازربەدەستانەی دووبارە کردوونەتەوە کە لایەق بە هیچ لێکۆڵەرێک نین بیەوێت لە بابەتەکەدا قووڵ ببێتەوە. لێرەیشدا دەگەمە ڕەخنەی دووەمم کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئەویش بەدحاڵیبوونە لە مارکسیزم، پاش ئەوەی لە قسەکردن لەسەر ڕەخنەی دووەم کە دژوازییە لە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەدا، تەواو بووم.

لەو نووسینە بازاڕیی و ئاستنزمانەدا کە لەسەر مارکسیزم نووسراون، ئەو گوتەیە بەربڵاو و باوە کە دەگوترێت مارکسیزم فەلسەفەیەکە مرۆڤ دەکاتە بەندەی پارە و ماتەریال، هەروەها وا باوە بەوە ڕەخنە دەکرێت دەگوترێت لەنێو مرۆڤدا شتێک هەیە لە پارە و ماتەریال گرنگترە و، مرۆڤ تەنها بە نان ناژی و هزری مارکسی تەنها ددان بە شتی ماتەریالیدا دەنێت و، هەرچی پاڵنەرە ڕۆحی و بەها ئاکاریی و بنەما واتاییەکانە بە لاوەیان دەنێت. خاوەنی ئەو لێکدانەوە بازاڕییانەیش یان خەڵکانێکن ئەو شتانە دەجوونەوە و دەڵێنەوە کە پێشتر لە هەندێک کتێبی بێنرخدا خوێندوویاننەتەوە، بێ ئەوەی بە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بە شێوازێکی زانستی خۆیان ماندوو بکەن، یان خەڵکانێکن بەرژەوەندییەکیان لەو شێواندنەدا هەیە. جێی داخە دکتۆر مستەفا مەحموود لەنێو نووسینەکانیدا شوێن ئەو ئاراستەیە کەوتووە و، هەوڵی نەداوە بە قووڵی لەو بابەتە گرنگ و زیندووە بکۆڵێتەوە، بەڵکو بە دوور دەزانرێت تاکە سەرچاوەیەکی بنچینەیی مارکسیی خوێندبێتەوە، چونکە ئەگەر بەو جۆرەی بکردایە کتێبەکانی پڕ نەدەبوون لەو پێشداوەریی و داوەرییە خێرایانەی بوونەتە بنێشتە خۆشەی بن ددانی خەڵکانێکی ساویلکە و نیازخراپ.

وەک پێشتریش گوتم نووسەر مافی خۆیەتی ڕەخنەی مارکسیزم بکات، بەڵام ئەگەر ئەو ڕەخنەیەی لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ دانەمەزرابێت دەگۆڕێت بۆ چەکێک بە

ڕووی خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە و خۆی دەپێکێت. لە وڵاتانی خۆرئاوا ڕەخنەکارانی مارکسیزم زۆرن دژایەتی مارکسیزم دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی ئەوەندە قووڵ مشتومڕی لەبارەوە دەکەن شایانی ڕێزە، بەڵام چیرۆکی ئەوەی مارکسیزم شوێن شتە ماتەریالییەکان کەوتووە، بالۆرەیەکە تەنها لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەگوترێتەوە و، خەرەکێکە تەنها بۆ ئەو گەلانە دەڕێسرێت کە ئاستێکی نزمی ڕۆشنبیرییان هەیە، بەو هیوایەم ئێمە لە ڕیزی ئەو گەلانەدا نەبین.

مارکس لە ڕوانگەی دکتۆر مستەفا مەحموودا، بڕوای بە "ئاژەڵایەتیی مێژوو" هەیە (ل٣٠)، لە جڤاکە سۆشیالیستییەکاندا "لەوە تێناگەن کە مرۆڤ تەنها سک و غەریزە نییە" (ل٧٤)، هاوکات "هەڵەی هزری ماتەریالی ئەوەیە پێی وایە سێ ژەم خواردنی چەور و خەرجی و پۆشاک و دەرمان، دەشێت دڵنەواییەکی بەس بێت بۆ مرۆڤێک دەزانێت بۆ ئەوە لە دایک بووە تاکو بمرێت" (ل١١).

هەروەها لە هەموو لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی کتێبەکەدا نووسەر ئەو تێکەڵکردنە باوەی وشەی "ماتەریالیزم" کە مارکس و ئێنگڵس وەک ناوێک ڕێبازەکەی خۆیانی سەبارەت بە فەلسەفە و کۆمەڵ و مێژوو پێ ناودێر دەکەن، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پارە و کەوتنە دوای ژیانێکی ئاژەڵییانە و، خەمی تێرکردنی سک و غەریزەکان دووبارە دەکاتەوە.

ئەگەرچی من پێم وایە دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە ڕەخنەی مارکسیزم بکرێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیە بەتایبەتی زۆر لە ڕۆحی مارکسیزمەوە دوورە، بەڵکو مارکسیزم لە بنچینەدا تەنها بۆ دژایەتیکردنی کەوتنە شوێن قازانج و پارە پەیدا بووە، بێجگە لە پەلاماردانی چاوچنۆکیی و چڵێسیی سەرمایەدارییش کە مرۆڤی کردووەتە ئاژەڵێک پارووە نان لە دەمی برای مرۆڤی دەڕفێنێت، هیچ پاڵنەرێکی تری نەبووە. هیچ

شێواندنێکیش بە قەدەر ئەو شێواندنە دوور نییە لە ڕاستییەوە کە ناوی "ماتەریالیزم" کە مارکسیزم وەک ناوێک لە خۆی ناوە، لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو باوەڕەدا بقۆزرێتەوە و بە کار بهێنرێت کە مارکسیزم داوا لە مرۆڤ دەکات هێندە ڕابکات بە شوێن پارەدا هەناسەی خۆی سوار بکات، چونکە ئەوە کتومت ئەو شتەیە کە مارکسیزم لەبارەیەوە ڕەخنەی سەرمایەداریی دەکات ... هەر ئەویش وای لە مارکسیزم کرد هەوڵی لەناوبردنی ڕژێمی سەرمایەداریی بدات و ڕژێمێکی سۆشیالیستیی مرۆڤدۆستانەتر بکاتە شوێنگرەوەی.

جەنابی دکتۆر مستەفا مەحموود سەبارەت بەم دەستەواژەیە دەڵێیت چی: "مرۆڤ بەو ڕادەیە دەوڵەمەندە کە هەیە، نەک بەو ڕادەیەی کە هەبووە"؟ دەزانیت ئەوە گوتەی کێیە؟ ئەوە گوتەی کارڵ مارکسە، لەنێو کتێبی "سەرمایە"کەیدا وای گوتووە کە گەورەترین کتێبێتی. ئەی سەبارەت بەم دەربڕینە ڕات چییە کە باسی دۆخی کرێکار دەکات لە کۆمەڵی سەرمایەدارییدا: "کرێکار لە کارەکەیدا بوونی خۆی ناسەلمێنێت، بەڵکو ڕەتی دەداتەوە، هەستیش بە بەدبەختیی دەکات نەک بە ئاسوودەیی و ڕەزامەندیی، ئازادانەیش پەرە بە توانا جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی نادات بەڵکو جەستە و دەروونی خۆی تێکدەشکێنێت ... لە ئەنجامی ئەوەیشدا مرۆڤ هەست دەکات تەنها لە ئەرک و فەرمانە ئاژەڵییەکانیدا ئازادانە ڕەفتار دەکات ... واتە لە خواردن و خواردنەوە و زاووزێکردندا. هەرچی لە ئەرک و فەرمانە مرۆییەکانیشدا هەیە (واتە لە کارکردن و بەرهەمهێناندا) تەنها هەست بە ئاژەڵایەتیی خۆی دەکات. بەو جۆرە ئاژەڵایەتی دەبێتە مرۆڤایەتی و مرۆڤایەتیش دەبێتە ئاژەڵایەتی"، دەزانیت ئەوە قسەی کێیە؟ ئەوە قسەی مارکسە لە "دەستنووسە فەلسەفی و ئابوورییەکان"دا کردوویەتی.

ئەو ڕەخنەیەت بیستووە کە مارکس ڕەخنەی بیرۆکەی قازانج لە ڕژێمی سەرمایەدارییدا دەکات، ئاخۆ دەزانیت لە جیهانی ئەمڕۆدا یەکەم شت کە سەرمایەداریی بە هۆیەوە بەرگریی لە خۆی دەکات ئەوەیە کە پاڵنەری قازانج (واتە دەستکەوتی ماتەریالی) لای مرۆڤ پاڵنەرێکی بنەڕەتییە؟ من نامەوێت بەرگریی بکەم یاخود پەلامار بدەم، بەڵکو تەنها ئەم ڕاستییە گشتییە دەسەلمێنم: مارکسیزم لە بنەڕەتدا تەنها و تەنها بۆ قەڵاچۆکردنی بنەمای قازانجی ماتەریالی وەک پاڵنەرێک بۆ کارکردنی مرۆڤ لە ڕژێمی سەرمایەدارییدا پەیدا بووە.
ئاخۆ هیچت سەبارەت بەو شیکارییە بیستووە کە مارکس بۆ بیرۆکەی "بە شت بوون"ی دەکات؟ مارکس لەنێو ئەو شیکارییەدا دەڵێت مرۆڤ لە ڕژێمی سەرمایەدارییدا بووەتە "شت" دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت و نرخەکەی لە بازاڕی خستنەڕوو و خواستدا بەرز و نزم دەکات، ئەوە تەنانەت لەسەر هەست و سۆزە مرۆییەکانیش ڕەنگیداوەتەوە"، ئەوانیش بە هەمان شێوە وەک ئەو کاڵایانەیان لێ هاتووە کە لە بازاڕدا دەخرێنە ڕوو و سواوە، چاوچنۆکیی داپۆشیوە و مەبەست و بەرژەوەندییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. شیکارییکردنی ئەو دیاردەیە بەشێکی زۆر لە کتێبە سەرەکییەکەی مارکسی داگیر کردووە، پێت وا نییە پێویستە شتێک لەوە بخوێنیتەوە بەر لەوەی لەنێو خەڵکدا کتێبێک سەبارەت بە مارکسیزم بڵاو بکەیتەوە؟ ئەگەر خوێندویشتەتەوە، چۆنت لەخۆ ڕابینی قسەڵۆک و داوەریی سواو سەبارەت بەوە بجوویتەوە و دووبارە بکەیتەوە کە مارکسیزم بانگەشە بۆ تێرکردنی سک و پڕکردنی گیرفان دەکات، لە کاتێکدا نووسینەکانی مارکس پڕن لە بانگەشە بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤایەتیی بۆ مرۆڤ و ڕزگارکردنی لە باڵادەستیی پاڵنەرەکانی بازاڕ کە لە ڕێزی

مرۆڤ کەم دەکەنەوە و دەبنە ڕێگر لەوەی گوزارشت لە خۆی بکات.
ڕاڤە و لێکدانەوە بازاڕییە باوەکان لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی ڕووکەشانە لە دەستەواژەی لە نموونەی "ماتەریالیزمی دیالەکتیک" و "ماتەریالیزمی مێژوویی" و "لێکدانەوەی ئابوورییانەی مێژوو" دامەزراوە. بەڵام ئەو لێکدانەوە ئابوورییانەیەی مێژوو سنووری خۆی هەن کە خاوەنی ئەو لێکدانەوانە نایزانن. چونکە مێژوو لە دیدی مارکسدا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ مێژوویەکی "چینایەتی" بووە، لەو چەشنە مێژووەیشدا دەبێت ئەوە پاڵنەرە ئابووریی و ماتەریالییەکان بن بەسەر مرۆڤدا باڵادەستن. بەڵام کاتێک مرۆڤ قۆناغی چینایەتی تێدەپەڕێنێت و، ئەو مێژووە "ڕاستەقینە"یە دەست پێ دەکات کە تیایدا هەموو دەرکەوتنەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە پایەماڵ دەکرێن، ئەو کات هیچ بوارێک بۆ لێکدانەوەی ماتەریالییانەی دیاردە مرۆییەکان نامێنێت، لەبەر ئەوەی ئەو کات مرۆڤ بەسەر باڵادەستیی پاڵنەرە ماتەریالییەکاندا زاڵ بووە و، ئامانجی بووەتە ئەوەی بەهرە و توانا مرۆییەکانی خۆی باڵا بکات، لە سەردەمێکی لەو چەشنەیشدا مێژووی ماتەریالی هیچ واتایەکی نامێنێت.
بە دەستەواژەیەکی تر، ئەو قۆناغەی مارکسیزم خەونی پێوە دەبینێت و بەوپەڕی هێزی خۆی لەپێناو بەدیهێنانیدا تێدەکۆشێت، قۆناغێکە لێکدانەوەی ماتەریالییانەی مێژوو بەسەریدا جێبەجێ نابێت. بەڵام لە قۆناغی ڕابووردوو و ئێستادا کە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تیایدا بەربڵاو و باوە، هەر پاڵنەرە ماتەریالییەکان جڵەوی ڕەفتار و فەلسەفە و هەڵسوکەوت و هونەرەکانی مرۆڤیان لەنێو دەستدا دەبێت، واتە ڕۆح وەک خۆی هەر بە کۆتکراوی کۆتەکانی ماتەریال دەمێنێتەوە.

ئەو لێکدانەوەیە واتای ئەوە دەگەیەنێت لێکدانەوەی ماتەریالی بەسەر قۆناغی "دارمان"ی مرۆڤایەتیدا جێبەجێ دەبێت، ئەگەر بشێت ئەو دەربڕینی "دارمان"ـە کە دەربڕینێکی ئایینییە بە کار بهێنم، بەڵام لە قۆناغی "ڕزگاربوون"دا چیی تر ئەو لێکدانەوەیە هیچ واتایەکی نامێنێت، چونکە ئەو بناغەیەی لەسەری دادەمەزرێت و کە دابەشکردنی چینایەتیی مرۆڤەکانە، چیی تر بوونی نامێنێت.
ڕەنگە ئەو بۆچوونە مارکسییانەیە زیاد لە پێویست خەیاڵیی بێت، لەوانەیشە هەڵەی زۆری تێدا بێت یان یەکێک بێت لەو پێشبینییانەی بەدی نەهاتووە ... هەموو ئەوانە دوور نین و ڕێیان تێ دەچێت و، من یەکەم کەسم ددان بەوەدا دەنێم مارکسیزم بەری و خاوێن نییە لە هەڵە و، ئەوانەی بەو جۆرە لە داوەرییەکانی دەڕوانن وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە دابەزێنرابن، زیانی زۆریان پێ گەیاند، هەروەها من یەکەم کەسیشم ددان بەوەدا دەنێم زۆرێک لە پراتیکەکانی مارکسیزم بڕێک لە شێواندنی تێدا هەن کەم نین. بەڵام ئەوانە شتێکن و شێواندنی ڕاستیی زانستیی فەلسەفەیەکیش شتێکی ترە. هەر کەس سەرچاوە بنچینەییەکانی خوێندبێتنەوە و گەڕابێتەوە بۆیان، ئەستەمە بتوانێت بەڵێ بۆ ئەو لێکدانەوە بازاڕیی و سواوانە بکات.
ئەرکی نووسەری دڵسۆز بەرامبەر بە خوێنەرەکانی کە متمانەی خۆیانی پێ دەبەخشن و، لەو شتانەدا دەیکەنە ژێدەر و سەرچاوەیەک بۆ خۆیان کە خۆیان بە تەنها ناتوانن بیانزانن، ئەوەیە لەگەڵیاندا ڕاستگۆ بێت و لە بریی ئەوان ئەرکی گرانی گەڕان و لێکۆڵینەوە و کنەکردن بگرێتە ئەستۆ و، پێویستیی ئەوان بۆ زانین لەپێناو سەپاندنی بڕێک بۆچوونی کەموکووڕ یاخود شێواودا نەقۆزێتەوە، یاخود لەپێناو پەلەکردن لە

نووسینی هەر شتێک کە بە خەیاڵدا دێت، پشتئەستوور بەوەی چاپخانەکان چاوەڕوانن و خوێنەریش مسۆگەرە.
ئەوە وەک نووسەرێک و وەک ڕۆشنبیرێک و وەک موسوڵمانێک ئەرکی سەر شانی تۆیە دکتۆر مستەفا مەحموود، کە لەگەڵ خوێنەرانتدا ڕاستگۆ بیت و زانیارییەکانیان دڵسۆزانە و لە سەرچاوە ڕاستەقینەکانیانەوە بۆ بگوازیتەوە، لەپاش ئەوە چۆنت پێ خۆشە ڕەخنەی مارکسیزم بکە مادام بەو ڕادەیەی پێویستە ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکەیت خوێندوتنەتەوە.
دواجار ئاواتێکم هەیە دەخوازم تۆ بۆ من و بۆ خوێنەرە زەوەندەکانیشتی بهێنیتە دی، ئەویش ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان (کاری چاکەیش تا زوو بکرێت چاکترە) کتێبێک سەبارەت بە "سەرمایەداریی و ئیسلام" بنووسیت، تاکو وێنەکەت لای خوێنەر وەک بیرمەندێک کە تەنها ئیسلام سەر دەخەیت نەک ئەم یاخود ئەو باوەڕی تر، تەواو کامڵ ببێت. من بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو کتێبەت دەکەم، تەنها تکایشم، دیسان لەم دۆخەدا، ئەوەیە دەرفەتی تەواو بدە بە هزری سەرمایەداریی تاکو لە ڕێگای سەرچاوە بنچینەییەکانییەوە گوزارشت لە خۆی بکات، بۆ ئەوەی هیچ کەس تۆمەتبارت نەکات بەوەی ناهەقییت لە سەرمایەداریی کرد، وەک چۆن ناهەقییت لە مارکسیزم کرد!

**ژێدەر:**
**کتێبی (الصحوة الإسلامية في ميزان العقل)، الدكتور فؤاد زكريا، دار الفكر المعاصر، الطبعة الثانية، يناير١٩٨٧.**

# (٤)
# شۆڕش و یاخیبوون
# لای ئەلبێر کامۆ[6]

**هەندێک لە نووسەران بە دووروودرێژی لەسەر شۆڕش دەدوێن بێ ئەوەی لەنێو ناخیاندا باوەڕێکی قووڵیان پێی هەبێت. هەندێکیشیان سەبارەت بە یاخیبوون دەنووسن و، لەنێو بیر و مێشکیاندا بڕێک واتا هەن هەرچی ڕەسەنایەتییەک لە شۆڕشدا هەن لەناوی دەبەن و، ئەو بەها ڕاستەقینەیە دەشێوێنن کە هەیەتی، بە بڕوای من ئەلبێر کامۆ یەکێکە لەو نووسەرانە. کامۆ کتێبێکی گەورەی بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردووە. ڕەنگە ئەم کتێبەی یەکێک بێت لە گەورەترین کتێبەکانیشی، کتێبەکەی کامۆ ناوی "مرۆڤی**

---

[6] - ئەلبێر کامۆ (١٩١٣-١٩٦٠) ڕۆماننووسێکی فەڕەنسییە، لە جەزائیر هاتووەتە دونیاوە. ساڵی١٩٥٧ خەلاتی نۆبێلی لە بواری ئەدەبدا وەرگرتووە. (نامۆ) کە لە ساڵی ١٩٤٢دا بڵاوی کردووەتەوە و (تاعون) کە لە ساڵی١٩٤٧دا بڵاوی کردووەتەوە و (کەوتن) کە لە ساڵی١٩٥٦دا بڵاوی کردووەتەوە، لە گرنگترین بەرهەمە وێژەییەکانین، هەروەها ژمارەیەک شانۆگەریی و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیشی هەن، (مرۆڤی یاخی) کە لە ساڵی١٩٥١دا بڵاوی کردووەتەوە، یەکێکە لە دیارترین لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی.

**یاخی"یە (ساڵی١٩٥١ چاپ و بڵاو کراوەتەوە). لەبەر ئەوەی لەنێو کتێبەکەدا بە ناوی خۆشویستنی مرۆڤایەتییەوە هێرش دەکرێتە سەر شۆڕش و پەلاماری شۆڕش دەدرێت و، بە بیانووی یاخیبوونەوە بانگەشە بۆ هاوسەنگی و دادگەریی دەکرێت و، بە ناوی گەڕانەوە بۆ سروشت مێژوو ڕەت دەدرێتەوە و، بە ناوی پایەماڵکردنی کۆیلایەتی و بەرگریکردن لە ئازادییەوە واتاکانی پێشکەوتن دەشێوێنرێن ...**

کتێبی "مرۆڤی یاخی" ناتوانرێت بە کتێبێکی فەلسەفیی تیۆری ناوزەند بکرێت بەڵکو لەڕاستییدا بە پلەی یەکەم کتێبێکی سیاسییە. هەوڵ و تەقەللایەکە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمەکە و گوزارشتکردن لە چیەتییە ناوەکییەکەی، لەژێر تیشکی ئەو ڕوانگە تایبەتەدا کە کامۆ لەبارەیەوە پێکی هێناوە ... لەنێو کتێبەکەدا ددانپێدانانێک هەیە بەوەدا کە یاخیبوون ڕاستییەکی هاودەمی مرۆڤە، سروشتی گۆڕاو و گەشەکردووی مرۆڤ دەیخوازێت ... وێڕای ئەوە کتێبەکە بۆ کردەی یاخیبوون بڕێک کۆت و بەند دیاری دەکات، کە کردەکە تەنها لە چوارچێوەی جڤاکە خۆرئاواییەکاندا قەتیس دەکات؛ چونکە نووسەری کتێبەکە هاوڕای ماکس شیلەری فەیلەسووفی ئەڵمانە لەو جیاکارییەدا کە یاخیبوون و ڕقی ئیرەییبەر لە یەکدی جیا دەکاتەوە ... لەبەر ئەوەی لەنێو ڕقی ئیرەییبەردا خراپە لەنێو دەروونەکاندا جۆش دەخوات و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. گوزارشت لە بێتوانایی و کەموکووڕییەک دەکات هیچ دەریچەیەکیان نییە. بەڵام یاخیبوون پێودانێکی ئازاد و گۆڕاوە، گوزارشت لە زەبەندییەک لە هێز و وزەدا دەکات، لە لایەکی ترەوە مەرجەکانی یاخیبوون لەو شوێنەدا پێ ناگەن کە یەکسانیی لەڕادەبەدەر زۆرە، یان یەکسانییەکی ڕەها هەیە. بەڵکو دەشێت یاخیبوون "لەنێو کۆمەڵێکدا" ڕوو بدات "کە

تیایدا دەرکەوتەکانی جیاوازیی ڕاستەقینەی ئاشکرا لەپشت یەکسانیی تیۆرییەوە ون دەبن" ، کامۆ، لە ڕێگای ئەو لێکدانەوانەوە ئەنجامگیریی ئەوە دەکات "کێشەی یاخیبوون تەنها لە چوارچێوەی جڤاکە خۆرئاواییەکەماندا واتای هەیە".
بەو شێوەیە، کردەی یاخیبوون لای کامۆ هەر لە دەستپێکەوە واتایەک وەردەگرێت تیایدا تەنها بە جڤاکەکانی خۆرئاوا و، تەنها لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەی مێژووەکەیدا تایبەت دەبێت. تەواوی مێژووی ڕابووردوویش بە شێوەیەک لێکدەداتەوە کە تیایدا شۆڕشە کۆنەکان گوزارشت لە هەموو شتێک دەکەن تەنها لە یاخیبوونی ڕەسەن یان ڕاستەقینە نەبێت ... هەروەها بەو شێوەیە لە تێکڕای جڤاکەکانی تری بێجگە لە جڤاکی خۆرئاوا دەڕوانێت کە توانای گەیشتن بە قۆناغی یاخیبوونیان نییە. هۆکاری ئەوەیش چ بۆ بێتوانایی خودی کامۆ خۆی بگەڕێتەوە لەو بارەیەوە کە بێتوانایە لەوەی بە نێو قووڵایی ڕۆحی ئەو جڤاکانەدا شۆڕ ببێتە خوارەوە، یان بۆ چەشنێک لە دەمارگیریی نەستەکی بۆ ئەو شارستانییە بگەڕێتەوە کە کامۆ یەکێکە لە ڕۆڵەکانی، گومانی تێدا نییە ئەو بۆچوونەی سەرەتای کتێبەکەی پێ دەست پێ دەکات بۆچوونێکە هەم لە ڕووی بابەتی و هەم لە ڕووی ئاسۆبەرینییەوە هەژارە.

## واتای یاخیبوون لە سەردەمی ئێستاماندا

لە ڕوانگەی کامۆدا لە سەردەمی ئێستاماندا چیی تر یاخیبوون یاخیبوونی کۆیلە نییە لە دژی سەردارەکەی ... هەروەها یاخیبوونی هەژاریش نییە لە دژی دەوڵەمەند، بەڵکو بووەتە یاخیبوونێکی میتافیزیکی. واتە یاخیبوونی مرۆڤ لە دژی دۆخ و بار و هەڵوێستی مرۆیی خۆی، چونکە یاخیبوونی میتافیزیکی نارەزاییەکە لە دژی بارودۆخی مرۆڤ و،

پەیوەندیی لەگەڵ گەردوون و، جەختکردنەوەیە لە تاکگەرایی مرۆڤ و، ڕەتدانەوەیەکی ئاکارێتییە ... هەوڵێکە بۆ سەلماندنی خود بەرامبەر بە پاڵنەرەکانی نائومێدی و دەرکەوتەکانی مردن. بەڵام لە ئاستێکی مرۆیی هەمەگیردا نەک تەنها لە ئاستی تاکەکەسییدا ... ئەو یاخیبوونە میتافیزیکییە پاڵی "تاوان" دەنێت- واتە پاڵی ئەو دەرکەوتانەی دڵڕەقی و ئازاردان و کوشتن دەنێت، کە سەردەمی ئێستامان سەرڕێژە لێیان و، لە فاشیزم و نازیزمدا بە ترۆپکی خۆی گەیشتووە ... ئەمەش لای مارکیز دو ساد دەردەکەوێت کە بەئاشکرا ئارەزووی کاری کوشتنی دەکرد، هەروەها لەنێو وێژەی دۆستۆیڤسکیدا دەردەکەوێت کاتێک بەرگری لەو ڕوانگە نەهیلیستییە دەکات کە تیایدا "هەموو شتێک ڕێپێدراو" دەبێت، گومانی تێدا نییە لەنێو ئەو هەموو شتانەدا تاوانکارییش. دواجار، نیتچە یەکێک نەبوو لەوانەی بەئاشکرا بانگەشەیان بۆ تاوانکاریی دەکرد بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بانگەشەی بۆ کردووە کاتێک "ڕازیبوون و جەختکردن"ی کردووە بە نموونە باڵاکەی خۆی، چونکە ڕازیبوون بە چارەنووس بە هەموو چاکە و خراپەکانییەوە کە تێیدا هەن، واتە ڕازیبوون بە تاوانکارییش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ...

بەرلەوەی بچینە سەر باسی قۆناغێکی تر لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی کامۆ سەبارەت بەو بابەتە، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ کۆی ئەو پێشەکییە چەوێڵانە بکەین کە کامۆ لە بۆچوونەکانی پێشوویدا پشتی پێیان بەستووە. چونکە ئەو پێی وایە یاخیبوونی کۆیلە لە دژی سەردارەکەی و، هەژار لە دژی دەوڵەمەند، چیی تر سەردەمی بەسەر چوو، هەرچەندە ئەو یاخیبوونە هێشتا لە ئارادایە و تەنانەت شێوەی سەرەکیی یاخیبوونە لە سەردەمی ئێستاماندا و، هەر ئەو یاخیبوونەیشە ئەو سیما تایبەتمەندەی کە هەیەتی بە هەر شێوەیەک لە

شێوەکانی تری یاخیبوون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبەخشێت. هەرچی یاخیبوونی میتافیزیکیی مرۆڤیش هەیە لە دژی دۆخ و هەڵوێستی خۆی و شوێن و پێگەی لەنێو گەردووندا، هۆکارەکانی لە کۆنترین سەردەمەکانەوە هەمیشە هەر هەبوون و ئامادە بوون، لەبەر ئەوەی دۆخی مرۆڤ لە ڕووی میتافیزیکییەوە هیچ نەگۆڕاوە. ئەگەر ئەو جۆرە لە یاخیبوونیش بە تایبەتی لەو ماوەیەدا برەوی سەندووە کە کامۆ باسی کردووە، پێدەچێت پاڵنەرەکەی بۆ چەند هۆکارێکی نامیتافیزیکی بگەڕێتەوە- مەبەستم لە برێک هۆکاری پەیوەستە بە سروشتی ژیانەوە لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەی ڕابووردوودا بەتایبەتی. سەبارەت بەو نموونانەیش کە کامۆ وەک نموونە بۆ یاخیبوونی میتافیزیکی هێناونێتییەوە و، گرنگترینیشیان بریتین لە "ساد" و دۆستۆیڤسکی و نیتچە، ئێمە زۆر لەسەریان نادوێین، هێندە بەسە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کامۆ لە بیرکردنەوەی ئەوان تەنها واتا و گوزارە نەرێنییەکەی وەرگرتووە، دیارە مەبەستم لە پاڵنانە بۆ ئەو شتەی کە کامۆ بە "تاوان" ناودێری دەکات، ئەگەرچی لەو کاتەدا بەشێکی زۆر لە بۆچوون و بیری ئەوان، لەڕاستییدا بۆ بەرگرتن بە ڕوودانی "تاوان"ی گەورەتر بوو.

## گۆڕانی یاخیبوون بۆ شۆڕش

بەڵام هەموو یاخیبوونێک لە دژی خۆی پێچەوانە دەبێتەوە، کاتێک یاخیبوونەکە بۆ "شۆڕشێکی سیاسی" دەگۆڕێت پاڵپشتی لە دەسەڵات و هێزی دەوڵەت دەکات. "چونکە گەشەکردنی نامۆ و تۆقێنەری دەوڵەتی نوێ، دەشێت وەک ئەنجامێکی لۆژیکیی برێک خواستی فەلسەفی و ئابووریی ڕێکنەخراوی دوور لە گیانی ڕاستەقینەی یاخیبوون چاوی لێ بکرێت، لێ

لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێتە مایەی بوژاندنەوەی گیانی شۆڕشگێڕیی تایبەتمەندی سەردەمەکەمان. چونکە خەونە پێشبینیئامێزەکانی مارکس و، پێشبینییە زێدەڕۆکانی هیگڵ یان نیتچە، کۆتاییان هات، پاش ئەوەی پایەکانی شاری خودا بەرەو بونیادنانی دەوڵەتێکی دامەزراو لەسەر بناغەی ئەقڵ یان دژەکەی ڕووخێنران، لێ لە هەردوو دۆخەکەدا، لەسەر بنەمای تیرۆر بونیاد نرابوو".

بەم پێیە شۆڕش لە ڕوانگەی کامۆدا ئەنجامێکی لۆژیکیی بێ چەند و چوونی یاخیبوونە، لە کاتێکیشدا کە یاخیبوون لەڕاستییدا هەڵوێستێکی تەنها ئەقڵییە، بەڵام شۆڕش لەڕاستییدا بەجێهێنانێکی دروستی واتاکانی یاخیبوونە، بەجێهێنانێکە بە بڕوای کامۆ گومانی تێدا نییە ئەنجامێکی پێچەوانەی ئامانجی بنچینەیی یاخیبوونی لێدەکەوێتەوە، کە لە بریی ئەوەی ئازادیی فراوانتر بکات کۆتی دەکات. لێرەیشدا دیسان بیرکردنەوەی کامۆ بڕێک پێشەکی تێدا هەن پێویستە لێیان بە ئاگا بین، تاکو بیرکردنەوە و ئەقڵ کوێرانە و بەبێ هیچ دەستنیشانکردنێک بەیدەستیان نەبێت، چونکە کامۆ پێی وایە پاڵپشتیکردن لە هێزی دەوڵەت لە هەموو هەلومەرجەکاندا کارێکی خراپە. هەڵبەتە خاوەنی ئەم بۆچوونە پێدەچێت کەسێکی ئانارشیست بێت. جا بە ڕاستییش هەر وایە، لەبەر ئەوەی دەبینین کامۆ گرنگییەکی زۆر بە کەسایەتیی باکۆنین دەدات، کە بانگەشەکارە هەرە گەورەکەی ئانارشیزمە، هەروەها هاوسۆزییەکی ڕاستەقینە بەرانبەر ئانارشیستانێکی وەک کلاییێف دەردەبڕێت، لەو ئانارشیستانەی کە دەکوژن و دەمرن بێ ئەوەی لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا هەوڵ بۆ دامەزراندن یان پاڵپشتیکردن لە دەوڵەتێک بدەن. چونکە لە ڕوانگەی کامۆدا، ئەوانە "یاخیبووە" ڕاستەقینەکانن، ئەوانەن کە ڕازی نین خۆیان لەنێو ڕژێمێکی فەرمانڕەواییدا لە قاڵب

بدەن، یان لەپێناو دەوڵەتدا دەست لە ئازادیی خۆیان هەڵبگرن. کامۆ هاوسۆزیی ئەو کەسانە دەکات و، هزر و بیریشی لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە کە مێژووی نوێ بۆ تاهەتایە و بە ئێجگاری بەجێی هێشتووە.

## نموونەیەک لە شۆڕشی فەڕەنسی

کامۆ، لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنە لە سروشتی شۆڕش لە پەیوەست بە یاخیبوونی بنچینەیی کە ئێمە لێیدەکۆڵینەوە، داوەریی هەموو ئەو شۆڕشە سیاسییانە دەکات کە خۆرئاوا لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەی دواییدا بە خۆیەوەی بینیون. بۆ نموونە شۆڕشی فەڕەنسی کاتێک کە پادشای کوشت، بە هۆی ئەو کارەیەوە کە کردی لەڕاستییدا خوداکانی لەناو برد و، مرۆڤی لە ستەمی ئەوان ئازاد کرد، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی "پادشا" واتە هێما و سیمبوڵی دەسەڵاتی خودایی، مەحف کردەوە. بەو چەشنە وەک دەبینین کامۆ تەنها لە ڕوانگەی ئەو وێنە سەمبولیکییەوە لەو شۆڕشە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە دەڕوانێت و، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی دیکەی پشتگوێ دەخات. لەڕاستییدا لویسی شانزە یەکەم پادشا نەبوو بکوژرێت بەڵام یەکەم پادشا بوو کە خەڵک یان جەماوەر کوشتیان. خودی شۆڕشەکە خۆیشی یەکەم هەوڵ نەبوو بۆ گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەوایی بە ڕێگای هێز، لێ یەکەم هەوڵی سەرکەوتوو بوو کۆمەڵانی گەلێکی چەوساوەی برسی بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و، بەرقەرارکردنی فەرمانڕەواییەکی بونیادنراو لەسەر بڕێک بەها و نۆرمی نوێ دایان. کاتێک مرۆڤ ئەو ڕووداوە گەورانە دەهێنێتە پێش چاوی خۆی کە هاودەمی ئەو شۆڕشە بوون، دەبێت کەم بایەخترین شت لە لای وێنەی کوشتنی پادشا وەک هێمای

دەسەڵاتێکی خودایی بێت، تەنانەت پێویستە وێنەی پادشا وەک هێمای چینێکی کۆمەڵایەتی جێی ئەو وێنەیە بگرێتەوە کە تا ئەو کاتە دەستی بەسەر تەواوی مێژووی خۆرئاوادا گرتبوو. لەبەر ئەوەی واتا و گوزارەی کۆمەڵایەتیی کوژرانی پادشا و، دەستگرتنی چینی بندەست – بۆ یەکەمین جار- بەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەواییدا، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، ئەوانەن دیارترین ئەو وێنانەی کە شۆڕشی فەڕەنسی هێمایان بۆ دەکات، هەرچی ئەو وێنەیەیش هەیە کە بیرکردنەوەی کامۆی داگیر کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر گرنگییەکی لاوەکی هەیە.

بەڵام کامۆ لەو داوەرییکردنەیدا کە داوەریی شۆڕشی فەڕەنسی دەکات، تەنها هەر بەو هێندە بەس ناکات، بەڵکو وەک هێمای "تاوان" لە کوشتنی پادشا دەڕوانێت. چونکە لە ڕوانگەی کامۆدا ئەوە بەڵگەیەکە لەبارەی ئەو پەڕگیرییەوە کە دووچاری مرۆڤ دێت کاتێک کە گیانی یاخیبوون تیایدا لە دۆخێکی ئەقڵییەوە دەگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی سیاسی. ئاشکرایە ئەو داوەرییکردنەی کوشتنی پادشا بەوەی کە هێمای تاوان و دەرکەوتەیەکی پەڕگیرییە، بەرهەمی ئەقڵ و بیرکردنەوەیەکە هەموو دەرکەوتنەکانی تری "تاوان" وەک ستەمکاریی سیاسی و زۆرداریی کۆمەڵایەتی و هەژاریی و برسێتی و نەخۆشی و، هەموو ئەو مەینەتی و تاوانە ڕاستەقینانەی بەر لە کوشتنی پادشا پشتگوێ دەخات، کە ئەوانە دەیانچەشت کە پادشایان کوشت و، هەزاران جار لەوە زیاتر بوون کە پادشا و هەموو قوربانیانی شۆڕشی فەڕەنسی بە تاوانبار و بێتاوانیانەوە چەشتیان. لەبەر ئەوە کەمترین شت کە دەشێت مرۆڤ بۆ داوەرییکردنی ئەو ڕوانگەیەی کامۆ بۆ شۆڕشی فەڕەنسی بیڵێت ئەوەیە بڵێت ڕوانگەیەکی ئەریستۆکراتیی سنووردار و کورتبینە.

## له نێوان تاهەتاییێتی و دونیاییێتیی مێژوودا

بەمەبەستی بەردەوامبوون لەسەر بەدواداچوونی بیرکردنەوەی کامۆ لە ڕووی ئەو ئەنجامانەوە کە لە "تاوان"ی یەکەم کەوتنەوە و، بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی سەردەمی شۆڕشی سیاسی لەم سەدەیەی دواییدا، پێویستە لەسەرمان بپرسین: ئەو واتا و گوزارەیە چییە کە ئەو ڕووداوە سەمبولیکییە گەورەیە کە ڕووداوی کوژرانی پادشایە، هەیەتی. واتە لەناوبردنی هێمای دەسەڵاتی خودایی لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا کە گیانی یاخیبوون باڵی بەسەردا کێشا؟ لەناوبردنی دەسەڵاتی خودایی و، بەم پێیە ئازادبوون لە کۆت و پێوەندەکانی ئایین، نیشانەی دەستپێکردنی وەرچەرخانێکی گەورە بوو. چونکە لە سەردەمە ئایینییەکاندا واتای تاهەتاییێتی زاڵ دەبێت و، کاریگەریی مێژوو و کات کز و کەم دەبێتەوە. بەم پێیە کوژرانی پادشا- کە هێمای دەسەڵاتی خوداییە- نیشانەی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێیە، لە ماوەی ئەو سەردەمە نوێیەدا بیرۆکەی تاهەتاییێتی نەما و بیرۆکەی مێژوو باڵادەست بوو. لە سایەی ئەو باڵادەستییەی "مێژوو" یشدا تاوان حەڵاڵ کرا یاخود ڕەوایەتی و ڕێی پێ درا و، سەردەمی ئاشتەوایی کۆتایی هات کە ئەو دەمە باڵادەست بوو کە هەموو شتەکان بە پێوانەی تاهەتاییێتی دەپێوران. گومانی تێدا نییە بیرکردنەوەی کامۆ لەو بارەیەوە ئاڵۆز دەردەکەوێت و ڕەنگە تەواو لە تێگەیشتنیش دوور بێت ئەگەر واتای "مێژوو" لای ئەو ڕوون نەکەینەوە و، سروشتی ئەو پەیوەندییە دەستنیشان نەکەین کە بە قەولی ئەو لە نێوان مێژوو و دەستگرتنی توندوتیژیی بەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤدا هەیە.

مرۆڤ کاتێک مێژوو هەڵدەبژێرێت نەهیلیزمی ئاکاریی هەڵدەبژێرێت. چونکە پێشتر لە سای تاهەتاییێتیدا هەموو شتەکان ملکەچی بڕێک یاسای بێ چەند و چوون بوون، خەڵک بۆ چوونەوە سەر ئەو یاسایانە ڕێگای خۆیان بزر نەدەکرد. بەڵام لە سای مێژوودا تۆکمەیی جووڵەی کات و سەردەم هەموو شتێک لەبەردەم خۆیدا ڕادەماڵێت. بەو چەشنەیش ئامانجەکە دەبێت بە "کردار" بێ هیچ یاسا و ڕێسا و بنەمایەکی ئاکاریی، سەروەختێکیش لە سەدەی نۆزدەدا ئەوە مێژوو بوو بەسەر ئەقڵ و هۆشی مرۆڤەکاندا زاڵ بوو، گیانی یاخیبوونی نێو مرۆڤەکان چیی تر کرداری ڕەهای کردە ئامانجی خۆی بێ ئەوەی هیچ شتێک بتوانێت سنووورداری بکات، یان هیچ لەمپەرێک لە ڕوویدا بووەستێتەوە.
باڵادەستیی مێژوویش دوو شێوەی بە خۆیەوە بینی، هەریەکەیان جۆرێکی جیاواز لە "تاوان"ی لێ کەوتەوە. چونکە مێژوو یان ئەوەیە وەک هێزێکی ژیر لێی بڕوانرێت، یان وەک هێزێکی ناژیر. لە دۆخی یەکەمدا مێژوو شۆڕشی کۆمۆنیزمی لێ کەوتەوە، لە دۆخی دووەمیشدا نازیزم.
لەبەر ئەوەی بە هۆی کاریگەریی هیگڵەوە چیی تر وەک هێزی بزوێنەری مێژوو تەماشای ئەقڵ دەکرا، لە ئەنجامی ئەوەیشدا ماتەریالیزمی زانستی و بێباوەڕیی نائاکارێتی زاڵ بوون و، هەندێک ئامانج بۆ مێژوو داندران لە سەرەتادا ئەقڵ دەستنیشانی کردن، لەدواییدا هەموو شتێک لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا ڕەوایەتییان پێ درا. بەو شێوەیە هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەو ئەقڵگەراییە لە ڕاڤەکردنی مێژوو و ئەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەدا کرا کە ڕۆشنبیرانی سەدەی نۆزدە پێشەوایەتییان کرد کە پێشتر زۆر پەرۆش و پێداگری پابەندبوون بە بنچینە ئاکارییە ئایدیالیستییەکەی خۆیان بوو. ئەوە بوو بیر و بۆچوونەکانی هیگڵ بەو ئەقڵگەراییە مێژووییە

تۆکمەیەوە کە تیایاندا هەیە بەسەر ئەو ئاراستە شۆڕشگێڕەدا زاڵ بوو و، لە کانیاوە بێگەردەکانییەوە گۆڕینی بۆ مێژووی توندوتیژی، وەک نیشانەیەکی سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی کە ڕێگای پەڕگیریی گرتە بەر تا ئەو کاتەی لە شۆڕشی کۆمۆنیستیی ڕووسی لە سەدەی بیستدا بە ترۆپکی خۆی گەیشت. "چونکە بەهاکان تەنها لە کۆتایی مێژوودان. تا هاتنی ئەو دەمەیش هیچ پێوانەیەکی گونجاو نییە، هیچ داوەرییبەهایەکی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵکو پێویستە مرۆڤ لەپێناو داهاتوودا هەنگاو بنێت و بژی. بەو چەشنە هەموو ئاکارێکیش دەبێتە کاتی." بەم پێیە، ئەو مەترسییە هەرە گەورەیە کە بە هۆی بۆچوونەکانی هیگڵەوە دەرگاکانی خۆی خستە سەر پشت، ئەوەیە ئەرکی خولْقاندنی بەها و نۆرم و چەسپاندنی ڕاستی تەنها بە مێژوو بسپێرین. "لەبەر ئەوەی کاتێک ئەستەم دەبێت بە ڕوونی لە هیچ شتێک تێبگەین، بەر لەوەی ڕاستی لە کۆتایی سەردەمدا لەبەر تیشکی ڕووناکییەکی پرشنگداردا دەربکەوێت، ئەو کات هەموو کردەیەک ڕەوا و ڕێپێدراو دەبێت و، هێز باڵادەست دەبێت و هیچ ڕکابەرێکی نابن"

هەروەها کامۆ پێی وایە نازیزمیش بە هەمان شێوە ئەنجامی زاڵبوونی بیرۆکەی مێژووە بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی نوێدا، ئەگەرچی نازیزم وەک هێزێکی ناژیر لە مێژوو دەڕوانێت. چونکە هیتلەر مێژووە لە بێگەردترین شێوەیدا. لەبەر ئەوەی هیتلەر ستایشی کرداری پەتی دەکرد، بێ هیچ بناغە یان بنەمایەک کە ئەو کردارە بیکات بە ئامانجێک بۆ خۆی. ژیانی هیتلەریش وەک فەرمانڕەوایەک هیچی تر نەبوو بێجگە لە زنجیرەیەک لە کردار. لە کرداری بەردەوام کە هیچ ئامانجێک بۆ خۆیان دیاری ناکەن. بەم پێیە نازیزم نابوونێکی پەتی بێ بیر و بۆچوون و بێ ئامانجە، لەڕاستییدا لە

زنجیرەیەک "کردار"ی درندانە زیاتر نییە. لەوەتەی سەرەتای ئەو جووڵانەوەیەشەوە، هیچ پلان و نەخشەیەکی دیاریکراوی بۆ خۆی نیگار نەکێشا بوو، بەڵکو لە کردارێکەوە دەچووە سەر کردارێکی تر و لە سەرکەوتنێکەوە دەڕۆیشت بۆ سەرکەوتنیکی تر، هیچ ئامانجێکی تری نەبوو تەنها سەرکێشیی زیاتر نەبێت. لە سای ئەو نابوونە ڕەهایەیشدا نازیزم بەو چەشنە ژیا کە پێی وابوو مێژوو هێزێکی لە ئەقڵ خاڵی و بێ ئامانجە، هێزێکە لە لافاوێک دەچێت هەموو شتێک لەبەردەم خۆیدا ڕادەماڵێت. بەردەوام دەڕوات و هەرچی شتێک کە دێنە سەر ڕێگای لەناویان دەبات، بێ ئەوەی ئامانجێک هەبێت ئاراستەی بکات یان پلانێک هەبێت ئاراستەکەی جڵەو بکات.
هەر بۆیە لە ڕوانگەی کامۆدا نازیزم مێژووە لە شێوە پەتییەکەیدا؛ واتە لەو ڕووەوە کە کردارێکی پەتیی بێ ئەقڵ و بێ ئامانجە.
بەم پێیە، ئێمە چ بەو چەشنە لە مێژوو بڕوانین کە ئامانجێکی هەیە بارەکەی جڵەو کردووە و بەگوێرەی بڕێک یاسای ئەقڵیی تۆکمە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ڕێ دەکات و، چ بەو جۆرە لە مێژوو بڕوانین کە هێزێکی نائەقڵییە ئامانجی کرداری بێ هیچ واتا یان بێ هیچ ئامانجێکە، لە هەردوو دۆخەکە کەوتووینەتە نێو چەپۆکی تیرۆرەوە؛ لەبەر ئەوەی مێژووی ئەقڵخواز تیرۆری ئامانجمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە بە هەر نرخ و تێچوویەک بووە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات و، لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەیشدا هەموو شتێک ڕەوا و حەڵاڵ دەکات و، وەک تەنها قۆناغی پەڕینەوە و گواستنەوە کە پێویستە تیایدا هەموو تیرۆر و زۆردارییەک لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی مێژوودا بۆ خۆمان حەڵاڵ و ڕەوا بکەین، لەو ڕێگایەمان دەڕوانێت کە بە هۆیەوە لەو کەلێنە دەپەڕینەوە کە لە نێوان

ئێمە و کۆتا ئامانجدا هەیە. مێژووی نائەقڵییش لەو ڕووەوە کە کردارێکی پەتییە، لە جەستەیەکی زەبەلاحی بێ کەللەسەر دەچێت، تیایدا هەموو شتێک چوونیەکە، مادامەکی وزە شاراوەکانمان بەرەڵا دەکات کە بە ئاراستەیەکی گەمژانەی بێ بنەما و بێ بەها و بێ نۆرمدا دەڕوات. کورت و کرمانج، باڵادەستیی مێژوو واتە کەوتنە نێو چەپۆکی تیرۆرەوە، چ ئەو تیرۆرە تیرۆرێکی ئەقڵیی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو بێت، یان تیرۆرێکی نائەقڵیی گەمژانە بێت و کوێرانە پەل بکوتێت.

وەک دەردەکەوێت مێژوو لای کامۆ بەم چەشنەیە؛ هێزێکی زاڵە شۆڕشی سیاسی وەک ئامراز و هۆکارێک بە کار دەهێنێت، بە هۆیەوە مرۆڤ دەهاڕێت و ئەو گیانی یاخیبوونە ڕەسەنە لەناو دەبات کە تیایدا هەیە و، کە هەوڵدانی مرۆڤە لەپێناو ئازادبوون و نارەزایی دەربڕینێتی بە ڕووی زۆرداریيدا بە هەموو شێوەکانییەوە .. چونکە مێژوو واتا کۆیلایەتی و باڵادەستیی مرۆڤ لە ماوەی هەردوو سەدەی پێشوودا، کە بووە هۆی ڕەوایەتیدان بە "تاوان" و بڵاو بوونەوەی. لەو چرکەساتەیشەوە کە مرۆڤ خوداکانی لەناو برد و، کۆتایی بە سەردەمی "تاهەتاییێتی" هێنا و لە بریی ئەو ملکەچبوون بۆ بڕیار و فەرمانی مێژووی هەڵبژارد، لەو چرکەساتەوە مرۆڤایەتی تاوان لەدوای تاوان بە خۆوە دەبینێت و، کوشتن بووە بە شێوازی هەرە گەورەی مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لە خۆی.

## ڕەخنەکردنی بۆچوونەکەی کامۆ

ئەو بیر و بۆچوونانە کە سەبارەت بە واتای مێژوو بە بیر و مێشکی کامۆدا گوزەریان کردووە، بە بڕوای من ڕستێکی تێهەڵکێش لە چەوێڵیین، هەندێکیان دەستئەنقەستن و هەندێکیان

دەستئەنقەست نین، بەڵام سەرجەمیان گوزارشت لە هزرێک دەکەن لە ڕووی بابەتییەوە دەستکورتە، لایەنگیرییەکانی دەیخەنە نێو هەڵەی لە ژمارە نەهاتووەوە.
ئاخۆ سەردەمی تاوان و ڕۆژگاری ڕەوایەتیدان بە کوشتن لەسەر ئاستێکی جیهانیی بەرین، لەو چرکەساتەوە دەستی پێ کرد کە تەختی پادشایەتیی تاهەتاییێتیی ئایینی ڕووخێنرا و، مێژووگەرایی مرۆڤ جێی گرتەوە؟ ئەی سەبارەت بە تاوانەکانی دادگاکانی پشکنین و ئەو تاوانە تۆقێنەرانەی دیکە چی بڵێین کە لەسەر ئاستێکی فراوان ئەنجام دەدران و هەموویشیان بە ناو و بیانووی بەرگریکردن لە تاهەتاییێتی و پاڵپشتیکردن لە دەسەڵاتی ئایینەوە ئەنجام دەدران؟ ئایا تاوانی بازرگانانی کۆیلە کە کۆیلەیان دەڕفاند و دەیانگواستنەوە بۆ کێڵگەکانی ئەمەریکا تا لەوێ کاری بێگاریان پێ بکرێت- ئایا ئەوانە بڕێک تاوان بوون لە سای باڵادەستیی مێژوو یان گیانی مێژوویی شۆڕشدا ئەنجام دران؟ بەدڵنیاییەوە کوشتن و تاوان لەوەتەی کۆنترین سەردەمەکانەوە لەسەر ئاستێکی فراوان ئەنجام دراون. بێ ئەوەی سەردەمی باڵادەستیی مێژوو هیچ کاریگەرییەکی لە بڵاوکردنەوەیاندا هەبووبێت. ڕاستە کامۆ تاوانی نوێ و تاوانەکانی پێشوو لە یەکدی جیا دەکاتەوە، لەسەر ئەو بناغەیەی تاوانی نوێ لە سۆنگەی تینوێتی بۆ تاوان و شارەزاییەوە ئەنجام دەدرێت و تایبەت و ڕێکخراون، بەڵام تاوانی پێشوو یان ڕابووردوو تەنها خۆبەخۆ و گەمژانە بوو.
لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو جیاکارییە هەر زوو هەرەس دەهێنێت کاتێک بیر لە سروشتی "تاوان" بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا دەکەینەوە؛ چونکە لەوێ کوشتن بە پیرۆزییەوە گرێ دەدرا و بەرمەبنای بڕێک داوەریی و بڕیار و پاساوی "لۆژیکی" ئەنجام دەدرا، کە بەرزترین دەسەڵاتەکان دەریان دەچوواند. بەم پێیە هەرگیز مێژوو لە تاوانی بە تەگبیر

و ڕێکخراو بەرپرسیار نییە، بەڵکو لە کۆنترین چاخەکانەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە. وێڕای ئەوە تەنها هەر کوشتن تاوان نییە تەنانەت ئەگەر ئەو کوشتنە کوشتنی بەکۆمەڵیش بێت، بەڵکو ژمارەیەک تاوان هەن لە دڵڕەقی و توندوتیژییدا هیچیان لە کوشتن کەمتر نییە، سەرجەمیان بۆ ستەمی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ئابووریی دەگەڕێنەوە. بەم واتایەی کۆتاییش سەردەمی باڵادەستیی مێژوو ئەو سەردەمەیە کە مرۆڤ تیایدا یەکەم هەوڵی خۆی بۆ ڕزگاربوون لە دەست "تاوان" بە واتا بەرینەکەی دەست پێ کرد.
لەلایەکی دیکەوە، چەمکی "مێژوو" لای کامۆ تا ڕادەیەکی زۆر چەمکێکی شێوێنراوە. لەبەر ئەوەی کامۆ هەندێک تاوان دەخاتە سەر شانی مێژوو بە هەردوو واتا ئەقڵی و نائەقڵییەکەیەوە، کە مێژوو لێیان بێبەری و بێتاوانە، چونکە نائەقلانییەت لە نازیزمدا لەو ڕووەوە کە کردارێکی پەتی و زنجیرەیەکی نەبڕاوەیە لە سەرکێشیی گەمژانە، بە هیچ کلۆجێک پەیوەندیی بە واتای مێژووەوە نییە. نازیزم بەشێک نەبوو لەو جووڵانەوەیەی کە ئامانجی دامەزراندنی مەملەکەتێک بوو بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی، بەڵکو فەلسەفەی نازیزم توخمی تاهەتایی لە خۆ گرتبوو و بانگەشەی بەرگریکردن لە بەها ئایینییەکانی دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە جیهانێک دادەمەزرێنێت تاهەتایە بەردەوام دەبێت، هەرچی سەبارەت بە ئەقڵانییەتی مێژوویش هەیە لای هیگڵ و قوتابییەکانی و مارکسیش یەکێکە لەو قوتابییانەی، هیچ بانگەشەیەکی بۆ ڕەوایەتیدان بە هەموو شتێک لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی مێژوودا تێدا نەهاتبوو، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی "کۆتایی مێژوو یان ئامانجی مێژوو"، با لێرەدا سەرنجی ئەوە بدەین کامۆ یاری بە دوو واتای وشەی fin دەکات، کە وشەی ئامانج بە واتای مەبەست دەیگەیەنێت و

هەروەها واتای کۆتاییش دەگەیەنێت، خودی ئەو بیرۆکەیە خۆی جۆرێک لە دژوازییە لە وشەدا، لەبەر ئەوەی مێژوو لەو ڕووەوە کە دیاردەیەکی گەشەکردووی بەردەوام بزواوە، ئامانجێک پەسەند ناکات تیایدا بووەستێت. دەشێت ئەو ئامانجە ئامانجی قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژوو بێت، بەڵام ناشێت کۆتاسنوورێک بێت تیایدا جووڵەی مێژوو بووەستێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو شتەی کامۆ بە ڕەوایەتیدان بە هەموو شتێک لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا ناودێری دەکات، لە هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو لەمپەرانە زیاتر نییە، کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵ بەرەو ڕێکخستنێکی مرۆیی چاکتر.

## یاخیبوون و هەڵوێستی میانڕەویی

بەم پێیە، هەر وەرچەرخانێکی یاخیبوون بەرەو شۆڕشێکی سیاسیی مێژوویی، لە ڕوانگەی کامۆدا کشانەوەیەکی گیانی یاخیبوونی بنچینەیی و ڕەسەنە لەنێو مرۆڤدا و پاشگەزبوونەوەیە لە خواستی ئازادبوون بەرەو کەوتنە نێو چنگ و چەپۆکی ستەمکاری و زۆرداریییەوە. کەواتە ئەو کارە چییە کە مرۆی یاخیی ئازاد دەیکات؟ کامۆ بەم گوتەیەی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: "ئەگەر یاخیبوون بیتوانیایە فەلسەفەیەک دابمەزرێنێت، ئەو فەلسەفەیە سنوور و گەمژەیی تایبەت و سەرکێشی دەبوو. چونکە هەر کەس هیچ شتێک نازانێت، ناتوانێت هەموو شتێک لەناو بەرێت. مرۆی یاخی لە بریی ئەوەی مێژوو بکات بە هێزێکی ڕەها، بە ناوی واتایەکەوە کە سەبارەت بە سروشتی تایبەتی خۆی پێکی دەهێنێت، دەیداتە دواوە و بە گژیدا دەچێتەوە. ئەو هەڵوێستەی

خۆی دەداتە دواوە و، ئەو هەڵوێستەیشی تا ڕادەیەکی زۆر مێژووییە ..
هەروەها گومانی تێدا نییە، مرۆڤی یاخی ناتوانێت نکوڵی لەو مێژووە بکات کە دەوری داوە: چونکە لە ڕێگای ئەو مێژووەوە هەوڵ بۆ سەلماندنی خۆی دەدات. بەڵام لە بەرانبەریدا هەستی وەک هەستی هونەرمەندێک وایە بەرانبەر بەو دۆخەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ حەزی پێ ناکات بەڵام لە دەستیشی هەڵنایەت".
لەبەر ئەوەی ڕزگاربوون لە دەست ئەو کێشانەی کە باڵادەستیی مێژوو بەسەرمانیدا هێناوە، لەڕاستییدا بە "میانڕەویی" دەبێت؛ واتە بە دوورکەوتنەوە لەو پەڕگیرییەی کە بانگەشەی زانینی هەموو شتێک دەکات و ئامانج بۆ هەموو شتێک دەستنیشان دەکات و پاشان هەموو شتێک بۆ خۆی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە حەڵاڵ دەکات. هەروەها پێویستە یاخیبوون سنووری خۆی هەبن و بەرەو ئەو بنچینە ڕۆحییە بگەڕێتەوە کە لە سەرەتادا ئیلهامی لێ وەرگرت.
لەڕاستییدا کامۆ بە بەرزترین شێوە ستایشی بیرۆکەی "میانڕەویی" دەکات و پێی وایە میانڕەویی ئەو شتەیە کە مرۆڤی نوێ بە ڕاستی پێویستی پێیەتی. لەو بارەیەیشەوە بەراوردێک لە نێوان ڕۆحی دەریای سپیی ناوەڕاست بەو میانڕەویی و ئاسۆبەرینییەی کە هەیەتی، لەگەڵ ڕۆح یان ئایدیۆلۆژیای جێرمانیدا دەکات بەو دەمارگیریی و پەڕگیرییەی کە پێی ناسراوە. لە کاتێکدا کە زۆر کەس بە خەیاڵی خاوی خۆیان پێیان وایە یاخیبوون پێچەوانەی میانڕەوییە بەڵام کامۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆی بە ڕاستی یاخی لە هەمان کاتدا مرۆیەکی میانڕەوە؛ چونکە نایهەوێت خۆی بکاتە خودایەک یاخود لە هەموو شتێکدا تا سنووری پەڕگیریی بڕوات. هەروەها لە دەستگرتنی بە ڕوانگە و بۆچوونی خۆیدا

یان لە بانگەشەکردنی زانیندا، تا ئەو سنوورە ناڕوات هەر مرۆڤێک لەناو بەرێت کە پێچەوانەی ئەو بیر دەکەنەوە یان ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی دەبنەوە.
بەو واتایەیش دەتوانرێت بگوترێت لەڕاستییدا سەرلەبەری کتێبی "مرۆڤی یاخی"، کاردانەوەیە بە ڕووی "تۆتالیتاریزم"ی نێو ئایدیۆلۆژیا نوێیەکاندا. چونکە لە سەردەمی ئێستاماندا ئاسانە بۆ مرۆڤ کەسێکی پەڕگیر بێت و پەڕگیرانە لایەنگری لە لایەنێک بکات و دژایەتیی لایەنەکانی تر بکات و، بە هەموو هێز و توانایەکییەوە لە دژیان بجەنگێت، بەڵام سەختترین شت ئەوەیە مرۆڤ میانڕەو بێت و لەنێو ئەو سنوورانەدا بژی کە ویستی خۆی بەسەریدا دەسەپێنن و هۆشیاریی بەو سنوورانە هەبێت و بەردەوام پێیانەوە پابەند بێت نەیانبەزێنێت. وەک چۆن سۆرین کێرکەگۆری بیرمەندی دانیمارکی لە دژی هەمەگیریی سیستەمە ئەقڵییەکەی هیگڵی ئەڵمانی هاوسەردەمی خۆی ناڕەزایی دەربڕی، کامۆیش لەنێو کتێبەکەیدا گوزارشت لە ناڕەزاییەکی هاوشێوە لە دژی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە دەکات کە میراتگری هیگڵن، یاخود لەو ڕوانگە هەمەگیرەیاندا کە بۆ جیهان هەیانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو فەیلەسووفە گەورەیەی ئەڵمانەوە. لەبەر ئەوەی کۆتائامانجی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە گۆڕینی گیانی یاخیبوونی بنچینەیی و ڕەسەنی نێو مرۆڤە بەرەو شۆڕشێکی سیاسی هیچ سنوورێک ناناسێت تەنها ئەو سنوورانە نەبن کە جووڵەی مێژوو دەیانسەپێنێت و لەو پێناوەشدا ڕەوایەتی بە هەموو شتێک دەدەن و "تاوان" حەڵاڵ دەکەن کە بووەتە شەقڵ و سیمای تایبەتمەندی سیاسەتی نوێ.
بەدڵنیاییەوە ئەو گیانی "میانڕەویی"ـە کە کامۆ بانگەشەی بۆ دەکات ئەگەر لە سەردەمی ئێستاماندا شیانی هەبووایە و، لە تواناداا بووایە، بە ڕاستی شتێکی جێی ستایش دەبوو. بەڵام

تاقیکردنەوە کردەییەکانی شۆڕشە نوێیەکان سەلماندوویانە ئەو "میانڕەویی"ـە زۆر کات بەدیهێنانی ئەستەمە. مرۆڤی یاخی کاتێک کە دەبینێت نەیارانی شۆڕش لە ئەشکەنجەدان و کوشتنی ئازادیخوازان و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە خۆپەرستانەکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئاراستەیەک بەرەو ئازادبوون وەک دڕندە زیانەخرۆکان ڕەفتار دەکەن، چاری چییە؟ مرۆڤی شۆڕشگێڕ کاتێک هەموو دەرگاکانی میانڕەوبوونی لێ دادەخرێن هانا بۆ کوێ بەرێت؟ گومانی تێدا نییە بەشی هەرە گەورەی ئەو پەرگیرییە کە کامۆ وەک نەنگییەک دەیداتە پاڵ شۆڕشە نوێیەکان و لە پایان ڕەخنەی ئەو شۆڕشانە دەکات، لەڕاستییدا هۆکارەکەی بۆ سروشتی ئەو بەرەنگارییە دەگەڕێتەوە کە ئەو شۆڕشانە بەرەنگاری دەبنەوە نەک بۆ بوونی لادانێک لەنێو خودی شۆڕشەکان خۆیاندا. زۆر جار پەنابردنی شۆڕشگێڕ بۆ توندوتیژی شتێکە سروشتی ئەو دوژمنە بەسەریدا دەسەپێنێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، بەبێ ویستی خۆی ئەو دوژمنە ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت، هەرچی سەبارەت بە خودی شۆڕشگێڕ خۆیشی هەیە زۆربەی کات خاوەنی دەروون و ناخێکی پڕ لە خۆشویستنی مرۆڤە، ئەگەر ڕێگایەکی میانڕۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی خۆی شک بەرێت، بۆ چرکەساتێک چییە دوودڵ نابێت لەوەی بیگرێتە بەر. بەم پێیە توندوتیژیی تایبەتمەندییەکی ناکاوی شۆڕشگێڕە، ئەو بەرەنگارییە کە بەرەنگاریی دەکرێت و، دڕندەیی خودی دوژمنەکان خۆیان و، گەورەیی ئەو ستەمەی کە پێویستە لەسەری لە دژی بجەنگێت، بەسەریدا دەسەپێنێت. بەهەرحاڵ ڕەفتارەکانی مرۆڤی شۆڕشگێڕ چەندێک توندوتیژیش بن، ئەم توندوتیژییەی بەراورد بە خراپی و ترسناکیی ئەو بارودۆخەی لە دژی شۆڕش دەکات، شتێک نییە شایانی باس بێت.

به کورتی، پەنابردنی مرۆڤی شۆڕشگێڕ بۆ توندوتیژیی، لەڕاستییدا پەنابردنە بۆ شێوازێک کە بەسەریدا سەپێنراوە. لە کاتێکدا ئەو لە ناخی خۆیدا میانڕەویی پێ باش و لا پەسەندە، بەڵام ئەگەر بەردەوام ئەو میانڕەوییە وەک ڕێگایەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانێکدا بگرێتە بەر کە لە هەموو گیانێکی مرۆیی خاڵین، ئەو کات لەو بارەیەوە لە خزمەتکردنی ئەو پەیامەدا کەمتەرخەم دەبێت کە ئەرکی بەدیهێنانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و، ناتوانێت هیچ کام لە بنەماکانی شۆڕش و یاخیبوونە بنچینەیی و ڕەسەنەکەی خۆی بەدی بهێنێت.

**ژێدەر:**
**ژمارە ٣ی مانگی ئایاری ساڵی١٩٦٥ی گۆڤاری (الفکر المعاصر)**

## کێ ئاکاری دروست کردووە؟

**"ئاکار مرۆڤە لاوازەکان دروستیان کردووە،**
**تا بە هۆیەوە باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان**
**سنووردار بکەن."**
**فریدریش نیتچە[7]**

**"ئاکار مرۆڤە بەهێزەکان دروستیان کردووە،**
**تا بە هۆیەوە جڵەوی مرۆڤە لاوازەکان بکەن"**
**کارڵ مارکس[8]**

**چۆن دەشێت دژیەکیی نێوان دوو بیرمەند کە لە سەردەمێکدا ژیاون، بگاتە ئەو سنوورە، کە هەردووکیان دەربارەی دیاردەیەک دواون و هەریەکەیان لە بەرانبەر ئەو دیاردەیەدا هەڵوێستی شیکاریی و توێکاریی و ڕەخنەیان دەربڕیوە؟ ئایا ڕێی تێ دەچێت ئاکار لە یەککاتدا دەستکردی دەستی مرۆڤە لاواز و مرۆڤە بەهێزەکان بێت و لە یەککاتدا ئامرازێک بێت بۆ باڵادەستی و بۆ دانانی سنوورێک بۆ باڵادەستی؟ ئایا**

---

[7] - فریدریش نیتچە (١٨٤٤-١٩٠٠) فەیلەسووفێکی ئەڵمانە، (زەردەشت وای گوت) یەکێکە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی.

[8] - (١٨١٨-١٨٨٣) ئابووریناس و کۆمەڵناسێکی ئەڵمانە، (سەرمایە) یەکێکە لە دیارترین بەرهەمەکانی و بە سێ بەرگ و لە ساڵانی ١٨٦٧ و ١٨٨٥ و ١٨٩٤دا بڵاو کراوەتەوە.

**کەندەڵانێکی قووڵ بوونی نییە گوزارشت لە هەڵوێستی هەریەک لە نیتچە و مارکس سەبارەت بە ئاکار ناکات؟**

پێش هەر شتێک دەمەوێت ئەوە لای خوێنەر بدرکێنم و بڵێم ئەو دوو پرسەی من بە هۆیانەوە ئەم وتارەم دەستپێکرد، دوو دەقی وشە بە وشەی وەرگیراو نین لە نیتچە و مارکس، بەڵام هەردوو دەقەکە گوزارشت لەو ڕۆحە دەکەن کە سەبارەت بە بابەتی ئاکار بەسەر بیرکردنەوەی ئەواندا زاڵە، بە شێوەیەکی زۆر پوخت هەڵوێستی ئەوان سەبارەت بەو بابەتە کورت دەکەنەوە. هەنگاوی دووەم دەمەوێت بانگهێشتی خوێنەر بکەم تا بە قووڵی لەو دوو پرسە ورد ببێتەوە و بزانێت ئاخۆ دەتوانرێت پردێک بۆ گەیاندنی هەردوو لایەنەکە بە یەکدی بدۆزرێتەوە؟ چونکە دەشێت بیروڕاکانی لە هەمبەر بابەتێک دژیەک بن، بەڵام دەبێت هەندێک پرد هەبن بە یەکدییان بگەیەنێت مادامەکی لە هەردوو دۆخەکەدا چەشنێک لە لۆژیک هەیە بەسەر بیرکردنەوەدا زاڵە. کێ چووزانێت، ڕەنگە ئێمە لەپشت ئەو دژیەکییە توند و زەقەوە، بە لایەنەکانی چوونیەکی یاخود خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو هەڵوێستەکە بگەین، بەڵام، لە بارێکدا ئەگەر بەو خاڵانەی بەیەکگەیشتن گەیشتین، ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان دوو هەڵوێستەکەدا هەیە و پێویستە لەسەرمان سروشتی ئەو جیاوازییە و نیشانە دیارەکانی بخەینە ڕوو. دواجار ئێمە ئەرکێکی گرانترمان لە پێشە، ئەویش ئەرکی لێکدانەوەی ئەو جیاوازییە و وەستانە لەسەر ئەو زەمینە هاوبەشەی هەریەک لە دوو بۆچوونەکەی لەمەوبەر لە لایەنێکدا وەستاون و، هەوڵدانە بۆ خستنە ڕووی ڕاڤەیەک بۆ ئەو دیاردە دەگمەنەی خاڵی دەستپێکردن بوو لەنێو ئەم وتارەدا، ئەویش دیاردەی دژیەکیی بنەڕەتیی نێوان دوو بیرمەندی ڕەخنەگری سەردەمێکە، سەبارەت بە بابەتی بنچینە و ئامانجی ئاکار. بەو جۆرە ئەم

وتاره، لەپاش خستنە ڕووی ئەو کێشەیەی هاندەری نووسینی بوو، ڕووە و ئەم دوو قۆناغە هەنگاو هەڵدەگرێت؛ قۆناغی یەکەم: هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان نیتچە و مارکس. قۆناغی دووەم: دەستنیشانکردنی سیماکانی لێکدی جیاوازییان و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی دژیەکیی توند و زەقی نێوانیان.

## خاڵەکانی بەیەکگەشتن:

یەکەم شت کە لە ئەنجامی شیکاریکردنی پرسەکانی لەمەوبەری نیتچە و مارکسدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەیە ئەوان هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکن ئاکار "دروستکراو"ە. ئەمەش هەر خۆی بە تەنها تەباییەکە کەم نییە و بە هۆیەوە هەڵوێستی هەریەکەیان سەبارەت بە تەواوی کەلەپوورێکی ئاکاریی دەستنیشان دەبێت، کەلەپوورێک کە پێشتر بەرانبەر بەو پرسە هەڵوێستێکی پێچەوانەی دەردەبڕی. چونکە سەردەمانێکی دووردرێژ خەڵک بڕوایان وا بوو ئاکار "دروستکراو" نییە، بەڵکو "خۆڕسکە"، هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە ئاکار دەستکردی مرۆڤ نییە بەڵکو "بە سروش" نێردراوە. ئەو هەڵوێستەش کە هەریەک لە نیتچە و مارکس نواندیان، شۆڕشێکی یەکلاکەرەوە و گرنگ بوو لە دژی ئەو دوو بۆچوونە بەرپا بوو.
مرۆڤ بە هۆی سروشتی خۆیەوە پێی خۆشە مۆرکێکی تاهەتایی بەو بەهایانەی ببەخشێت کە باوەڕی پێیانە، هەروەها پێی خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە ئەو بەهایانە لە "سروشت"ێکی چەسپاوەوە هەڵقووڵاون. شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵیی تیۆرییش لەوەتەی ڕۆژگاری سۆکراتەوە، کاریان بۆ پاڵپشتیکردن لەم ئاراستەیە کرد تا ئەو کاتەی

بەراوردکاریی لە نێوان ڕێسا کاتییەکانی ڕەفتار کە لە خواستێکی ڕاگوزار یان بەرژەوەندییەکی خودییەوە سەرچاوە دەگرن و، کۆی ئەو پرەنسیپانەی خاوەنی تایبەتمەندیی تاهەتایی و چەسپاویین، چونکە سەر بە "چیەتی"ی مرۆڤن و لە "سروشت"ی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و، بەوە تەبان کە "ئەقڵی پەتی"ی مرۆڤ سەبارەتیان فەرمان دەدات، بووە یەکێک لە نیشانە تایبەتمەند و جیاوازەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیی سەبارەت بە ئاکار. دەبوو شۆڕشێکی ئەقڵیی سەرتاپاگیر بەرپا ببێت تا مرۆڤ وەژارەی سروشتی چەسپاو کە لە هەموو سەردەمەکاندا ناگۆڕێت و وەژارەی ئەو بەها تایبەتییانە کە مرۆڤ لە هەموو شوێن و جێیەک بە هۆیانەوە دەژی، لە مێشکی خۆی دەربکات. وەک ئاشکراشە نیتچە و مارکس، هەریەک لە لایەنی تایبەتی خۆیەوە، لە بەهێزترین پاڵپشت و پشتیوانەکانی ئەو شۆڕشە بوون.
ئەگەر ئەقڵی تیۆرییش کاری بۆ پشتیوانیکردن لەو بۆچوونە کرد کە باس لە بوونی کۆی ئەو بنەما ئاکارییە چەسپاوانە دەکات کە ڕەگ و ڕیشەیان بۆ سروشتی "مرۆڤ" بە واتا گشتییە پەتییەکەی درێژ دەبێتەوە، باوەڕی ئایینییش لە لایەنی خۆیەوە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی بۆچوونێک کە سەرچاوەیەکی جیاوازی هەیە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامێکی هاوشێوەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو بۆچوونە ئایینییەش ئەمەیە: بنەماکانی ئاکار لە سروشتێکی خوداییەوە سەرچاوە دەگرن، یانی لە سەرچاوەیەک کە لە سەروو مرۆڤەوەیە، بەم پێیە فەرمانەکانی مشتومڕ هەڵناگرن و مرۆڤ بە هۆی ئەقڵە سنووردارەکەیەوە بۆی نییە سەبارەتیان چەند و چوون بکات.
تەنانەت ئەگەر لە نێوان فەرمانی ئاکاریی خودایی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا دژیەکییەکی بەرچاو هەبێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو فەرمانە بمێنێتەوە کە

له داناییەکی خوداییەوە سەرچاوەی گرتووە لە سەروو دەرکی مرۆڤەوەیە. من بڕوام وایە ئەم بۆچوونەی دوایی ئەنجامێکی هاوشێوەی بۆچوونەکەی لەمەوبەری لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەم بۆچوونەش لە لایەنی خۆیەوە ئاکار بە تاهەتایی و نەگۆڕ لە قەڵەم دەدات و بەهاکەی بۆ سەروو ئاستی گۆڕان و گەشەکردن و جیاوازیی و فرەیی هەڵدەکشێنێت. هەر بۆیە پێویست بە بوونی بوێرییەکی شۆڕشگێڕانەی زەبەلاح هەبوو تا نیتچە و مارکس نکوڵی لە بنچینەی خودایی بەها ئاکارییەکان بکەن و، جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە ئاکار دیاردەیەکی "مرۆییە، زیاد لە پێویست مرۆییە"، سەر بە جیهانی گۆڕان و وەرچەرخانە، بوارێکی خودایی سەروو سروشتی نییە.

جەختکردن لەسەر مۆرکی مرۆیی ئاکاریش ئەو ئەنجامە ڕاستەوخۆیەی لێ دەکەوێتەوە کە "ئاکار"ێکی تاک و تەنها بوونی نییە، بەڵکو فرەییەک لە سیستەمی ئاکاریی بوونی هەیە، هەرچی ئەو ئاکارەشە کە بە تاهەتایی لە قەڵەم دەدرا، لەو سۆنگەیەوە کە بە سروشتێکی مرۆیی چەسپاو یان بە سروشتێکەوە وابەستەیە لە سەروو بارگۆڕینەکانی بارودۆخەکانی مرۆڤەوەیە، لەڕاستییدا چیی تر نییە بێجگە لە ئاکاری ئەو کۆمەڵ یاخود شارستانییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی و مرۆڤ هەمیشە بە جۆرێک ئارەزووی گشتاندنی دەکات، پێیوایە بۆ هەموو کات و شوێنێک گونجاوە. لەڕاستییشدا هەریەک لە نیتچە و مارکس چەشنێک لە ئاراستەی دوانەییان بە ئاکار بەخشی بوو کە بەگوێرەی ئەو ئاراستەیە گەشە دەکات. چونکە نیتچە نەیگوتووە ئەوە تەنها ئاکاری مرۆڤە لاوازەکانە باڵادەستە، بەڵکو جەختی لەسەر بوونی جۆرێک لە نۆرەبەندیی خولەکی لە نێوان "ئاکاری سەرداران" و "ئاکاری کۆیلەکان"دا کردووە، بە شێوەیەک کە گاهێک ئەمیان و

گاهێک ئەویان باڵادەست دەبێت، بەڵکو تەنانەت نیتچە چەشنێک لە مێژووی خولەکی بۆ ئاکار دەستنیشان کردووە و بڕوای وایە چاخی کلاسیکی کۆن ئاکاری سەرداران بەسەریدا باڵادەست بووە، سەدەکانی ناوەڕاستی جوویزم و مەسیحییەتیش ئاکاری کۆیلەکان بەسەریدا زاڵ بووە، ئەم نۆرەبەندییەی نێوانیشیان بەردەوام دەبێت تا بە ئاکاری سەرداران دەگەین لە سەردەمی ناپۆلیۆندا، پاشان بەرەو سەردەمی کۆیلەکان لە سەردەمی "دیموکراسی"ی هاوسەردەمی نیتچەدا، لەگەڵ ئەوەشدا نیتچە جەختی لەسەر ئەوە کردووە ئەو مۆرکەی لەوەتەی سەردەمی مەسیحییەتەوە بەسەر ئاکاری ئەوروپیدا زاڵ بووە، مۆرکی ئاکاری کۆیلەکان بووە و ئاکاری سەرداران لە بڕێک ماوەی کورتدا سەریهەڵدا و دەسبەجێ تەوژمی سەرەکی، واتە تەوژمی ئەو مرۆڤە لاوازانەی بەهای پەسەندی خۆیان دەسەپێنن بەسەر مرۆڤە بەهێزەکاندا تاکو دەسەڵاتیان سنووردار بکەن و دابینیان بکەن و سەردەستییان نابود بکەن، بەسەریدا زاڵ دەبووەوە. هەروەها ئێمە دەتوانین لەنێو ئەو جوڵانەوە دیالەکتیکییەدا کە فەلسەفەی مێژوو و (فەلسەفەی بەهاکان) لای مارکس لەخۆی گرتووە، ئاراستەیەکی دوانەییی هاوشێوە بەدی بکەین، هەموو ئەو شتەی لە گۆڕێدایە ئەوەیە بەراوردکاریی لەم دۆخەدا لە نێوان چینێکی قۆرخکار و چینێکی چەوساوەدایە، لەوەتەی سەردەمی کۆیلەی یۆنانییەوە تا سەردەمی دەرەبەگایەتی و پاشان تا سەردەمی سەرمایەداریی هاوچەرخ. بە دەربڕینێکی تر، لەبەر ئەوەی ئەوە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە بناغەی یەکەمی هەموو ئەو بەهایانەیە کە لەنێو کۆمەڵدا باون و، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییانە بە سروشتی خۆیان گۆڕاو و ڕوو لە هەڵکشانن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، هەر بۆیە سروشتییە ئەو

گۆڕان و گەشەکردنە لە لایەنی خۆیانەوە بەسەر سیستەمە ئاکارییەکانیشدا جێبەجێ بکرێن.
پێویستە تێبینیی ئەوەش بکەین گەیشتن بەم ئاراستە دوانەیە لە دۆخی نیتچە و مارکسدا پێکەوە، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بوو نەک بیرکردنەوە و ڕامانێکی تیۆری. چونکە نیتچە سەرەتای خستنە ڕووی بیرۆکەی دوانەیێتیی ئاکاری سەرداران و ئاکاری کۆیلەکان لەنێو کتێبی (لەودیو چاکە و خراپەوە) بە ڕستەیەکی بەناوبانگ دەست پێ دەکات کە تێیدا دەڵێت: "لە ماوەی گەشت و گەڕانەکانمدا بە نێو ژمارەیەک سیستەمی ئاکاریی قووڵ و ڕووکەشدا، کە لەوەوبەر لەسەر زەوی باویان بوو یان تا ئێستاش تیایاندا باڵادەست و باون، تێبینیی چەند سیمایەکی دیاریکراوم کرد پێکەوە و بە جۆرێکی سیستماتیکیی دووبارە دەبنەوە و وابەستەی یەکدی دەبن، تا دواجار بە دوو چەشنی سەرەکی گەیشتم کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لێکدییان جیا دەکاتەوە، لە لایەک ئاکاری سەرداران و لە لایەکی دیکەش ئاکاری کۆیلەکان هەیە". ئەم بڕگەیە بەڵگەی ئەوەیە نیتچە پەیڕەوی لە جۆرێک لە میتۆدی لێکۆڵینەوە کردووە لە دۆزینەوەی ئەم ئاراستە دووفاقەی گەشەکردنی ئاکاردا، چونکە ئەو ژمارەیەک لە سیستەمی لە هەموو ناوچەکانی سەر زەوی بەسەر کردووەتەوە و لەم بەسەرکردنەوەیەشیدا بە سیما گشتییەکانی دوو چەشنی سەرەکی گەیشتووە. پێویست ناکات بشڵێین مارکس پەیڕەوی لە میتۆدێکی هاوشێوەی ئەو میتۆدە کردووە. چونکە هاوەڵناوی "ماتەریالی" کە مارکس زۆر بە تەنگەوە بوو بیداتە پاڵ تیۆرییەکانی خۆی، لەڕاستییدا بەڵگەی هەڵقووڵانی ئەو تیۆرییانەیە لە جیهانی ئەزموونی کردەییەوە نەک لە جیهانی بیرکردەنەوە و ڕامانی پەتییەوە، ئەو گەشەکردنە ئاکارییەش کە لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد لای ئەو، چیی تر نەبوو بێجگە

له گوزارشت له گەشەکردنی بەهاکانی هاودەمی بڕێک گۆڕانکاریی کردەیی له پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. لەڕاستییشدا نیتچە و مارکس هەردووکیان پێکەوە دوو ڕۆڵەی سەرڕاستی سەدەی نۆزەد بوون، ئەو سەدەیەی هەندێک کەس ڕاستی بۆ چوون بوون کاتێک ناوی "سەدەی مێژوو"یان لێ نابوو، چونکە سەدەی نۆزدە ئەو سەدەیە بوو کە تێیدا بیرۆکەی مێژوو بە ڕوونترین شێواز کە لە تواناداهەیە بۆ زەینەکان ڕوون بووەوە، هەروەها تیایدا دیاردەکان بە بەردەوامی بۆ بنچینە مێژووییەکانیان دەگەڕێندرانەوە و، خەرمانەی پیرۆزیی لە هەموو ئەو شتانە داماڵرا، هەر لە چەشنە زیندووەکانەوە بیگرە تا بەها پەتییەکان، کە لەوەوبەر بە چەسپاو و نەگۆڕ لە قەڵەم دەدران.
کەواتە وەرچەرخانیکی بنەڕەتی هەیە لە شێوازی ڕوانین بۆ بابەتی ئاکاردا، ئەوە ئەو وەرچەرخانە بوو ئەو ڕێژەگەراییە مێژووییەی لێ کەوتەوە کە نیتچە و مارکس پێکەوە بەشدارییان تێدا کرد. ئەو وەرچەرخانەش لە دەستبەرداربوونی تەواوەتی لە بیرکردنەوە لە "تیۆر"ی ئاکار و چڕکردنەوەی تیشکی بایەخدان لەسەر "ڕاستی"ی ئاکار خۆی دەبینێتەوە. نیتچە لەو فەیلەسووفانە نەبوو بە شوێن "بناغە"یەکی ئەقڵی بۆ چاکەی ئاکارییدا وێڵن، لەبەر ئەوەی ڕێژەگەرایی ئاکار ڕێگرە لەبەردەم هەموو گەڕانێکی لەو جۆرەدا. هاوکات دەتوانین بەسەر هەڵوێستی نیتچەدا بەرانبەر بە ئاکار گوتەیەکی دیکە جێبەجێ بکەین کە لە بوارێکی تردا کردوویەتی، ئەویش بواری ڕەتدانەوەی بیرۆکەی خودایەتییە، مەبەستم لەو گوتەیەش ئەم ڕستە بەناوبانگەیەتی کە تێیدا دەڵێت: "لەوەوبەر مرۆڤ هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێت هیچ خودایەک بوونی نییە، بەڵام ئەمڕۆ مرۆڤ ئەوە دەردەخات چۆن شیا باوەڕبوونی بە بوونی خودا (پەیدا ببێت)". ئەم گوتەیە تەنها بەسەر بیرۆکەی

خودایەتیدا جێبەجی نابێت، بەڵکو بەسەر هەموو ئەو شتانەدا جێبەجێ دەبێت کە لەنێو ناخی خەڵکدا پایەی خودایەتی و پیرۆزییان هەیە، لە نموونەی بەها ئاکارییەکان، چونکە لەمەوبەر خەڵک بە شوێن پەرچدانەوە (یان پشتیوانیکردن)ی ئەقڵیی بەها ئاکارییەکاندا وێڵ بوون، بەڵام ئێستا هەر هێندە بەسە ئەوە دەربخەین چۆن ئەو بەهایانە خاوەنی بنچینەیەکی مێژووییین، ئیتر لەوەدا بەهێزترین پەرچدانەوەی باوەڕبوون بە تاک و تەنهایی و چەسپاوییان دەبێت. بێ ئەوەی پێویست بە بەفیڕۆدانی هەوڵ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵیی پەتیی نەزۆکدا بکات. لە بەرانبەر ئەوەشدا بیرکردنەوەی مارکس لە بنەڕەتدا بیرکردنەوەیەکی کردەیی بوو، تیایدا تیۆرییەکان هیچ ڕۆڵێکی دیکەیان نەبوو تەنها هێندە نەبێت دواجار یارمەتیی هێنانەدی کردەیی بدەن و بڕژێنە نێو ڕووباری ڕاستی یاخود قەوماوەوە[9]. بەم چەشنە ڕۆحەشەوە ئەستەم بوو تیۆری ئاکاریی لەنێو بیرکردنەوەی ئەودا بایەخێکی زۆری هەبێت. بە کورتی، ئێمە لێرەدا خاڵێکی تری بەیەکگەیشتن بەدی دەکەین ئەو دوو بیریارە پێکەوە کۆ دەکاتەوە کە بۆچوونیان سەبارەت بە ئاکار لە یەکەم تەماشادا پێدەچێت تا ڕادەی دژیەکی بۆچوونێکی دژیەک بێت. چونکە هەردووکیان ئاکاری داماڵراو لە چوارچێوە قەوماوە فراوانەکەی، یانی ئەو ئاکارەی لە بنەمای پەتی دەکۆڵێتەوە و لە مرۆڤ لە بوونە ڕاستەقینە بەرهەستەکەیدا جیا دەبێتەوە، پشتگوێ دەخەن، هاوکات هەردووکیان سەبارەت بە ئاکار تەنها لایەنە کردەییەکەی ئاشنان، یاخود ئەو لایەنەی ئاشنان کە دواجار لە بواری کردەییدا یەکانگیر دەبێت.

---

[9] - قەوماو: ڕاستی، دۆخی زاڵ و باوی هەنوکە و ئێستا.

تەنانەت ئێمە دەتوانین لە شیکارییکردنی لەوەش دوورتر بڕۆین و بڵێین ئاکار لای هەریەک لەم دوو بیریارە دیاردەیەکی ڕەسەنی خۆبەس نییە، بەڵکو سەرخان یاخود "بونیادی باڵا Superstructure" یە لەسەر بناغەیەکی قووڵتر لە ئەو شان دادەدات. ئەم تایبەتمەندییەش لەنێو بیرکردنەوەی مارکسدا تەواو ڕوونە. چونکە لای مارکس ئەو پاڵنەرانە کە بۆ بنچینەیەکی ئابووری دەگەڕێنەوە، لەنێو گرنگترین ئەو پاڵنەرانەشدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، ئەو پاڵنەرانەن کە جڵەوی هەموو پێکهاتە ئەقڵی و واتاییەکان و لەنێویشیاندا ئاکار، دەکەن. ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییەی ئاکاریش لە یەکەم تەماشادا لای نیتچە ڕوون نەبێت، بەڵام بە کردەوە لای ئەو خۆی دەنوێنێت، ئەگەرچی لای ئەو ئەو بناغەیە کە بونیادی باڵا شانی لەسەر دەدات لە بنەڕەتدا بناغەیەکی ژیانی و دەروونییە نەک بناغەیەکی ئابووری، چونکە لە ڕوانگەی نیتچەدا هەموو ئاکارێک سیمایەکە لە سیماکانی "ویستی هێز" کە پاڵنەری بنچینەیی و بزوێنەری یەکەمی هەموو کردارێکی مرۆییە. ئێمە سۆراخی چاکەخوازیی دەکەین و بانگەشە بۆ ئاکارپەسەندیی و دادپەروەریی و بەزەیی دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی ئێمە بوونەوەرانێکی ئاکارییین، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێمە لەنێو ئەو واتایانەدا ئەو شتانە دەبینینەوە کە بۆ دەستخستنی هێزی زیاتر دەستگیرۆییمان دەکەن. تەنانەت کاتێک کە بانگەشەمان ڕوو لە ئاشتیخوازی و دەستهەڵگرتن لە هێز دەکات، ئەمە سیمایەکە "ویستی هێز" بە نهێنی و فێڵبازانە لەپشتییەوە خۆی دەشارێتەوە. کەواتە ئەوەی بۆ خۆی مەبەستە، ئاکار نییە، هێزی بزوێنەریشی لە بوارە تایبەتەکەیەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو ئەو خۆی ئەو هێزەیە کە هەموو چالاکییەکی مرۆیی دەبزوێنێت، مەبەستم لە ئەو، "ویستی

هێز"ە، کە هەموو بونیادێکی باڵا لە بواری بەهاکاندا شانی لەسەر دادەدات.
ڕەنگە مرۆڤ بڕوای وا بێت ڕۆڵی ئاکار دەبێتە ڕۆڵێکی لاوەکی کاتێک کە بەو چەشنە دەبێتە "بونیادێکی باڵا"، بەڵام لەڕاستییدا بەها ئاکارییەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لای هەموو بیریارێکی یاخیی دژ بە سەردەمەکەی خۆی هەیە، ئەمەش بە هەمان ئەندازە سەبارەت بە نیتچە و مارکس ڕاستە. چونکە بە ئەندازەی ئەوەی نیتچە توند و دڵڕەق بوو لە ڕەخنەگرتن لە ڕۆحی ئاکاریی سەردەمەکەی خۆی و، تەنانەت لە ڕەخنەگرتن لە ڕۆحی ئاکارییشدا بە شێوەیەکی گشتی، ئەو پاڵنەرەی ڕووە و ئەو ڕەخنەیە پاڵی نا، لە ناوەڕۆکدا پاڵنەرێکی ئاکاریی بوو. ئەو سەرکۆنەی بەهاکانی سەردەم دەکات و بێزاریی خۆی بەرانبەریان دەردەبڕێت و، بە بۆگەنکردوو ناویان دەبات و، ڕەخنەی هەموو جڤاکێکی لەوەوبەر دەکات و تەنانەت بڕوای وایە خودی بیرۆکەی "ئاکارێتی" پێویستە ڕەخنە بکرێت، چونکە لەڕاستییدا هەموو ئاکارێتییەک کۆتکردنی هێزە ئەفرێنەرەکانی مرۆڤ و هەوڵێکە بۆ قەتیسکردنی ڕۆحی یاخیی مرۆڤ لە چوارچێوەیەک لەو سیستەمانەدا کە بەسەر کۆمەڵدا پەیڕەو دەکرێن و هیچ ئازادییەک بۆ تاک ناهێڵنەوە، بەڵام لەودیو ئەم ڕەخنەکردنە توندەی ئاکارەوە، ئیتر چ ئاکاری سەردەم بێت یان ئاکارێتی بێت بە شێوەیەکی گشتی، بڕێک پاڵنەری ئاکاریی حاشاهەڵنەگر هەن، چونکە لە هەردوو دۆخەکەدا بیرمەند جۆرێکی باشتر لە مرۆڤ دەکاتە ئامانج کە بڕوای وایە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدات، مادامەکی ئامانجیش مرۆڤێکی "باشترە" ئاکارێتی دەبێتە هێزی پاڵنەری ئەو ڕەخنەیە و ئەو باوەڕبوونە بە داهاتوو.
ئێستا ئاخۆ ئێمە دەتوانین سەبارەت بە مارکس ئەوها بۆچوونێک بخەینە ڕوو؟ ئاخۆ دەشێت بیرکردنەوەی مارکس

له بنەڕەتدا بە بیرکردنەوەیەکی ئاکاریی لە قەڵەم بدرێت؟ یەکەم وەڵام کە لەو بارەیەوە بە بیر و خەیاڵدا دێت، ئەوەیە فەلسەفەکەی مارکس لە بنەڕەتدا بە بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانەوە وابەستەیە، بەم واتایەش فەلسەفەیەکە پەیوەندییەکی لاوازی بە ئاکارەوە هەیە. لەڕاستییدا ئەو نووسەرانەی لەنێو نووسینەکانی مارکسدا بە شوێن بۆچوونی ئاکارییدا دەگەڕێن، نەیانتوانی لە بڕێک دەستەواژەی سادەی پەرش و بڵاو زیاتر چیی دیکە هەڵبهێنجن، کە بە هیچ کلۆجێک بەس نین بۆ پێدانی هیچ بیرۆکەیەک سەبارەت بە ئاراستەیەکی نیشانەدیاری لەمەڕ ئاکار بە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئاکار لای ئەو لە فۆڕمە ڕاشکاوە ڕاستەوخۆکەیدا ڕوون نەبێت، لەنێو هەموو نووسینەکانیدا بە جۆرێک ئاشکرایە کە لەڕاستییدا ناڕاستەوخۆیە، بەڵام هێزێکی پاڵنەری سەرەکییان پێکدەهێنێت. بۆ نموونە ڕەخنەکردنی سەرمایەداریی مۆرکێکی ئاکاریی ئەوتۆی هەڵگرتووە کە بە ڕوونی دەبینرێت، ئەو دەستەواژانەش کە بۆ هەڵمەتەکەی لە دژی بەکاریهێناون، گیانی ئاکاریی لەنێویاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، چونکە خەوشی ئەو ستەم و زەوتکردن و چەوساندنەوە و لەناوبردنی مرۆڤایەتییەی مرۆڤی دەخاتە ڕوو کە تیایدا هەیە. بەم واتایەش دەکرێت بگوترێت لەڕاستییدا دوایین ئامانجی ئەو لە بانگەشەیدا بۆ سۆشیالیزم، پێش هەر شتێک گەڕاندنەوەی ئاکاریی و واتایی پرسەکانە بۆ باری ئاسایی خۆیان. لێرە لەم شوێنەشدا لێکدژییەکی سەیر لەبەردەمماندا قوت دەبێتەوە کە ئەمەیە: ئەو ئاکارە، کە لە سەردەمی ئێستامان و لە سەردەمەکانی لەمەوبەردا، تەنها بونیادێکی باڵایە لەسەر بناغەیەکی بنچینەیی لە پەیوەندیی ئابووریی شان دادەدات، خودی ئەو ئاکارە خۆی دەبێتە دوایین ئامانجی ئەو شۆڕشە

کۆمەڵایەتییەی مارکس خەونی پێوە دەبینێت. چونکە لەپاش ئەوەی ئەو شۆڕشە دێتە دی و هەموو شێوەکانی چەساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نامێنێت، ئەو دەمە دوایین ئامانجی بەرهەمهێنانی ئابووریی و داهێنراوە زانستی و تەکنەلۆجییەکان بریتی دەبێت لە بەدیهێنانی باشترین ڕێکخستنی شیاو بۆ کاری مرۆیی و هەروەها بۆ کاتی دەستەبەتاڵیی مرۆیی، بەو جۆرەی تا دوورترین سنوور دەستەبەری بەهرە ئەفرێنەرەکانی مرۆڤ دەکات .. یانی بەها ئاکاریی و واتاییەکان کە لەمەوبەر لە قۆناغی ململانێ و تێکۆشاندا "بونیادی باڵا" بوون، لە قۆناغی سەرکەوتندا دەبنە "دوایین ئامانج".

مادامەکی باسیشمان لە ئومێدەکانی ئەم دوو بیریارە لە داهاتوودا کرد، ئەم باسە بەرەو سیمایەکی تری هاوبەشی نێوانیان دەمانبات کە ئەمەیە: ئەو داهاتووەی ئەوانی بیریار هیواکانی خۆیانی لەسەر هەڵدەچنن "جیهانێکی دیکە"ی جیاواز لەم جیهانە نییە کە ئێمە تێیدا دەژین، بەڵکو پێویستە لەسەر مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەیدا هەموو ئەو شتانەی بەدی بهێنێت کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدات، چونکە هیچ جۆرە دوانەییەک لە نێوان دوو جیهاندا بوونی نییە، هیچ هەڵمەت و هێرشیک بۆ سەر ئەم جیهانە و بانگەشەکردن بۆ وابەستەبوون بە جیهانێکی ترەوە، جیهانێک قەرەبووی ئەو شتانە بکاتەوە کە مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەیدا لەدەستی چووە، لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو یەکێک لە بەهێزترین هۆیەکانی ڕەخنەگرتنی نیتچە و مارکس لە ئاکاری باو ئەوەیە کە ئەو ئاکارە تۆوی "پەسڵانگەرایی" هەڵگرتووە و مرۆڤ ڕووە و وابەستەبوون بەم ژیانەی و نواندنی هەڵوێستێکی ئەرێنی لە بەرانبەریدا پاڵ نانێت.

هیچ گومانیش لەوەدا نییە تەشەنەسەندنی ئەم ئاکارە "پەسڵانخوازە" ئەو ئاکارە پەسڵانخوازەی هەوڵەکانی مرۆڤ

سەبارەت بە خودی مرۆڤ خۆی و سەبارەت بەو جیهانەی تێیدا دەژی بە فیڕۆ دەدات، بۆ کاریگەریی مەسیحییەت دەگەڕێتەوە کە نیتچە و مارکس پێکەوە و بە هەموو هێزیکیانەوە بەشدارییان لە هێرشکردنە سەریدا کردووە، ئەگەرچی هۆکارەکانی هێرشکردنە سەری جیاوازیش بن. یەکەمیان، واتە نیتچە، هێرش دەکاتە سەر ئەو بەهایانەی لە مەسیحییەتەوە وەرگیراون، لەبەر ئەوەی بڕێک بەهان هەموو پاڵنەرە ژیانییەکانی نێو ناخی مرۆڤ دەچەپێنن و بانگەشە بۆ ڕەتدانەوەی ژیان و تەنانەت مراندنیشی دەکەن، هەرچی دووەمیشیانە، واتە مارکس، لەبەر ئەوە هێرش دەکاتە سەر مەسیحییەت چونکە ستەمی کۆمەڵایەتی پەردەپۆش دەکات و تەنانەت- بە جۆرێکی ناڕاستەوخۆ- بانگەشە بۆ ئەوە دەکات هەلومەرجی ئێستای پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان یاسایەکی خودایی یاخود ویستێکی باڵایە کەس ناتوانێت بیداتە دواوە و بیگۆڕێت.
تەنانەت ئەگەر ئێمە لە بازنەی ئەو چوونیەکییە ئاشکرایەی نێو هێرشی ئەم دوو بیرمەندە بۆ سەر مەسیحییەت تێبپەڕێنین، ئەو دەمە دەتوانین بە چوونیەکییەکی قووڵتر لەو چوونیەکییە لە نێوان لە لایەک هەڵوێستی نیتچە بەرانبەر بە مەسیحییەت و لە لایەکی تر هەڵوێستی مارکس بەرانبەر بە سەرمایەداریی بگەین، چونکە لای کەس شاراوە نییە نیتچە مەسیحییەتی کردووە بە دوژمنی خۆی و بۆ ململانێکردن لە دژیشی، بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی خۆی تەرخان کردووە. لە بەرانبەر ئەوەدا مەسیحییەت نەیاری سەرەکیی مارکس نەبوو، بەڵکو چەوساندنەوەی چینایەتیی- کە بە واتای سیستەمی سەرمایەداریی دێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا- ئەو دوژمنەیە کە هەموو نووسینەکانی مارکس ڕوویان لە دژایەتیکردنی ناوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە ناتوانین هاوتەریبییەک لە نێوان ئەم دوو

هێرشەدا ببینینەوە؟ نیتچە بە جۆرێکی دڵڕەقانە و توندوتیژانە هێرش دەکاتە سەر مەسیحییەت، نەک لە سۆنگەی ناحەزییەکی شاراوە بەرانبەر بە مەسیحییەت کە لە ناخیدا هەڵیگرتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مەسیحییەت مرۆڤ لە ڕەگوڕیشەکانی مرۆڤ ڕیشەکێش دەکات و ناچاری دەکات بڕێک بت ساز بکات پاشان بیانپەرستێت. مرۆڤ، لە ڕوانگەی نیتچەدا، باڵاترین هێزەکانی نێو ناخی خۆی و بڵندترین واتا ڕۆحییەکان و بەرزترین ئومێد و ئامانج هەڵدەهێنجێت و سیمایەکی دیاریکراوی پێدەدات و لە دەرەوەی خۆی و باڵاتر لە خۆی و لە دووررِا لە ئاسمان، دایدەنێت، پاشان بۆی دەکەوێتە سەر چۆک کڕنووشی بۆ دەبات و دەیپەرستێت. بەڵام ئایا ئەمە هەمان ئەو کارە نییە کە، لە ڕوانگەی مارکسدا، سەرمایەداریی دەیکات؟ سەرمایەداریی مرۆڤ ملکەچی ئەو هێزە زۆردارە نامرۆییە دەکات کە مرۆڤ گەردنکەچ و ڕیسوا دەکات، ئەو هێزەش هێزی سەرمایەیە. ئاخۆ ئەم سەرمایەیە خودایەک نییە مرۆڤ دروستی کردووە و پاشان پەرستوویەتی؟ دواجار سەرمایەی کەڵەکەبوو چیی تر نییە بێجگە لە بەری کۆبووەوەی ڕەنجی کرێکار، چیی تر نییە بێجگە لە زێدەبایی کاری کرێکار، چونکە ئەم زێدەباییەش لە لایەنی خۆیەوە لە ناخی مرۆڤی کرێکار و لە ڕەنج و ئارەقەی ماندووبوونی مرۆڤی کرێکارەوە هەڵهێنجراوە، بەڵام لە سایەی سیستەمی سەرمایەدارییدا ئەو زێدەباییە دەبێتە بابەتێکی دەرەکی، بەردەوام هەڵدەکشێت و بەسەر ئەو بنچینەیەدا باڵا دەکات کە سەرچاوەی لێوە گرتووە، تا دواجار دەبێتە هێزێکی زۆردار و مرۆییبوون لەو کرێکارە (ئەو کرێکارەی ئەو زێدەباییەی دروست کردووە) دەستێنێتەوە و کارەکەی دەکاتە کاڵایەک کە دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت، بەڵکو تەنانەت خودی کرێکار خۆیشی دەکاتە "شت" و، دەکاتە نامرۆڤ. سەرمایەش

له لایەنی خۆیەوە خودایەکە مرۆڤ لە داهاتی خۆی هەڵیهێنجاوە، دواتر بەرەو دوور، بۆ ئاسمان، بڵندی کردووە، پاشان لەبەردەمیدا کەوتووەتە سەر چۆک و کڕنووشی بۆ بردووە.
سەبارەت بە ئامانج لە "سەرلەنوێ پێکهێنانەوە یاخود دروستکردنەوەی بەهاکان"یش، لە هەردوو دۆخەکەدا ئامانجەکە بریتییە لە "شکاندنی بتەکان" و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ ئەو ڕەگوڕیشانەی لێیان ڕیشەکێش کراوە و، گەڕاندنەوەی ئەوەی لێی زەوت کراوە و لێی نامۆ بووە تا ئەوەی بەسەریدا زاڵ بووە. ئەوان هەردووکیان لەنێو هەموو ئەو نووسینانەدا کە نووسیوویانن، ئەوە ڕادەگەیەنن خۆری خودا دروستکراوەکان ڕوو لە ئاوابوونە و پێویستە سەرلەنوێ پادشاهێتیی مرۆڤ بێتەوە گۆڕێ.

## سیماکانی جیاوازی و شێوازی تێپەڕاندنی:

من سەرەتای وتارەکەم بە دوو پرسی دژیەکی دوو بیرمەندی هاوسەردەم سەبارەت بە یەک بابەت دەست پێ کرد، بەڵام ئەو شیکارییەی ڕووە و دیوی ئەودیوی دژیەکییەکی دیار و بەر چاو تێدەپەڕێت، هێدی هێدی ژمارەیەکی زۆر لە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان ئەم دوو بیریارەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە ڕادەیەک کە خوێنەر، لەپاش خوێندنەوەی لاپەڕەکانی لەمەوبەر، بڕوای ئەوەی لا دروست دەبێت نیتچە و مارکس- سەبارەت بە بابەتی ئاکار- لەسەر هەموو شتێک تەبان. بەڵام من نامەوێت وەها سەرنجێک لای خوێنەر بەجێ بهێڵم، چونکە دژیەکیی نێوان ئەم دوو بیرمەندە ڕوون و ئاشکرایە، هەموو پرسەکە ئەوەیە لەودیوی ئەم بابەتی دژیەکییەوە، خاڵی گرنگی بەیەکگەیشتن هەن ئەو شیکارییەی ڕووە و ئەودیوی

بۆچوونەکانیان تێدەپەڕێت دەتوانێت دەستی پێیان بگات، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو خاڵانەی بەیەکگەیشتن نکوڵی لەو دژیەکییە بنەڕەتییە ناکەن کە لە نێوان ئەواندا هەیە، هەر بۆیە تەنانەت ئەگەر ئەو خاڵانە بیشتوانن لە باری توندیی ئەو دژیەکییە کەم و بکەنەوە و سووکی بکەن کە لە سەرەتای ئەم وتارەماندا ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام ناتوانن چارەسەرێک بۆ ئەو کێشە بنەڕەتییە بخەنە ڕوو کە ئەمەیە: چۆن دوو بیرمەند کە لە یەک سەردەمدا دەژین و یەک ڕۆحی ڕەخنەیی پاڵیان دەنێت، سەبارەت بە یەک بابەت بەم جۆرە بۆچوونە دژیەکە گەیشتن؟
سەبارەت بە پرسی ئەوەش جیاوازیی نێوان نیتچە و مارکس، وێڕای خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی لەمەوبەر، هەر وەک خۆی بە جیاوازییەکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە، ئەمە پرسێکە لەوەدا ڕوون دەبێتەوە هەموو ئەو بابەتانەی ئەو بیریارانەی لەسەر کۆک بوون توخنی هەڵوێستی بنەڕەتییان ناکەوێت کە ئەمەیە: ئاکار-لای یەکێکیان- دەستکردی مرۆڤە لاوازەکانە بۆ سنووردارکردنی باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان، لای ئەوی دیکەیشیان دەستکردی مرۆڤە بەهێزەکانە بۆ زاڵبوون بەسەر مرۆڤە لاوازەکاندا.
ڕەنگە یەکەم هەڵوێست کە پێویست بێت لەسەرمان لەو بارەیەوە وەریبگرین، ئەوە بێت ئەم پرسیارە بکەین: ئایا، لە هەردوو دۆخەکەدا، مرۆڤە بەهێزەکان و مرۆڤە لاوازەکان کێن؟ بەهێزەکان، لە ڕوانگەی نیتچەدا، ئەو مرۆڤانەن کە "بە سروشتی خۆیان تایبەتمەندن"، بەڵام مرۆڤە بەهێزەکان، لای مارکس، ئەو چینەن کە لە ڕووی ئابووری و پاشان لە ڕووی سیاسییەوە باڵادەستن. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە، جیاوازیی "سروشت"ـە لە "نەریت"، ئەگەر بشێت ئەو بەراوردکارییە بەناوبانگەی فەیلەسووفە یۆنانییەکان بەکاربهێنین. چونکە مرۆڤە بەهێزەکان لای نیتچە ئەو

مرۆڤانەن خاوەنی ئەو بڕشت و مافە تایبەتەن کە سروشتیان بۆ باڵادەستی دەیانسازێنێت، بەڵام لای مارکس بڕشت و مافی تایبەتی ئەو بەهێزانە، بۆ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەگەڕێتەوە، نەک بۆ تایبەتمەندییەک کە تیایاندا هەیە. لە بەرانبەر ئەوەشدا مرۆڤە لاوازەکان لای مارکس ئەو مرۆڤە چەوساوانەن کە دوور نەبوو ببنە ژمارەیەک تاکی نایاب ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسایە، هەموو ئەو شتەی کە هەیە ئەوەیە بارودۆخێکی بە دەر لە ویستی خۆیان تورِی هەڵداونەتە ناوەندی لاوازییەوە، بەڵام ئومێدی ڕزگاربوونی سەرلەبەری مرۆڤایەتی بە شۆڕشی ئەوانەوە بەندە، بەڵام لای نیتچە مرۆڤە لاوازەکان بە سروشتی خۆیان "پایەنزم"ن، خودی ئەم لاوازییەشیان خراپەیەکی شاراوە لە ناخیاندا دروست دەکات، ڕەنگە خودی ئەمەش خۆی زادەی ئەو خراپەیە بێت کە لە ناخیاندا هەیە.
لەسەر بناغەی ئەو ڕوونکردنەوەیەش دەتوانین کێشە بنەڕەتییەکەمان بە جۆرێکی دیاریکراوتر دەستنیشان بکەین و بڵێین: مرۆڤە لاوازەکان، لە ڕوانگەی نیتچەدا، سڵ لە باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان دەکەنەوە کە بە سروشتی خۆیان مرۆڤانێکی نایابن، هەروەها قینیان لە هەموو باڵاییەک و هەموو ئەو شتانە دەبێتەوە کە لە سەروو ئاستی ئاسایی و باوی "کۆمەڵ"ـەوە دەردەکەوێت، هەر بۆیە ئەوان، یانی مرۆڤە لاوازەکان، سیستەمێک لە ئاکار دروست دەکەن تا دەستەبەری سنووردارکردنی ئەو باڵادەستییە بکات و هەموو بڕشت و مافێکی سروشتی نابوت بکات. سیستەمێکی ئەوتۆ کە بانگەشە بۆ "سۆز" و "بەشداریی" و "بەزەیی" و پاشماوەی ئەو بەهایانە دەکات کە دواجار هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە تەنها پاراستنی مرۆڤە لاوازەکان نەبێت لە دەست مرۆڤە بەهێزەکان، لە ڕێگای بڕین یاخود قرتاندنی چڕنووکەکانیانەوە. ئەوان،

یانی مرۆڤە لاوازەکان، بەهاکانی "زۆرایەتی" و "کۆمەڵ" پەخش دەکەن لەبەر ئەوەی سڵ لە "تاکێتی" دەکەنەوە کە لاوازیی ئەوان دەردەخات و وایان لێ دەکات وەک مرۆڤی بستەباڵا دەربکەون، بەڵام مارکس، بە پێچەوانەی ئەمەوە، بڕوای وایە ئەوە مرۆڤە بەهێزە باڵادەستەکانن کار بۆ پەخشکردنی ئاکاری ملکەچی و قایلی و خۆگرتنەوە لە خۆشیی دونیا دەکەن، تاکو دەستەبەری بێدەنگبوون و قایلبوونی چەوساوەکان بکەن بەرانبەر بەو ستەم و زۆرەی لەسەریان هەیە. ئەوان، یانی مرۆڤە بەهێزەکان، لەپشت ئەو ئاکارەوە خۆیان قایم دەکەن و خۆیان دەشارنەوە، چونکە لە تووڕەیی ستەملێکراوان دەیانپارێزێت و گیانی شۆڕشیان لێ زەوت دەکات.

ئاخۆ لەپاش ئەو هەنگاوە کە هەڵماننا، زۆر چووینەتە پێشەوە؟ هەڵبەتە دژیەکییەکە پتر ڕوون بووەتەوە و دەرکەوتووە، بەڵام توندیی باری ئەو دژیەکییە بە هیچ جۆرێک ڕووی لە خاوبوونەوە نەکردووە. چونکە ئێمە تا ئێستاش سەرمان لەوە دەسووڕمێت چۆن یەکێک لەم دوو بیرمەندە ئاکاری کردووەتە ئامرازێک بۆ پێشگرتن لە شۆڕشی مرۆڤە بەهێزەکان و ئەوی دیکەشیان ئاکاری کردووەتە ئامرازێک بۆ پێشگرتن لە شۆڕشی مرۆڤە لاوازەکان. هاوکات تا ئێستاش هەڵوێستەکە بە شێوەیەکی گشتی و لە وردەکارییەکانیدا، وەک هەر لە سەرەتاشەوە وا بووە، هێشتا هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەرە.

پێشتر گوتمان نیتچە و مارکس لە هەڵوێستیاندا بەرانبەر بە مەسیحییەت تەبان. بەڵام ئاخۆ تا ئەو ڕادەیە تەبان کە لە یەکەم تەماشادا بینیمان؟ لە ڕوانگەی نیتچەدا مەسیحییەت جۆرێک لە یەکسانیی دەستکرد لە نێوان خەڵکدا دروست دەکات، چونکە بەگوێرەی مەسیحییەت "هەمووان لەبەردەم خودا چوونیەکن"، ئیدی بەم شێوەیە مەسیحییەت بڕشت و مافی تایبەت کۆت

دەکات و بەها ئەریستۆکراتییەکان، ئەو بەها ئەریستۆکراتییانەی لەسەر بناغەی هەستکردن بە باڵابوون لە کۆمەڵ و لە خۆپەرێزگرتن لێیان دادەمەزرێت، نابوت دەکات، بە پێچەوانەی ئەمەوە مارکس مەسیحییەت بەوە تۆمەتبار دەکات جیاوازییە چینایەتییەکان و نابەرانبەریی کۆمەڵایەتی پەردەپۆش دەکات و بەرگری لە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان دەکات و تەنانەت کاتێک ئەو جیاوازییە دەکاتە پرسێکی بێ چەند و چوونی گرێدراوی هێزێکی خودایی، لەڕاستییدا لەپێناو سەقامگیرکردنیدا تێدەکۆشێت و دەیکات بە بابەتێکی پەیوەندیدار بە "سروشتی شتەکان"ـەوە. هیچ دژیەکییەکیش هێندەی ئەم دوو هەڵوێستە بە توندی گوزارشت لەو لێکدژییە ناکات.

بەم پێیە هەر بەهایەک لە هەریەک لە دوو هەڵوێستەکەدا واتایەکی تەواو جیاواز وەردەگرێت. بۆ نموونە خۆگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و ڕقلێبوونەوە لە جەستە و جیهانی زەمینی لە ڕوانگەی نیتچەدا تایبەتمەندترین تایبەتمەندییەکانی ئاکاری مرۆڤە لاوازەکانن و تاکە ئامرازیشیانە بۆ سەلماندنی بوونیان بەرانبەر بە باڵادەستیی مرۆڤە بەهێزەکان، بەڵام لای مارکس سیمایەکی سەرەکیی ئاکاری مرۆڤە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانە بەسەر فەرمانبەرداراندا دەیسەپێنن تاکو دەستەبەری ملکەچی و بێدەنگبوونیان بکەن. بیرۆکەی دوانەیی نێوان دوو جیهانیش، جیهانێکی لەناوچوو و جیهانێکی تاهەتایی، لە ڕوانگەی نیتچەدا سیمایەکی تایبەتی ئاکاری کۆیلەکانە، بەڵام لە دیدی مارکسدا ئامرازێکی گرنگە لەو ئامرازانەی دەسەڵاتداران بە هۆیەوە بەسەر هەژاران و بەشخوراواندا زاڵ دەبن.

کەواتە ئەوە دژیەکییەکی تەواوە لە ڕوانین بۆ هەمان بەهادا. پێدەچێت ئەم دژیەکییەش شرۆڤە و لێکدانەوەی خۆی هەبێت. هەڵبەتە شرۆڤەیەکیش هەیە بە درێژایی ئەو کاری

خستنەڕووەی لەمەوبەر کردمان، بیر و بیرکردنەوەی خوێنەر لەسەری ڕۆیشتووە، ئەویش ئەوەیە ئەم دژیەکییە گوزارشت لە دژیەکییەکی بنەڕەتی لە نێوان دوو فەلسەفەدا دەکات کە ئەمانەن: فەلسەفەیەکیان ئەریستۆکراتییە و ئەوی تریان بە سروشتی خۆی فەلسەفەیەکی دیموکراسییە. چونکە نیتچە، لەو ڕووەوە کە فەیلەسووفێکە بە سروشتی خۆی ڕووە و جەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی نێوان بیرەکان هەنگاو دەنێت و بە هەموو ئەو شتانە سەرسام دەبێت کە ڕۆحزل و لووتبەرزن و بەسەر "کۆمەڵ"دا بڵند دەبن و بە گیانی بیریارێکی ئەریستۆکراتیی سەر بە سەردەمی تراژیدیی یۆنانییەوە لە سەدەی نۆزدەدا دەژی، هەر دەبوو بە هەموو هێزێکی خۆیەوە هێرش بکاتە سەر هەمان ئەو بەهایانەی بیرمەندێکی وەک مارکس کە بانگەوازەکەی بەر لە هەر شتێکی تر ڕوو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵ و دەستەکان هەنگاو دەنێت نەک ڕووە و تاکەکان، شکۆمەند و پایەبەرز تەماشای کردوون و بڕواشی وایە پەیامی هزر بریتییە لە گۆڕینی کۆمەڵی مرۆیی لە "چینایەتی"یەوە بۆ "ناچینایەتی"، هەروەها باوەڕی وایە ئومێدی بەجێهێنانی ئەم پەیامە بەندە بە هەمان چینی چەوساوەی خاوەن بەرژەوەندیی لەم گۆڕانکارییەدا.

بەڵام ئاخۆ ئەم ڕاڤەیە، کە دژیەکیی نێوان بۆچوونەکانی ئەم دوو بیریارە سەبارەت بە ئاکار بۆ ناکۆکیی بنەڕەتیی لە میزاژ و ئاراستەی فەلسەفیی گشتییاندا دەگەڕێنێتەوە، ڕاڤەیەکی بەسە؟ ئاخۆ دەبێت لەو ئەنجامە تەواو دڵنیا بین و داوەریی ئەوە بکەین نیتچە و مارکس سەبارەت بە سەرچاوەی بەها ئاکارییەکان و سەبارەت بە ئامانجی ئەو بەها ئاکارییانە، بە دوو بۆچوونی لێکدژ گەیشتوون لەبەر ئەوەی ڕوانگەی هەریەکەیان بۆ جیهان ڕوانگەیەکی جیاواز بووە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەڵوێستی هەریەکەیان لە بەرانبەر کێشەکانی سەردەم، دوو

هەڵوێستی بە یەکدی ناتەبا بوون؟ بە بڕوای من ڕەنگە ئێمە بتوانین بە هۆی ئەو ڕاڤەیەوە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام وێڕای ئەوە بەشی هەرە گەورەی کێشەکە وەک خۆی هەر بێ چارەسەر دەمێنێتەوە. چونکە نیتچە و مارکس تەنها گوزارشتیان لەو شتە نەدەکرد کە لایان پەسەند بوو، یان ئەو بارەی کە دەیانخواست شتەکانی تێدا بن، بەڵکو هەروەها باسی ئەو دۆخەشیان دەکرد کە لە گۆڕێدا بوو. چونکە لەنێو هەموو ئەو بۆچوونانەدا کە لەمەوبەر خستماننە ڕوو، ئەم دوو بیریارە هەڵوێستی ئەو زانایەیان دەردەبڕی کە مێژووی بەها ئاکارییە مرۆییەکانی دەپشکنی تاکو لە ڕێگای ئەو پشکنینەوە داوەریی گەشەکردنی ڕابووردوو و ئاراستەی داهاتوویان بکات. ئەگەر ئەوان هەریەکیان تەنها بە گوزارشتکردن لەو بارە بەسیان بکردایە کە ئارەزوویان دەکرد لە داهاتوودا بەها مرۆییەکانی تێدا بن، ئەو دەمە دەشیا لە جیاوازیی میزاژی هزرییاندا ڕاڤەیەکی پێویست بۆ دژیەکیی نێوان ڕوانگەیان هەبووایە، بەڵام هەروەها ئەوان لە ڕوانگەی ڕاستی یاخود قەوماویشەوە دەدوان، نەک لە ڕوانگەی نموونەی باڵاوە، هاوکات هەریەکەیان، وەک لێکۆڵیاری زانا نەک وەک ڕامێنەری خەونبین، دەیویست وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییەمان بداتەوە: "کێ ئاکاری دروست کردووە؟". کەواتە چۆن تا ئەو ئەندازەیە لە باسی یەک دیاردەدا ئەوها دژیەک بوون؟ ئێمە ددان بەوەدا دەنێین کە هەڵبەت میزاژ و ئاراستەی هزریی گشتیی بیرمەند ڕۆڵی خۆی هەیە، تەنانەت کاتێک مرۆڤ باسی پەتی بۆ خۆی دەکاتە ئامانج نەک تەنها کاتێک خەون بەو شتەوە دەبینێت کە ئومێد دەکات بەدی بهێنێت. وەک ئاشکراشە بابەتیبوونی تەواوەتی لەم بوارەدا ئەستەمە، هاوکات وێنای هەریەک لە ئێمە بۆ ئەو بارەی پێویستە لە داهاتوودا گەشەکردن پێی بگات، تا ڕادەیەک بەسەر پێکهێنانی

ڕوانگەماندا بۆ ئەو شتە زاڵە کە لە ڕابووردوودا ڕووی دا و ئەو شتەیش کە لە ئێستادا ڕوو دەدات، بەڵام ئێمە دەڵێین "تا ڕادەیەک"، چونکە ئەم کارتێکرانە بە ئاراستەی هزریی خودیی، دەشێت جۆرێک لە جیاوازی لە نێوان دوو بیریاردا لە باسی یەک دیاردەدا دروست بکات، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ دیتنەوەی دژیەکیی تەواو لە نێوان ئەو باسانەیاندا، هەر بۆیە ئێمە لەمەوبەر گوتمان ڕەنگە بتوانین بە هۆی ئەو ڕاڤەیەوە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام بەشی هەرە زۆری کێشەکە وەک خۆی هەر بێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

بە بڕوای من، لێکدانەوەی دروستی ئەو دژیەکییەش لەنێو ڕاستییەکی بنەڕەتیدا شاراوەیە کە پێویستە سەبارەت بە ئاکار بۆ بیر و هزرەکان ڕوون ببێتەوە، ئەو ڕاستییەش ئەمەیە: ئەو کەسەی ئاکار دروست دەکات، مەرج نییە ئەو کەسە بێت کە لە ژیانیدا بەکاریدەهێنێت یان جێبەجێی دەکات، بەڵکو ڕەنگە ئەو کەسە بۆ ئەوە دروستی بکات تاکو لایەنێکی تەواو جیاواز لە خۆی بەکاریبهێنێت، بە جۆرێک کە ئیتر ئەو دەمە ئەو بەهایانە گوزارشت نابن لەو سەرچاوەیەی لێیەوەی سەرچاوەیان گرتووە، بەڵکو گوزارشت دەبن لەو لایەنەی ڕووی لێ دەنێت.

با بە دەربڕینێکی تر بدوێین و بڵێین هەموو ئاکارێکی باڵادەست ئاکارێکی تری پێچەوانەی خۆی دروست دەکات و ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکات کە ئەو باڵادەستییەیان بەسەردا پیادە دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر پەیوەندییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا پەیوەندیی هێز و بەکاربردن و چەوساندنەوە بن، ئەو کات ئەو بەهایانەی بە فراوانترین شێوە تەشەنە دەستێنن بەهاکانی هێز و باڵادەستی نابن، بەڵکو بەهاکانی گەردنکەچی دەبن. یان با دەربڕین و دەستەواژەکانی نیتچە بەکاربهێنین و بڵێین ئەو سەردەمەی "سەرداران" بەسەریدا زاڵ و باڵادەست دەبن، سەردەمی ئاکاری سەرداران نییە بەو جۆرەی ئەو پێی

وا بووە، بەڵکو سەردەمی ئاکاری کۆیلەکانە، چونکە ئاسانترین ڕێگا کە بۆ سەرداران دەستەبەری پاراستنی مافی تایبەت و سەردەستییان دەکات، ئەوەیە "ئاکاری کۆیلەکان" تەشەنە بستێنێت.
با ئێمە ئەو داوەرییە گشتییە بەسەر بڕێک ماوەی دیاریکراو لە مێژووی ئاکار بەو جۆرەی کە نیتچە سیماکانی دەستنیشان کردووە جێبەجێ بکەین، تا بزانین تا چ ڕادەیەک ئەو وێنەیە کە لە ئەنجامی ئەو جێبەجێکردنەدا دروست دەبێت لەو وێنەیە جیاوازە کە نیتچە بۆی نیگار کێشاوە.
لە ڕوانگەی نیتچەدا کۆمەڵی یۆنانیی کلاسیکی بەهاکانی سەرداران و ئاکاری مرۆڤە بەهێزەکان تیایدا باڵادەست بووە. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەدی چۆن ڕاڤەی ئەوە بکەین کە ئاراستەی ئاکاریی سەرەکیی لای سۆکرات و پلاتۆ و تا ڕادەیەک ئەریستۆیش، ئاراستەیەک بووە تیایدا واتاکانی خۆگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و بەرزڕاگرتنی بەها ڕۆحییەکان- بە واتا ڕووتە جوداکەی لە جیهانی ماتەریالی- لە سەروو پاشماوەی هەموو بەهاکانی ترەوە بووە؟ چۆن شرۆڤەی ئەو قسەیەی پلاتۆ (یان سۆکرات) بکەین کە دەڵێت: "جەستە، گۆڕستانی ڕۆحە"، هاوکات چۆن ڕاڤەی جەختکردنەوەی ئەریستۆ بکەین لەسەر ئەوەی دۆخی نموونەیی ژیانی مرۆڤ، دۆخی ڕامان و بیرکردنەوەی ئەقڵیی پەتییە؟ هەڵبەت ئەمە سیمایەکی بنەڕەتیی ئەو شتەیە کە نیتچە ناوی ئاکاری کۆیلەکانی لێ دەنێت. ئەو چۆن ئەو لێکدژییەمان بۆ چارەسەر دەکات؟ تاکە چارەسەر کە نیتچە دەستی پێ ڕا دەگات، ئەوەیە تەوژمی سۆکرات و پلاتۆ و ئەریستۆ کە تەوژمێکی سەرەکییە لەنێو هزری یۆنانییدا، بە ناوازەییەک کە لە سروشتی ڕۆحی یۆنانی دەترازێت، لە قەڵەم بدات. ئیتر بەم جۆرە نیتچە لە وابەستکردنی ئەم لایەنەدا بە یەکدی شکستخواردوو دەبێت:

بەهێزترین ئاراستەی هزریی لەنێو کۆمەڵی یۆنانی، لەگەڵ "ئاکاری سەرداران" کە نیتچە بە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ئەو کۆمەڵە تەماشای کردووە. ڕاڤەی ئەم شکستەش ئەوەیە نیتچە ڕوواڵەتی ئاکار وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێسا گشتییەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت کە پێشتر ڕوونمان کردەوە و کە ئەمەیە: "هەموو ئاکارێکی باڵادەست ئاکاری پێچەوانەی خۆی دروست دەکات، ئەو دەمە هەموو شتێک ڕیزبەند و ڕوون دەبێتەوە. چونکە ئاکاری ئەو فەیلەسووفانەش هەر دیسان ئاکاری سەردارانە، بەڵام پێچەوانەی خۆی دروست کردووە. چونکە ئەو بانگەشەیەی ئەوان بۆ خۆگرتنەوە لە خۆشیی دونیا و ڕقلێبوونەوە لە جەستە، پاساودانی سیستەمی کۆیلایەتی و هەوڵ بۆ سەلماندنی ئەوە لە ئارادا هەبووە کە سیستەمی کۆیلایەتی سیستەمێکە سەر بە "سروشتی شتەکان"ـە، ئەم بۆچوونەش لە ناوەڕۆکدا ئاکاری چینی باڵادەستی سوودمەندە لەو سیستەمە. سەرداران بەرگری لەو سیستەمە دەکەن کە کۆیلەیان بۆ خزمەتکاری بۆ دابین دەکات، بەڵام ئەوان، لەو سۆنگەیەوە کە سەردارن، ناشێت ڕاشکاوانە بووەستن و ببنە جاڕچی و جاڕی بەهاکانی گەورەیی و لووتبەرزیی و تایبەتمەندیی و بڕشت و مافی تایبەت بدەن، بەڵکو ئەوان ئاکاری خۆگرتنەوە لە خۆشیی دونیا پەخش دەکەن چونکە دەستەبەری داپۆشینی ڕیسوابوونی بنەڕەتیی مرۆڤ دەکات. ئەو ڕیسوابوونەی ئەوان خۆیان بەرگرییان لێ کردووە و بە تەنگ پاساودانییەوە هاتوون.

ئێستا با بچینە سەر قۆناغێکی تری مێژووی ئاکار، ئەو قۆناغەش قۆناغی ئاکاری جوویزم و مەسیحییەتە. نیتچە ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرکەوتنی ئاکاری کۆیەلەکان ناودێر دەکات، واتە ئاکاری سۆز و بەزەیی و میهرەبانی و بەرابەریی، کە مرۆڤە لاوازەکان بە هۆیەوە چڕنووکی مرۆڤە

بەهێزەکان دەکەن و دەقرتێنن. بەڵام ئایا ئەوە کتومت ئەو بەهایانە بوون کە لە کۆمەڵی سەدەکانی ناوەڕاستدا باڵادەست بوون؟ ئایا دەرەبەگەکان و پاپاکان و گەورەپیاوانی کڵێسا توندترین چەشنەکانی چەوساندنەوەیان بەرانبەر بە خەڵکی ڕەشۆک و گجە پایادە نەکرد و، خۆیشیان خاوەنی بڕشت و مافی تایبەت و باڵادەستی نەبوون؟ ئایا ئەوان، بە هەموو واتایەکی وشەی سەردار، "سەردار" نەبوون؟ ئایا، لەم دۆخەدا، ئاکاری کۆیلەکان تەنها پێچەوانەیەک نەبوو سەرداران دروستیان دەکرد تاکو باڵادەستیی خۆیان بپارێزن و بهێڵنەوە؟ خودی نیتچە خۆی لەو وەرچەرخانە لە بەهاکان وریامان دەکاتەوە، ئەو وەرچەرخانەی بە ئایینی جوویزم دەستی پێ کرد و لە ئایینی مەسیحییەتدا بەردەوام بوو و، وەرچەرخانێک بوو لە دژی ئەریستۆکراتیزمی بتپەرست. لەم وەرچەرخانەدا چوونیەکییەک لە واتا لە نێوان ئەم وشانەدا هاتە ئاراوە: دەوڵەمەند، بەهێز، خراپ، داوێنپیس، هەروەها چوونیەکییەکی تریش لە نێوان ئەم وشانەدا هاتە گۆڕێ: لاواز، باش، داوێنپاک. نیتچە ئەم وەرچەرخانە لە بەهاکاندا بەوە ڕاڤە دەکات سیمایەکە لە سیماکانی ئاکاری "کۆیلەکان"، بەڵام ئایا بە ڕاست کۆیلەکان لەم بەها نوێیانەدا خاوەنی بەرژەوەندیین؟ ئایا ئەو بەهایانە گوزارشت لە سەرکەوتنی ئەوان دەکات؟ هەڵبەت نیتچە ساویلکە بووە کاتێک کە بڕوای وا بووە. ئەگەر ئەو ڕووە و دیوی ناوەوەی ئەو دیاردەیە شۆڕ بوو بووایەتەوە، ئەو دەمە دەیبینی پرسەکە پێچەوانەی ئەو بڕوایەیە کە ئەو هەیەتی. چونکە کاتێک تۆ دەڵێیت: دەوڵەمەند و بەهێز، خراپ و داوێنپیسە، دەتەوێت خەڵک لە دەوڵەمەندیی دوور بخەیتەوە و، لەنێو ناخیاندا بێز و قێز بەرانبەر بە دەوڵەمەندیی پەخش بکەیت، تا لەنێو ناخیاندا چاوچنۆکیی ئەوە نەیانگرێت هەوڵی دەوڵەمەندبوون یان پەیداکردنی هێز بدەن، تا بە دەردی خۆیەوە

لێیبگەڕێن (هێندەی بەسە لە ئازار کە خراپ و داوێنپیسە، ئەشکەنجەی تاهەتایی لە دونیاکەی تر چاوەڕوانی دەکات)، بەم پێیە تۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پارێزگاریی لە دەوڵەمەند و بەهێز دەکەیت. کاتێکیش دەڵێیت هەژار و لاواز یەکسانە بە باش و داوێنپاک، مەبەستت ئەوەیە هەژاریی و لاوازیی دۆخێکی نموونەییە دەبێت پێی قایل بین و تەنانەت هەوڵی بۆ بدەین، ئیدی بەم هۆیەشەوە هانی هەژار دەدەیت بە هەژاریی بمێنێتەوە. ئایا کتومت ئەمە ئەو شتە نییە کە "سەرداران" دەیانەوێت؟ با ئێمە وێنەی قەشەی سەدەکانی ناوەڕاست بهێنینە پێش چاوی خۆمان کاتێک هانی خەڵک دەدات دەست لە خۆشییەکانی دونیا بگرنەوە و ئومێدی ژیانێکی تاهەتاییان پێ دەدات کە تیایدا دەبنە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی لەم ژیانەدا لێی بێبەش بوون ... ئەم قەشەیە، کە خودی خۆی بەهێز و دەسەڵاتدار و خاوەنی ژیانێکی خۆشگوزەرانە و لەسەر ڕەنجی کەسانی تر دەژی، ئاخۆ ئەو دەمە بە زمانی حاڵی سەرداران دەدوێت یان بە زمانی حاڵی کۆیلەکان؟ ئاخۆ هەروەها لەم دۆخەشدا سەرچاوەی هەڵەکە لەوەدا نییە کە ئەوە بەهای ڕووکەشی ئاکارە کە نیتچە وەریگرتووە و جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەو کەسانەی ئاکاریان دروست کردووە لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەم ئاکارە لەگەڵیان دەدوێت و ڕوویان لێ دەنێت؟
دوایین قۆناغ کە ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین، ئەو قۆناغەیە کە خودی نیتچە خۆی تیایدا دەژیا، مەبەستم لەو قۆناغەیش ناوەندەکانی سەدەی نۆزدەیە. ئەم قۆناغەش هەر دیسان، لە ڕوانگەی نیتچەدا، قۆناغی ئاکاری کۆیلەکانە و بەهاکانی بەزەیی و سۆز بەرانبەر بە ئەوانی تر و خۆشویستنی هاوسێ تیایدا باڵادەستە و مرۆڤی تاکی گۆشەگیری خاوەنی ڕۆحی سەربەخۆ هیچ شوێنێکی بۆ خۆی تێدا بەدی ناکات و نابینێت. بەڵام ئایا بە ڕاست سەدەی نۆزدە بەو شێوەیە بوو؟ ئایا

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەم قۆناغە سەرەتایەی سەردەمی پیشەسازیدا، لە سۆنگەی دوورکەوتنەوەی تەواوی لە هەموو مرۆڤایەتی و هاوسۆزییەکی نێوان مرۆڤەکانەوە، بە یاسای جەنگەڵ نەدەچوو؟ ڕاستە ئاکارێکی فەرمی- یان دیاردەیەک-ی هاوشێوەی ئەو شتە لە گۆڕێدا هەیە کە نیتچە بە ئاکاری کۆیلەکانی ناودێر دەکات، بەڵام ئایا قەوماوی ڕاستەقینە پتر لە دۆخی سەردارانەوە نزیک نەبوو بەو جۆرەی ئەو خودی خۆی دەستنیشانی کردووە؟

کەواتە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئاکار بەو جۆرەی بانگەشەی بۆ دەکات یان بەو چەشنەی بە ڕووکەش دەردەکەوێت، لەگەڵ ئاکار بەو شێوەیەی بە ڕاستی پیادە دەکرێت. وەک ئاشکراشە نیتچە کاتێک لەسەر ئەو بناغەیە باسی ئاکاری کردووە کە "دەستکردی مرۆڤە لاوازەکانە" لەم دۆخەدا مەبەست لە ئاکارە بەو شێوەیەی بە ڕووکەش دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک مارکس ئاکاری بەو جۆرە باس کردووە کە دەستکردی مرۆڤە بەهێزەکانە، تیشکی ڕووناکیی باسەکەی لەسەر ئاکار بووە بەو جۆرەی بە ڕاستی هەیە و پیادە دەکرێت، مەبەستم لەو ئاکارەیە کە مرۆڤە بەهێزەکان بە مەبەستی هۆشدارکردنەوە ئاراستەی مرۆڤە لاوازەکانی دەکەن، هەروەها بۆ ئەوە ئاراستەیان دەکەن تا مرۆڤە بەهێزەکان ئازاد بمێننەوە لە پیادەکردنی باڵادەستییان بەو شێوەیەی کە ئارەزوو دەکەن و پێیان خۆشە. لەسەر بناغەی ئەو بەراوردکارییەش، دەتوانین بە سانایی لەوە تێبگەین بۆچی بەها ئاکارییەکانی سەردەمێک گاهێک بەوە لە قەڵەم دەدران ئەو بەهایانەن مرۆڤە بەهێزەکان بەسەر مرۆڤە لاوازەکانیدا دەسەپێنن "ڕوانگە ڕاستەقینەکە"، گاهێکی تریش بەوە لە قەڵەم دەدران ئەو بەهایانەن مرۆڤە لاوازەکان بەسەر مرۆڤە بەهێزەکانیدا دەسەپێنن "ڕوانگە فەرمییەکە".

ئەم دژیەکییەی نێوان ئاکاری "فەرمی" و ئاکاری "ڕاستەقینە" لەنێو یەک کۆمەڵ و جڤاکدا، بە شێوەیەکی باو بەوە گوزارشتی لێ دەکرێت کە دژیەکییە لە نێوان "قەوماو" و "نموونەی باڵا" دا. تا ئەم دژیەکییەش بمێنێت ناشێت بگوترێت مرۆڤ بە ڕاستی بووەتە ئاکاریی. ئەم دژیەکییە گوزارشت لە دووڕوویی‌یەکی بنچینەیی دەکات کە تا ئێستا سیستەمە ئاکارییەکانی مرۆڤ لەکەدار دەکات و ئێمەش وا ڕاهاتووین وەک پێداویستییەکی بێ چەند و چوون تەماشای بکەین، بەڵام لەڕاستییدا بە هیچ کلۆجێک پێویست نییە. ئەی بۆچی قەوماو یاخود ڕاستی نموونەی باڵا نەبووە و بۆچی نموونەی باڵا قەوماو نەبووە؟ ئایا مانەوەی ئەم دژیەکییە مانای ئەوە ناگەیێنێت تێهەڵکێشییەک لە نێوان ئاکارێتی و نائاکارێتیدا هەیە، بە جۆرێک کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئاکار لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی ئاکارێتی لەنێو ناخی مرۆڤدا؟

مرۆڤ تەنها بەو ئەندازەیە بە ڕاستی دەبێتە هەبوویەکی ئاکاریی، کە باری توندیی دژیەکیی نێوان قەوماو و نموونەی باڵا ڕوو لە خاوبوونەوە بکات. ئاکاریش تەنها بە یەکانگیربوونی لە هەڵسوکەوتی کردەیی و توانەوەی لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کردەییەکاندا ئەوجا دەگاتە باڵاترین قۆناغەکانی خۆی. بە دەربڕینێکی تر، ئاکار بە ئاوێتەبوونی لە گشتێکی لە خۆی فراوانتردا کە بواری ڕەفتاری کردەییە لە هەموو شێوەکانیدا، ئینجا دەگاتە بڵندترین پایەکانی کامڵبوونی خۆی. ئەو دەمە ئاکار، بە هۆی ئەو توانەوەیەوە لە بواری کرداردا، ئەوپەڕی ئەو ژیانەی کە چاوی لە دوایەتی دەستەبەر دەکات.

بەڵام ئەوە قۆناغێکە ڕاڤەکردن لە ڕێگای پێشەکیی تیۆریی ئەو دوو بیرمەندەوە پەسەند ناکات کە بۆچوونەکانیانمان کردە تەوەر بۆ ئەم بابەتە. چونکە ئەگەر ئاکارێتیی باڵا، بەو جۆرەی

نیتچە بانگەشەی بۆ دەکات، بێتە دی و مرۆڤ بگاتە قۆناغی "سەروو مرۆڤ"، یان ئەگەر کۆمەڵ بگاتە ئەو قۆناغەی مارکس چاوی لە دوایەتی و کۆمەڵ بە ڕاستی ببێتە کۆمەڵێکی ناچینایەتی، ئەو دەمە چیی ترمان لە تواناداا نابێت تەنها ڕاڤەکردنی ئەو دۆخە باڵایە نەبێت بە هۆی چەمکەکانی هەریەک لەم دوو بیرمەندە خۆیانەوە. دواجار با ئەم وتارەمان بە پرسیارێک کۆتایی پێ بهێنین وەک چۆن بە پرسیارێک دەستمانپێکرد، با بپرسین: ئەگەر تایبەتمەندیی "باڵامرۆڤ" لای نیتچە بریتییە لە بڵندیی و باڵایی و نایابی، باڵامرۆڤ چۆن هەست بەم باڵاییەی خۆی دەکات کاتێک سەردەمی دێت و ئەو مرۆڤانە نامێنن کە باڵایی خۆی بەراورد دەکات پێیان؟

ئەگەر چینایەتیی کۆمەڵایەتییش لای مارکس سەرچاوەی هەموو بەهایەکی ئاکارییە، ئاکار لەسەر چ شتێک شان دادەدات کاتێک کە کۆمەڵ دەبێتە کۆمەڵێکی ناچینایەتی؟

**ژێدەر:**

**ژمارە ٣٨ی مانگی نیسانی ساڵی١٩٦٨ی گۆڤاری (الفکر المعاصر)**